# هەمیشە بەهار

عەلائەدین سەججادی

# هەمیشە بەهار

[کۆمەڵە چیرۆکێکە هەموو جۆرە گۆبەندێکی کوردەواری پێشان ئەدا. لە جەرگەی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوگەلەوە هاتۆتە دەرەوە کە پەردەکانی وەکو پەردەی دێوجامە وانە].

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەلائەدین سەججادی
هەمیشە بەهار
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٩٦
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨١ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

ژێنك:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9933-487-65-2

# عەلائوددین سەججادی:
# زانایەکی کلاسیك، پرۆژەیەکی فەرهەنگی

فەرهاد شاکەلی

## چەند سەرنجێکی بەرایی

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەسەر ژیان و کاری ڕەفیق حیلمی نووسیبووم، پرسیارێکم لەو بارەیەوە ورووژاندبوو کە ئایا حیلمی خاوەنی پرۆژەیەك بوو، چ فەرهەنگی یا سیاسی؟ وەرامدانەوەی پرسیارێکی لەو چەشنە لەبارەی عەلائوددین سەججادییەوە زۆر ئاسانترە، چونکە هەر لە سەرەتاکانی ژیانی فەرهەنگیی سەججادییەوە، هەست بە هەبوونی پرۆژەیەکی وەها دەکرێت، ئەگەرچی هێڵە بنەڕەتییەکانی ساڵانێك دواتر دەردەکەوتن.

لەناو ڕووناکبیرە گەورەکانی کوردی سەدەی بیستەمدا، عەلائوددین سەججادی لە زۆر ڕووەوە جیاواز و تاکانەیە. نەخشی سەججادی لە پێشخستن و گەشەپێدانی فەرهەنگی کورددا هێندە فرەلایەنە و پڕڕەنگە، کە دەبێ بە قووڵی لێی بکۆڵرێتەوە. ڕاستییەکەی، کە لە سەرەتاوە ئاوەڵناوی ڕووناکبیرم بۆ سەججادی بە کار هێناوە، هەست دەکەم ئەو وشەیە بە جۆرێك لە خوار پلە و پایەی ئەو مامۆستا گەورەیەوەیە. پێم وایە ئاوەڵناو، یا وشەی زانا باشتر دەتوانێت لەگەڵ شێوەی ژیان و کاری سەججادیدا بگونجێت. سەججادی زانا بوو، زانایەکی کلاسیك.

ئامانجێکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ژیان و بەرهەمەکانی سەججادی

بـە شێوەیـەك بـخـوێـنـێـتـەوە کـە تـێگـەیشتن لـە وردەکـاریـیـەکـانـی پرۆژە نەتەوایەتی و فەرهەنگییەکەی ئەو پیاوە ئاسانتر بێت بۆ خوێنەرێکی ئەمڕۆ. لەم خوێندنەوەیەدا تەنیا کارە سەرەکییەکانی بە سەر دەکرێنەوە، چونکە بیر و فەلسەفەی خۆی لەواندا بە ڕوونی داڕێشتووە و کردوونی بەو ڕووبـار و جـۆگـەلانـەی شەپـۆلـەکـانـی بیری دەگەیێننە خوێنـەرانـی. بـە شێوەیەکی تـایبـەتی کۆمەڵەچیرۆکی ″هـەمیشەبەهـار″ لـە ڕووی زمـانـەوانی و تەکنیك و ئێستێتیکەوە شی دەکرێتەوە، وەك نموونـەیەکی بـاڵای بەهرەی داهێنەرانەی سەججادی.

**سەججادی کێ بوو؟**

لە هیچ نووسینێك و لە هیچ بەرهـەمێکدا، سەججادی بـاسی پـاشخانی بـنـەمـاڵـەکـەی و ژیـان و خـوێـنـدن و پـێگـەیشتـنـی خـۆی نـاکـات. ئـەم خۆدەرنەخستنە بەشێکە لە فەرهەنگی نووسەران و زانایانی سەدەکانی ڕابـوردوو. شاعـیـر و نـووسەر و زانـایـانـی عـەرەب و تـورك و فـارسیش، لەبارەی ژیانی خۆیانەوە هەر وا کەمدوون و کەمنووسن. بەڵام لەپاڵ خۆنزمگری و بێفیزیدا، هۆیەکی دیکەیش هەیە کە سەججادی ڕووناکیی نەخستووەتە سەر ژیانی خۆی؛ ترسان لە قانوون و لە سزای دەوڵەتی عیراق. بەداخەوە ئێستایش، بیستوهەشت ساڵ دوای کۆچی سەججادی و بیست ساڵ دوای ئازادبوونی کوردستانی عیراق، دیسان، هێندەی من ئـاگـادار بم، هـیـچـی تـازە لـەبـارەی ژیـانـی سەججـادییـەوە نـەکـەوتـووەتـە بەرچاو.

لە چیرۆکی ″جەوهەراغا″دا لە یەك دوو جێگەدا باسی باوکی خۆی دەکات و بە ناویش، وەك ″نەجم″ ناوی دەهێنێت، بەڵام لەسەر زمانی کـەسانـی دیـکـەی نـاو تـێکستـەکـە (سەجـجـادی ١٩٦٠). لـە ″ڕشتـەی مرواری″یشدا هـەندێ ڕووداو دەگێڕێتەوە، کە خۆی ئاگاداریان بووە، یا

بەشداریی تێدا کردوون، بێ ئەوەی زانیارییەکی تازەمان لەبارەی ڕابوردوویەوە دەست بکەوێت. ئەو کە باسی دانیشتنێکی خۆی دەکات لەگەڵ پیرەمێردی شاعیردا لە سلێمانی، یا قسەیەکی مجێوری مزگەوتەکەی دەگێڕێتەوە، کە خۆی لێی بیستووە، یا لە کتێبی "شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق"دا ئەوەمان بۆ تۆمار دەکات کە چۆن بەشداریی کردووە لە بردنەوەی تەرمی شێخ مەحموودی حەفید و لە ناشتنەکەیدا، یا چاوی بە خوالێخۆشبوو مەلا موستەفای بارزانی (١٩٠٣–١٩٧٩) کەوتووە، شتێکمان لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بازنەی پێوەندییەکانیەوە پێ دەگەیێنێت، بەڵام دیسان قۆناغ و بڕگە گرنگەکانی ژیانی بە ناڕوونی دەمێننەوە.

عەلائوددین نەجموددین عوسامووددین سەججادی لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری سنەی ناوچەی ئەردەڵانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و سەر بە بنەماڵەی سەججادییە. بەپێی هەندێ زانیاری، کە ناتوانین زۆریش پشتیان پێ ببەستین، ساڵی ١٩٠٧ لە دایك بووە. هێشتا ڕواڵێك بووە کە ماڵ و کەسوکار و شارەکەی خۆی بە جێ هێشتووە و دەستی کردووە بە خوێندنی نەریتانەی مزگەوت. وا پێ دەچێت ئیتر لەوە بەدوا نەگەڕابێتەوە بۆ لایان. ئەم زانیارییە لەگەڵ ئەو دەنگوباسەدا کە سەججادی خۆی لە سەرەتای چیرۆکی جەوهەراغادا دەیگێڕێتەوە، یەك ناگرێتەوە. چیرۆکەکە لە سەرەتای هاوینی ١٩٤٩دا نووسراوە و وەها دەست پێ دەکات: "ئەبێ، هەژدە ساڵ ئەبێت. باوکم بۆی گێڕامەوە وتی..." (سپ:٦٠). ئێمە ئەگەر ئەم قسەیەی سەججادی وەك ڕاستینەیەك وەربگرین، دەبێ بڵێین کە تا ساڵانی (١٩٣٠–١٩٣١)یش پێوەندیی لەگەڵ باوکیدا هەبووە.

نەجموددینی سەججادی، باوکی مامۆستا عەلائوددین، لە سەرەتای ١٩٣٠یەکاندا چیرۆکی کوژرانی جەوهەر (یا جەعفەر) ئاغای شکاك بۆ عەلائوددینی کوڕی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "تافی کوڕێنیم بوو، تازە

خـەتم دابـوو، عـومـرم لـەو وەختـەدا حـەڤـدە هـەژدە ساڵان ئـەبـوو...". ئێمـە دەزانین جـەعـفـەراغـا ١٩٠٥ لـەسەر فـەرمـانـی حـوسەیـن قـولـیـخـانـی نیزامولسەڵتەنە، کە موزەففەرەددین شای قاجار ساڵی ١٩٠٥ کردی بە حوکمدار یا والیی ئازەربایجان، لە تەورێز (تەبریز) کوژراوە. تا ئێرەیش هەر دەکرێ جێی بڕوا بێت؛ نەجموددینی سەججادی ئەو ساڵە یا ساڵێ دواتـر ژنـی هـێنـابـێت و لـە ١٩٠٧دا عـەلائـوددیـنـی نۆبـەرەیـان لـە دایك بووبێت. بەڵام کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە مامۆستا سەججادی هەر خۆی لە دوابەشی ئەو چیرۆکەدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە ساڵی ١٩٣٧ لە زینوێی شێخی چاوی بە مەحمووئاغای یەکەپیاوی جەوهەراغا کەوتووە، کە خۆی یەکێك بووە لەو دوو کەسەی لە مردن ڕزگاریان بووە. سەججادی (٧٠:١٩٦٠) دەنووسێت: "لە ساڵی ١٩٣٧دا، لە زینوێی شێخی بووم... من ئـەو وەختـە هـێشتـا خـەتم نـەدابـوو، لـە دیـواخـانـی پـیـاوانـا بـە لالـووتـەوە ئەیانهێشت دانیشم...". بەپێی ئەو گێڕانەوەیە دەبێ سەججادی لەو کاتەدا ئەوپەڕەکەی ١٧–١٨ ساڵان بووبێت. من ئەو گێڕانەوەیە تا ڕادەیەك بە ڕاست دەزانم، چونکە پێم وایە سەججادی پیاوێکی هێندە ورد بوو کە ناکرێ، نە ساڵی ١٩٣٧ی لە خۆیەوە دانابێت و نە تەمەنی خۆی بە هەڵە لە بیر بێت. ئەگەر بمانەوێ لەم قسەیەوە ئەنجامێك هەڵێنجێنین جێی باوەڕ بێت، دەکرێ بڵێین، سەججادی ساڵانی ١٩١٧–١٩١٨–١٩١٩ لە دایك بووە.

ئـێمـە دەزانین لـە کـوردەواریـدا جـیـاوازیـی یـەك ساڵ و دوو ساڵ بـۆ دیاریکردنی تەمەنی کەسێك، زۆر ئاسایی و باوە. سەججادی لە بەرگی یەکەمی ڕشتەی مرواریدا (١٣:١٩٥٧) دەنووسێت: "لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠دا موزاحیم ئەمین پاچەچی، نائیب ڕەئیسولوزەرای عیراق بوو. من عـومـرم ٣٥ ساڵـێك ئـەبـوو..." ئـەمـەیش بـەڵـگـەیـەکـی دیکـەیـە کـە ساڵی لەدایکبوونی سەججادی ناکرێ ١٩٠٧ بووبێت، بەڵکە زۆر دواترە.

هەر لەسەر ئەم تیۆرییە (یا ئەم هیپۆتێزە) ڕەنگە بکرێ نەخشەیەکی ساڵانی دواتری ژیانی سەججادی بەم جۆرە بکێشرێت: ساڵی ١٩٣٩ چووەتە بەغدا و لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون، لە گەڕەکی مەیدان، بووە بە مەلا، لە بەهاری ١٩٤٠دا بووەتە بەڕێوەبەری گۆڤاری گەلاوێژ، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤١دا، لە لاپەڕەی ٩٧–٩٨ی ژمارە ٩–١٢ی گەلاوێژدا، بۆ یەکەم جار نووسینێك بە ناوی سەججادییەوە لە گۆڤارەکەدا دەبینرێت. بەڵام ئەمە تێکستێکی ئەدەبی نییە، بەڵکە (بۆ زانین)ێکە بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکە چۆن پارەی ئابوونە بنێرن و کە ناونیشانیان گۆڕا چی بکەن و ڕێنوێنیی دیکەی لەو بابەتە. لە سەرەتای ١٩٤٤دا یەکەمین تێکستی ئەدەبی، چیرۆکی کاڵای باڵای شا، لە ژمارەی شوباتی ١٩٤٤ی گەلاوێژدا بڵاو دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەمە بەرهەمی خۆی نییە، بەڵکە چیرۆکێکی بەناوبانگی هـ . ك. ئاندەرسنی دانمارکییە و سەججادی بە شێوەیەکی جوان کورداندوویەتی. نزیکەی دوو ساڵ و نیو لەوەو دوا، لە ژمارەی تەمموزی ١٩٤٦دا، یەکەمین چیرۆکی بەرهەمی خۆی، ڕۆنەزەنگی حەمەسەن، بڵاو دەکاتەوە. ژیانی دواتری سەججادی ڕوونتر و بەرچاوترە، چونکە سەججادی دەبێتە کەسێکی ناودار و نووسەر و ڕووناکبیرێکی ناسراوی کوردەواری.

من کە هێندە دەچمە بنجوبناوانی باسەکەوە و لێی ورد دەبمەوە، بە ڕاستی هیچ مەبەستم ئەوە نییە ڕاستییەکی مێژوویی بچەسپێنم یا ژیننامەیەك بۆ مامۆستا سەججادی پێکەوە بنێم، بەڵام بە لامەوە سەرنجڕاکێشە، یا گرنگە، ئەوە پیشان بدەم کە بواری لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و بەڵگەکاری لە فەرهەنگی کورددا چەندە کۆڵەوار و پاشکەوتووە، تا ئەو ڕادەیەی کە لەبارەی ژیانی نووسەرێکی گەورەی وەك سەججادییەوە زانیارییەکی دامەزراوی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نییە پشتی پێ ببەستین. سەججادی کەسێك نییە چەند سەدەیەك پێش ئێستا

ژیابێت و تۆز و گەردی ساڵان چیرۆکی ژیانی داپۆشیبێت. بەشێکی زۆری نووسەر و ڕووناکبیرانی ئەمڕۆی کوردستان یا سەجادییان ڕاستەوخۆ ناسیوە، یا لە سەردەمی ویدا ژیاون و زۆریان لەبارەیەوە بیستووە و بەرهەمەکانی ئەویان خوێندوونەوە.

ئەم ناڕوونییە لەبارەی ژیانی سەجادییەوە، وەك وتم، پێوەستە بە پاشخانی بنەماڵەکەی و ٢٠-٢٥ ساڵی سەرەتای ژیانیەوە، ئەگەرنا لەو کاتەوە کە دەبێتە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری گەلاوێژ، یا کە دواتر نیومانگنامەی "نزار" بڵاو دەکاتەوە، سەجادی یەکێکە لە پیاوە ڕووناکبیر و ناسراوەکانی کورد لە بەغدا و لە ژیانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و تا ڕادەیەکیش سیاسیدا بەشدارییەکی چالاکانە دەکات. لە سەرەتای ١٩٥٠کانیشەوە سەجادی جۆرێکی دیکەی ژیان بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت؛ ژیانی زانایەکی پڕکار و بەرهەمدار. ئەمە سەرەتای ئەو قۆناغەیە کە سەجادی خۆی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەند و پڕڕەنگ تەرخان دەکات. هەر دەڵێی ویستوویەتی دەیەی ١٩٤٠ەکان بکاتە قۆناغی تاقیکردنەوەی توانستی خۆی و ئامادەکاری بۆ پرۆژەکەی.

### سەجادیی ڕۆژنامەگەر

وا پێ دەچێت پێوەندیی سەجادی بە ڕۆژنامەگەرییەوە هەر بە ڕێکەوت بووبێت. ئەو لە مزگەوتەکانی کوردستاندا خوێندبووی و خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو ببێتە مەلا. بەڵام زۆر ئاشکرایە هەر لە تەمەنی لاوێنیدا کەسێکی وریا و چاوکراوە و بەرزویست بووە و هەر زوویش هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەدۆستیی لا دروست بووە و گەشەی کردووە. ئیبراهیم ئەحمەد: بلە (١٩١٤-٢٠٠١) لە پێشەکیی چاپی دووەمی گۆڤاری گەلاوێژدا (ئەحمەد ٢٠٠٧: ١٠-١١) دەیگێڕێتەوە کە چۆن لە

سەرەتای ١٩٤٠دا پێوەندیی بە سەججادییەوە کردووە و ئەرکی چاپ و هەڵەگری و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری گەلاوێژی بەو سپاردووە. بەپێی قسەکانی مامۆستا برایم دەبێ سەجادی لەبەهاری ١٩٤٠ەوە و تا داخستنی گۆڤارەکە، لە پاییزی ١٩٤٩دا، هەموو کارەکانی گۆڤارەکەی ڕاپەڕاندبێت. مامۆستا برایم لەو نووسینەدا ئەوەیش باس دەکات کە سەجادی هەر لە دوو سێ ساڵی یەکەمی کارکردنیدا (١٩٤٠–١٩٤٤) "... هەتا ئەهات لە کوردی نووسیندا بۆ پێشەوە ئەچوو، بەو ئەندازەیەی کە بتوانێ لەم ڕووەشەوە کەلێنێکم بۆ پڕ کاتەوە..." (سپ: ١٦). ئەم گەواهییەی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ ئەو ئەنجامگرییەدا کە لە سەرەوە باسم کرد ڕێك یەك دەگرێتەوە.

سەجادی لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ئەزموونێکی گەورە و دەوڵەمەند، لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییشدا پەیدا دەکات و وەك ڕووناکبیرێك نەخشێکی چالاکانەی گرنگی هەبووە، چ لەناو کۆمەڵی کوردی بەغدادا و چ لە کوردستان. ئەندامی "یانەی سەرکەوتنی کوردان" بووە و پێوەندییەکی بتەوی لەگەڵ ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار و ناسراوانی کورد و ناکوردیشدا هەبووە.

وا دیارە سەجادی لەو ساڵانەدا بڕوایەکی ئەوتۆی بە کاری سیاسی نەبووبێت، بەو مەعنایەی کە وەك کوردێك و وەك ڕووناکبیرێك، هێندەی من خوێندبێتمەوە و بیستبێتم، نەبووەتە ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی یا کوردستانی. ئەگەرنا لە ماوەی ئەو ساڵانەدا دوو ڕێکخراوی گرنگ لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا چالاك بوون و بەشێکی زۆری ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە لە ڕیزەکانیاندا ئەندام بوون: حیزبی هیوا و پارتیی دێموکراتی کورد(ستان). هەر لەو دە ساڵەدا کە بەڕێوەبەری گەلاوێژ بوو، هاوڕێ و هاوکارێکی زۆر نزیکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو، کە تا ساڵی ١٩٤٦ بەرپرسی لقی (ژێکاف) و بە دوویدا لقی حیزبی

دێموکراتی کوردستان بوو لە کوردستانی عیراق و دواتریش سەکرەتێری پارتی دێموکراتی کوردستان بوو. هەروەها ئەوەیش دەزانین کە دۆستایەتی و ئاشنایەتییەکی گەرمی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە، کەچی هەرگیز نەبوو بە ئەندامێکی حیزبی. بەڵام لە دواساڵەکانی ١٩٤٠ەکاندا سەججادی هەنگاوێکی هەڵهێنا کە بە شێوە و بە ناوەڕۆك سیاسی و پێشەنگانە بوو. لە سەرەتای نیسانی ١٩٤٨دا دووهەفتانەی (نزار)ی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردەوە. دیارە هاوکات لەسەر بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (گەلاوێژ)یش هەر بەردەوام بوو. نزار سەکۆیەك بوو بۆ پێشکەشکردنی داخوازییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد و بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵی کورد لەو سەردەمەدا کە بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان، زمانێکی سیاسیی تازە بە کار ببەن و ڕاستەوخۆ ڕوو بکەنە دەستەڵاتدارانی عیراق و کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز.

نزار لە ماوەی یەك ساڵی ژیانیدا بیستودوو ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە. یەکێك لە ئامانجەکانی سەججادی پێشکەشکردنی ئەدەب و فەرهەنگی کورد بووە بە خوێنەری عەرەب یا ئەو کوردانەی نەیاندەتوانی بە کوردی بخوێننەوە. لەپاڵ ئەو ئەرکەدا، سەججادی چەند بیر و داوایەکی گرنگ و ژیرانەی خستووەتە بەردەم دەستەڵاتدارانی عیراق: خوێندنی مێژووی کورد لە سیستەمی پەروەردەی عیراقدا، دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد و دامەزراندنی بەشێك بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغدادا. لە بواری بیری سیاسیدا سەججادی وەك کەسێکی دێموکرات هەمیشە بەرگریی کردووە لە تێکۆشەرانی کورد و عەرەب و لە خەباتیان دژی دەستەڵاتدارانی عیراق و کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز و دەنگێکی بەهێز بووە بۆ پشتگریی ماف و ئازادیی دەربڕین.

ئەزموونی سەججادی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ئەزموونێکی سنووردار، بەڵام گەش و دەوڵەمەند و پێشەنگانەیە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٠ەوە تا

کۆتـایـیـی ١٩٤٩ وەك ڕۆژنـامـەوانـێکی چـالاك و هـۆشیـار و وردبین نـەخشێکـی گـرنگ و بـەرچـاوی هـەبـووە. لـە مـاوەی دە ساڵـدا گـۆڤـاری گەلاوێژی بڵاو کردووەتەوە و لە ماوەی یەك ساڵیشدا دووهەفتەنامەی نـزار. دەستـەڵاتـدارانـی عـیـراق و کـۆڵـۆنـیـالـیستـانـی ئـینـگـلـیز لـە ١٤-٨-١٩٤٩دا بـڕیـاری داخستـنـی ٢٣٧ گۆڤـار و ڕۆژنـامـەی عیراقـی دەردەکەن، گەلاوێژ و نزاریش لەناویاندا بوون (ئەحمەد ٢٠٠٧: ٢٢). ئیتر دوای بـڕانـەوەی ئـەم ئـەزمـوونـە، سەجـجـادی جـارێکـی دیکـە لە کـاری ڕۆژنـامـەگـەری نـزیك نـابـێتـەوە و شێوەیـەکـی دیکـەی ژیـان و کـاری فەرهەنگی و زانستی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. ڕاستییەکەی ئێمە دەتوانین بڵێین دەیەی ١٩٤٠ەکان بۆ سەججادی، دەیەی وردبوونەوە و ئازمایش بوو، بەڵام لە سەرەتای دەیەی ١٩٥٠کاندا دەست دەکاتە ئەنجامدانی ئەو پرۆژە فەرهەنگی و شارستانەتییەی کە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد.

### سەججادیی چیرۆکنووس

بەرهەمە زانستی و فەرهەنگی و زمانەوانییەکانی سەججادی هێندە فراوان و بەنرخن، کە زۆر بە دەگمەن وەك چیرۆکنووسێك ناوی دەهێنرێت. ڕەنگە هۆیەکی دیکەیش ئەوە بێت کە سەججادی هەمووی چوار پێنج کورتەچیرۆکی بۆ گەورەسالان و شەش چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیون. هەموو ئەمانەیشی لە ماوەی سێ ساڵدا، لەو سەردەمەدا کە بەڕێوەبەر و سەرپـەرشتـیـاری گـۆڤـاری گـەلاوێژ بـوو، نـووسیـوە. تـەنـیـا یـەکـێك لـە چـیـرۆکـەکـان پـێشتـر، دوو ساڵ پـێش ئـەوانـی دیکـە، نووسراوە. ئـەویش تـەرجـەمـەیـە، نـەك بـەرهـەمـی خـۆی. هـەمـوو چـیرۆکـەکـانیشی هـەر لـەو گۆڤارەدا بڵاو کردنەوە و دواتر، ساڵی ١٩٦٠، لە کتێبێکدا کۆی کردنەوە، ناوی (هەمیشەبەهار) بوو.

چلەکانی سەدەی ڕابوردوو، بەڕاستی، ئەو دەیەیە بوو کە کورتەچیرۆکی کوردی تێیدا گەشەی کرد و چەسپا و بوو بە کۆڵەکەیەکی بتەوی ئەدەبیاتی کوردی. ڕاستە نەوەی چیرۆکنووسانی چلەکان، نەوەی دووەمی کورتەچیرۆکی کوردی بوو، بەڵام بەرهەمی نووسەرانی نەوەی یەکەم ئەوەی پێوە دیارە کە ئەوان ئەزموونێکیان نییە و شارەزای کورتەچیرۆکی بێگانەیش نین. دوو تێکستی گرنگی نووسەرانی نەوەی یەکەم "لە خەوما"ی جەمیل سائیب (١٨٨٧–١٩٥١) و "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٧–١٩٣٥) لە لایەکەوە بە ناتەواوی مابوونەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە، هێندەی لە ڕۆمانەوە نزیکن، ئەوەندەیش لەوەوە دوورن بە کورتەچیرۆکیان دابنێین. تێکستەکانی پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) و جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣–١٩٥١) چوارچێوەی ئەدەبین بۆ وروژاندنی سیاسی.

گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩–١٩٤٩) و هاوار (١٩٣٢–١٩٤٣) لە پێشخستن و گەشەپێدانی کورتەچیرۆکی کوردیدا نەخشێکی نایابیان بینی. سەرنووسەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری گەلاوێژ، ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائوددین سەججادی، خۆیان دوو چیرۆکنووسی دیار و توانا بوون. چیرۆکنووسی سێیەمیش شاکر فەتتاح (١٩١٤–١٩٨٨) بوو کە هەموو چیرۆکەکانی ئەو ساڵانەی لە گەلاوێژدا بڵاو دەکردنەوە. چیرۆکنووسە دیارەکانی گۆڤاری هاوار قەدریجان (١٩١٦–١٩٧٢)، عوسمان سەبری (١٩٠٥–١٩٩٣) و نوورەددین زازا (١٩١٩–١٩٨٨) بوون.

گەلاوێژ لەو ڕووەوە زۆر هۆشیارانە و بە بەرنامەیەکی بەرزویستانەوە تێدەکۆشا. بەڕێوەبەرانی گەلاوێژ لەپاڵ هاندانی نووسەرانی کورددا کە چیرۆك بنووسن، پێیان وا بوو باشترین ڕێگا بۆ برەوپێدانی هونەری کورتەچیرۆك ئەوەیە تێکست لە زمانانی دیکەوە بکەنە کوردی بۆ ئەوەی ببنە نموونە بۆ نووسەرانی کورد. وەك بەشێك لەو نەخشەیە مامۆستا

گۆران (١٩٠٤–١٩٦٢) نۆ کورتەچیرۆکی لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە کردنە کوردی و لە گەلاوێژدا بڵاوی کردنەوە. دواتریش، ساڵی ١٩٥٣، هەر مامۆستا سەججادی ئەو چیرۆکانەی وەك ئانتۆلۆگییەك بە ناوی "هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانە" بڵاو کردەوە. لە کۆی ١٠٥ ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ، ١١٤ کورتەچیرۆکیان تێدا بڵاو کراونەوە، لەمانە ٨٢ چیرۆکیان لە زمانانی دیکەوە تەرجەمە کراون و ٣٢ چیرۆکەکەی تریش بەرهەمی نووسەرانی کورد خۆیانن (Shakely 2011: 18).

لە رووی ناوەڕۆکەوە، بەرهەمی هەرسێ چیرۆکنووسی ناوداری چلەکانی کوردستانی عیراق، بلە و فەتتاح و سەججادی، زۆر لە یەکەوە نزیکن. خەباتی ئەو سەردەمەی گەلی کورد و گەلانی دیکەی عیراق دژی رێژیمی پاشایەتی و کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز لە گەرمەیدا بوو. گەندەڵی بە شێوەیەکی یەکجار فراوان لە سیستێمی کارگێڕی و دەستگاکانی دەوڵەتی عیراقدا تەشەنەی کردبوو. لە کۆمەڵی کوردەواریدا رێکخستنی کۆمەلایەتی لەسەر بنەمای خێلایەتی بووبووە هۆی چەسپاندنی کۆمەڵێك نەریتی کۆنی وا کە رزگاربوون لێیان ئاسان نەبوو، بەڵکە خەباتێکی سیاسی و فەرهەنگی و شارستانەتیی فراوان و دوورودرێژی دەویست.

نزیکبوونەوەی ئەو سێ چیرۆکنووسە لە کێشە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئەو سەردەمە بە نیازی پێشاندان و چارەسەرکردنیان، زۆر پێوەستی شێوەی جیهانبینیی سیاسی و فەرهەنگی و هونەرییانە. ئێمە دەتوانین هەر وا بە کورتی هەڵوێستی هەرسێ نووسەر بەم جۆرە روون بکەینەوە:

ئەلف: ئیبراهیم ئەحمەد وەك رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ دەڕوانێتە مەسەلەکان. کێشەکان بە وردی دەستنیشان دەکات و چارەسەریش، زۆرجار، بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەخاتە بەردەستی خوێنەر. ئەو

سەرچاوەی هەموو کێشە و گەندەڵییەکان دەباتەوە سەر سیستێمی سیاسیی وڵاتەکە و پێی وایە دەبێ ئەو سیستێمە هەڵوەشێنرێتەوە و لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێت. بلە بە زمانێکی جوان، بەڵام ئاسان و سادە، دەنووسێت. تۆ کە چیرۆکەکانی دەخوێنیتەوە، یەکسەر هەست دەکەیت نووسەر شارەزای لادێ و ژیانی جووتیار و لادێنشینان نییە، بە چاوی کەسێکی شارنشین تەماشای شتەکان دەکات. هەستێکی مرۆڤانەی قووڵی هەیە و ناکۆکیی چینایەتی بە وردی دەبینێت و لایەنگری هەژار و چەوساوە و بێدەستەڵاتانە.

بێ: شاکر فەتتاح زۆرتر لەو کێشە و دەردانە ورد دەبێتەوە کە پێوەستی نەریتە کۆنباوەکانی کۆمەڵگەن. کەمتر لە کێشە سیاسییەکان نزیک دەبێتەوە. بۆ دیاریکردنی چارەسەر، فەتتاح ناچێتە بنجوبناوانی ئالۆزییەکان. شارەزای ژیانی لادێ و جووتیاران نییە. ئەو پێی وایە بە گۆڕینی کارمەندێکی خراپ و بەرتیلخۆر و گواستنەوەی لەو شوێنە و هێنان و دانانی کارمەندێکی دەستپاك لە جێگەکەی ئیتر کێشەکە چار دەکرێت. زمانە کوردییەکەی باش نییە و بایەخ بە جوانیی زمان نادات. هەستێکی قووڵی مرۆڤانەی هەیە و لایەنگری هەژارانە.

پێ: بە پێچەوانەی بلە و فەتتاحەوە، سەججادی یەکجار زۆر شارەزای ژیانی لادێ و جووتیاران و تەنانەت سیستێم و ژیانی خێڵە کۆچەرەکانە. زۆر بە وردی ناکۆکییەکان دەبینێت و دەیانخاتە بەرچاوی خوێنەر. بە قووڵی دەڕوانێتە کێشەکان و ڕەگوڕیشەیان هەڵدەداتەوە. سەججادی چارەسەر، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دیاری ناکات. بەشێکی زۆری دۆزینەوەی چارەسەر بۆ وردبینی و ژیریی خوێنەر بە جێ دەهێڵێت، بەڵام کێشەکان بە جۆرێك ڕادەنێت، کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی خوێنەر بگاتە ئەنجامگرییەکی ڕاست. ئەمیش ناکۆکیی چینایەتی بە ڕوونی دەبینێت و لایەنگری هەژار و ستەمدیتووانە. نرخ و نەخشێکی بەرچاو

دەداتە ژن. گەشترین لایەنی چیرۆکەکانی سەججادی زمانە کوردییەکەیەتی. ئەو زمانێکی یەکجار جوان و بەرز و هونەرمەندانە بە کار دەبات. زۆر بە وردی ئاگاداری لایەنی ئێستێتیکیی وشە و ڕستە و دەربڕینەکانە.

**سەججادیی نووسەر و زانا**

دوای بڕانەوەی دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابوردوو، وا پێ دەچێت سەججادی گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کە ئەو دەتوانێت و دەبێت بە شێوەیەکی دیکە بۆ پێشخستنی نەتەوەکەی و بۆ گەشەپێدانی نیشتمانپەروەری کار بکات. تۆوی ئەم بیرە پێشتریش لە دەروونی سەججادیی لاودا هەبووە. ئەو هێشتا لە تەمەنی هەژدە نۆزدە ساڵاندا بووە، کاتێك بیستوویەتی یەکێك لە هاوڕێ چەکدارەکانی جەعفەر (جەوهەر) ئاغای شکاك لە زینویێ شێخییە، چووە بۆ لای و بە پەرۆشەوە پرسیاری ئەو ڕووداوە مێژووییەی لێ کردووە و زانیارییەکانی لای خۆی تۆمار کردوون و لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا کە پێشتر لە باوکی خۆی، نەجمووددین سەججادی، بیستبوونی، بەراوردی کردوون. ئەمە ئەو کونجکۆڵی و ئەو تۆوەیە کە پاشتر بوو بە سەججادیی کوردیزان و نووسەری مێژووی ئەدەبی و سیاسیی کورد و لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و پێشاندەری جوانی و ڕەوانبێژی و وردەکارییەکانی زمانی کوردی.

لەو سەردەمەدا کە هێشتا فەقێ بووە و دواتریش وەك مەلایەك و وەك نووسەر و زانایەك، زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە و لەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆر تێکەڵاوی و ئاشنایەتی و دۆستایەتیی پەیدا کردووە. سەججادی بەم گەڕان و تێکەڵاوبوونەی بناغەیەکی بتەوی بۆ کەسایەتیی زانستیی خۆی داناوە. ئەو شارەزایی و ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ بەشی

هەرە زۆری کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئایینییەکانی کوردستاندا دامەزراندووە، لە ڕایەڵ و ستروکتووری کۆمەڵی کوردەواری ورد بووەتەوە و هەوڵی شیکردنەوەی داوە، گوێی گرتووە لە وشە و دەربڕین و شێوەزمانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هەوڵی فێربوونیانی داوە، قسە و پەند و بەسەرهات و ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی بیستووە و تۆماری کردوون و پاراستوونی. بەڵام، من پێم وایە، لە هەموو ئەمانەیش گرنگتر ئەوەیە کە سەججادی زۆر هۆشیارانە چووەتە ناو دڵ و دەروونی مرۆڤی کورد و پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەوە.

ئەگەر سەججادی لە ڕێگەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هاوپرسەکیی زانستییەوە ئەو گەنجینە گەورەیە لەبارەی ئەدەب و زمانی کوردییەوە فێر بووبێت، کە دواتر لە "مێژووی ئەدەبی کوردی" و بەرهەمە زانستییەکانی دیکەیدا پێشکەشی کردوون، ئەوا، بێگومان، هەموو شارەزایی و زانیاری و شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی خۆی لەبارەی کوردەوارییەوە لە "ڕشتەی مرواری" و "هەمیشەبەهار"دا خستووەتە بەر دەست و بەر چاوی خوێنەری کورد. بەڕاستی ڕشتەی مرواری، تا ڕادەیەکیش هەمیشەبەهار، ئەو ئینسیکلۆپێدیا گەورە و بەنرخ و زانستی و قووڵەیە، کە هەر کەسێك بیەوێ کۆمەڵی کورد و بیر و فەلسەفەی مرۆڤی کورد و شارستانەتیی نەتەوەی کورد بناسێت، دەبێ بیخوێنێتەوە. من لە هەموو مێژووی کتێبی کوردیدا تەنیا سێ چوار شاکار دەبینم کە بکرێ لەو ڕووەوە لەگەڵ ڕشتەی مواریدا بەراورد بکرێن: "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣–١٦٠٤)، "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی (١٦٥١–١٧٠٧) و "عادات و ڕوسووماتنامەی ئەکرادیە"ی مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩–١٨٦٧). ئەگەرچی ئەم شاکارانە لە ڕووی ناوەڕۆك و ژانر و ئامانجەوە لە یەکدی جیاوازن.

لە ماوەی دە ساڵدا، ١٩٤٠–١٩٤٩، سەججادی هەموو توانست و بەهرە

و وزەیەکی خۆی تەرخان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی گەلاوێژ و دواتریش نزار. بە تەنیشت ئەوانەیشەوە کورتەچیرۆکی نووسیوە، بەشداریی کردووە لە چالاکیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و نیوچەسیاسیدا، بۆ نموونە ئەندامەتیی یانەی سەرکەوتنی کوردان و سەرپەرشتیی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی چەند نووسەرێکی کردووە و هەندێ ئانتۆلۆگیی بڵاو کردوونەوە. من وای بۆ دەچم، دوای ئەم ئەزموونە جۆراوجۆرانە گەیشتبێتە باوەڕێکی وەها کە نە ڕۆژنامەگەری و نە نووسینی کورتەچیرۆك و نە ئەندامەتی و چالاکیی کۆمەڵەی فەرهەنگی و سیاسی ئەو کارانە نین کە ئەم ژیانی خۆی بۆیان تەرخان بکات. ئەو پێی وا بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵی دواکەوتووی ئەو سەردەمەی کوردستان هۆشیار بکرێتەوە و تۆوی نیشتمانپەروەری و نەتەوەدۆستیی تێدا بچێنرێت، دەبێ پێشەنگ و خوێنەوار و ڕووناکبیرەکانی ئامادە بکرێن و باوەڕێکی بتەویان لا دروست بکرێت کە کورد، وەك نەتەوەیەك، خاوەنی زمان، فەرهەنگ، جوگرافیا، مێژوو، ئەدەبییات و شارستانەتیی خۆیەتی. دەبێ مرۆڤی کورد خۆی بناسێت. دەبێ ڕووناکیی زانست و زانیاری بگاتە نەتەوەکەی، دەبێ بەری عەقڵ و ئاوەز و حیکمەت و فەلسەفەی مرۆڤایەتی لەناویاندا بڵاو بکرێتەوە. ئەمە ئەو پرۆژە فەرهەنگی و ڕۆشنگەرییە بوو کە سەججادی دەیویست ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات، ئەگەرچی زۆر چاك ئەوەیشی دەزانی کە پرۆژەیەکی وەها کاری یەك کەس نییە. بەڵام لە نەبوونی دەستگا و دامەزراوی زانستیی کوردیدا نەیدەویست دەستەپاچە ببێت و چاوەڕوان بێت. دەبوو کاری خۆی بکات و پرۆژەکەی خۆی، هەنگاو بە هەنگاو، بباتە پێشەوە. کاتێکیش، ساڵانێك دواتر، کورد بوو بە خاوەنی کۆمەڵێ دەستگای زانستی و فەرهەنگی و زمانەوانی، بۆ نموونە بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا و کۆڕی زانیاریی کورد، سەججادی هەموو وزە و بەهرە و توانستی خۆی خستە خزمەتی ئەو دەستگایانەوە.

لە سەرەتای دەیەی پەنجاکانەوە سەججادی وەك زانایەك ژیا، زانایەکی کلاسیك کە دەیویست بناغەیەکی بتەوی زانستی بۆ نەتەوەکەی دابڕێژێت. ئەم جۆرە ژیانە لەگەڵ خەباتی پڕ گۆڕان و هەڵدێر و هەوراز و نشێوی سیاسیدا نەدەگونجا، لەبەر ئەوە سەججادی لە سیاسەت و لە خەباتی سیاسی دوورەپەرێز وەستا. بۆ ئەو کوردایەتی ئەو کارە زانستییە بوو کە دەیکرد و خۆی بۆ تەرخان کردبوو. هەروەهایش ژیانی زانایەك لەگەڵ ژیانی شاعیر، ڕۆژنامەوان یا چیرۆکنووسێك جیاوازە، بۆیە سەججادی هەم دوور بوو لە ڕووناکیی خۆدەرخستنەوە، هەمیش خۆی بە نووسینی کورتخایێنی ڕۆژانەوە خەریك نەکرد.

### سێ شاکار و شاکارێك

لە ماوەی سێ دەیە و نیودا، لەو کاتەوە کە خۆی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە فەرهەنگییەکەی تەرخان کرد و تا ئەو ڕۆژەی کۆچی کرد، سەججادی کۆمەڵێك کتێبی گرنگ و بەنرخی نووسی و بڵاو کردەوە. لەم بەرهەمانە پێم وایە تەنیا یەکێکیان، هەمیشەبەهار، کە لە دوانزدە کورتەچیرۆك پێك هاتووە، هەر پێشتر لە دەیەی چلەکاندا، هەمووی نووسراوە و ئامادە بووە بۆ چاپ، ئەگەرچی بڵاوکردنەوەکەی بە شێوەی کتێب تا سەرەتای شەستەکان دوا کەوت. کتێبەکانی دیکە، بەشی هەرە زۆریان بەرهەمی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی درێژخایێنی زانستین. هەندێ لەو کتێبانەی سەججادی تا ئەو ڕادەیە بایەخدارن کە بوون بە سەرچاوەی زانستیی دەوڵەمەند و بنەڕەتی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بواری بابەتەکانی سەر بە کوردناسیدا، تەنانەت بۆ ئەمڕۆیش.

لەم نووسینەدا، من تەنیا لە لای سێ شاکار و شاکارێکی سەججادیدا ڕادەوەستم، کە پێم وایە نموونەی هەرە بەرز و بایەخداری بەرهەمەکانی ئەون. بەرهەمەکانی سەججادی زۆرن و دەکرێ هەر یەکێکیان بە جیا

لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵام پێم وایە ئەم چوارەیان کرۆك و گەوهەری پرۆژە فەرهەنگی و شارستانەتییەکەی سەججادین.

ڕەنگە جێی پرسیار بێت، بۆچی دەنووسم سێ شاکار و شاکارێك و بۆچی ڕێکوڕەوان نانووسم چوار شاکار؟ وەرامەکە، تا ڕادەیەك، پێوەستی ناوەڕۆك و شێوەی داڕێشتنی بەرهەمەکانە، بۆیە پێم باشە لە یەکدییان جیا بکەمەوە. سێ بەرهەمی یەکەم، واتە مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕشتەی مرواری و شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، ئەنجام و بەرهەمی کارکردنێکی قووڵ و درێژخایێنن و نووسەر بەپێی نەخشەیەکی دووربینانە کاری تێدا کردوون و خەریکی تۆژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری و خەریکی خوێندنەوەی دەیان و سەدان سەرچاوە بووە تا نووسیونی و ئامادەی کردوون. کتێبی یەکەم مێژوویەکی ئەدەبییە و سێیەمیش مێژوویەکی سیاسیی نەتەوەی کوردە. بۆ ئامادەکردنی ئەو دووە، سەججادی سالانی دوورودرێژ پێویستی بە لێکۆڵینەوە بووە و سوودی لە سەدان سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی و لەوەیە زمانی دیکەیش وەرگرتبێت. هەروەها پەنای بردووەتە بەر سەدان دەستنووس و چاوی بە دەیان کەسایەتیی جیاوازی فەرهەنگی و سیاسی کەوتووە. ڕشتەی مرواری لێکۆڵینەوە نییە، بەڵام ئەویش بەرهەمی کارێکی پشوودرێژانەیە و بەپێی نەخشەیەکی درێژخایێن ئامادە کراوە.

هەمیشەبەهار لەوانی تر جیاوازە. ئەمە ئەدەبێکی داهێنراو یا داهێنەرانەیە، نووسەر نەچووە بە سالان خەریکی تویژینەوە بێت، بۆ ئەوەی کورتەچیرۆکیك بنووسێت، بەڵکە لە ماوەیەکی کورتدا، کاتێ ئیلهامێکی بۆ هاتووە، دانیشتووە و چیرۆکەکەی نووسیوە. لە ڕووی قەبارەیشەوە دیسان جیاوازن؛ لە کاتێکدا مێژووی ئەدەبی کوردی نزیکەی حەوتسەد لاپەڕەیە، شۆڕشەکانی کورد ٣٦٤ لاپەڕەیە و سەرجەمی هەشت بەرگەکەی ڕشتەی مرواری دەگاتە ١٥٣٠ لاپەڕە، هەمیشەبەهار لە ١١٢

لاپـەڕە پێك هـاتـووە. لـەگـەڵ ئـەوەیشدا هـەمیشـەبـەهـار، بـەپێی چێژی مـن، یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبی کوردی.

لایەنێکی یەکجار ورشەداری هەمیشەبەهار ئەو زمانە کوردییە جوان و پـاراو و بـەرز و هـونـەرمـەنـدانـەیـەیـە کـە نـووسـەر بـە کـاری هـێنـاوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە ڕاستیدا هەمیشەبەهار یەکەمین بەرهەم و یەکەمین کتێبی سەججادییە، چونکە ئەم چیرۆکانەی لەنێوان تەممووزی ١٩٤٦ و ئـابـی ١٩٤٩دا نووسیـون، واتـە چیـرۆکـەکـانـی هـەمیشـەبـەهـار، کاڵای باڵای شای لێ دەربچێت کە ئەویش تەرجەمەیە، هەموویان لە ماوەی سێ ساڵ و یەك مانگدا نووسراون. یەکەم بەرهەم و یەکەم کتێبی نووسەرێك لە ڕووی ناوەڕۆك و لە ڕووی زمانەوە هێندە جوان و بەرز بێت، ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەججادی خاوەنی بەهرەیەکی چەند گەورە و گەش و بەرز بووە. هەندێ جار کە هەمیشەبەهار دەخوێنمەوە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم خۆزگە سەججادی هەر لەسەر نووسینی چیرۆك بەردەوام ببووایە و خۆی خەریکی هیچی تر نەکردایە، بەڵام هەر زوو خۆزگەکەم دەخەمە لاوە، چونکە ئەو شاکارە گەورانەی دواتر نووسیونی لە هەمیشەبەهار کەمتر نین، ئەگەرچی هەر شتێك تام و چێژی خۆی هەیە.

**مێژووی ئەدەبی کوردی [چاپی یەکەم ١٩٥٢، چاپی دووەم ١٩٧١]**

ئـەگـەرچـی نـووسـەرانـی کـورد زۆرجـار کـارەکـانـی خـۆیـان نـاو دەنێن مـێژووی ئـەدەبـی کوردی، ڕاستییـەکـەی ئـەوەیـە ئـەوان مـێژووی شیـعری کـوردیـیـان نـووسیـوە، نـەك مـێژووی هـەمـوو ئـەدەبـی کوردی، کـە دیـارە ئەمەیش هۆی خۆی هەیە. پێش ئەم کارەی سەججادی چەند نووسەرێکی دیکـەیش هـەوڵـیـان داوە بـە شێوەیـەك، مـێژوویـەك بـۆ ئـەدەبـی کـوردی بنووسن. کارە گرنگەکان لەم بوارەدا ئەمانەن:

یـەك: ئـەو زانـیـارییـانـەی کـە مـەلا مـەحـموودی بـایـەزیدی لـە کـۆتـاییی

١٨٥٠کاندا دابوونی بە زانا و کوردناسی ڕووسیی لە بنەچەدا پۆلۆنی ئاوگوست ژابا (Jaba 1860). ئەم زانیارییانە پاشان ڕێك خراون و بە شێوەی کتێب بڵاو کراونەوە: جامیع یێ ڕیسالەیان و حیکایەتان ب زمانی کورمانجی، سانت پیتەرسبورگ، ١٨٦٠. کتێبەکە لە پێنج پاژ پێك هاتووە و یەکێکیان بۆ ژیانی هەشت شاعیری کورد تەرخان کراوە. شاعیرەکان ئەمانەن: عەلی حەریری، مەلایێ جەزیری، فەقییێ تەیران، مەلای باتەیی، ئەحمەدی خانی، ئیسماعیل بایەزیدی، میر شەرەفخانی هەکاری و مورادخانی بایەزیدی. گرنگیی ئەم کارە ئەوەیە کە یەکەمین جارە زانیاری لەبارەی ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێکی کلاسیکی کوردەوە بڵاو دەکرێتەوە. زانیارییەکان، زۆرجار، ناتەواون و ورد نین.

دوو: ئەمین فەیزی: ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد [ئیستانبوڵ ١٣٣٩ (١٩٢٠)، چاپی دووەم، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٨٣]

ڕاستییەکەی ئەمە ئانتۆلۆگییەکی شیعری کلاسیکی کوردییە. فەیزی لەم کتێبەدا بەرهەمی پانزدە شاعیری کوردستانی عیراق و ئێرانی پێشکەش کردووە. لە پێشەکیی کتێبەکەدا هەندێ زانیاریی گشتیی لەبارەی ژیانی هەندێ لە شاعیرەکانەوە نووسیوە.

یەکێك لە زانیارییە گرنگەکان لەبارەی نالییەوەیە. فەیزی ئەوە جەخت دەکات کە نالی دواساڵەکانی ژیانی خۆی لە ئیستانبوڵ بردووەتە سەر و لە گۆڕستانی ئویسکۆدار نێژراوە. زانیارییەکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە دیوانی مەولانا خالید بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی عەبدولمەجید خان، عەبدولمەجیدی دووەم، (١٨٣٩–١٨٦١ سوڵتان بووە) چاپ کراوە.

سێ: ڕەفیق حیلمی: شیعر و ئەدەبییاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٤١ [بەرگی دووەم، ١٩٥٦]

ئەم بەرهەمە زیاتر بە ڕەخنەی ئەدەبی، یا لێکدانەوەی ئەدەبی،

دادەنرێت، بەڵام زانیاریی مێژووییشی تێدایە وەك ژیننامەی شاعیرەكان و باسكردنی قۆناغەكانی ئەدەبی كوردی. حیلمی لە هەردوو بەرگەدا كۆمەڵێك شاعیری كلاسیك و تازەیشی پێشكەش كردوون و لە ڕوانگەیەكی زمانەوانی و هونەرییەوە شیعرەكانی خوێندوونەوە.

چوار: هەرەكۆل ئازیزان [جەلادەت بەدرخان]: كلاسیكێن مە، هاوار، هەژمار ٣٣، چریا پێشین [ئۆكتۆبەر] ١٩٤١، ل: ٦–١٤.

بەشێكی زانیارییەكانی ناو ئەم نووسینە لە كتێبەكەی ژاباوە وەرگیراوە و نووسەر خۆیشی ناوی چەند شاعیرێكی دیكەی خستووەتە سەر. لەبەر ئەوەی بەدرخان وتارەكەی خۆی بە ئەلفوبێی لاتینی توركی نووسیوە، كۆمەڵێ ناو و زاراوەی ئەدەبی شێوێنراون [شیعر بووە بە شهر، شاعیر بووە بە شاهر، عارف بووە بە ئارف، سیفاتێ سەبعە بووە بە سفاتێ سەبهە، غەزەل بووە بە خەزەل، قەدەحی حیرمان بووە بە قەدەهی هرمان...هتد]. هەروەها لە گواستنەوەی نموونەكانی شیعر بە كوردیی خواروودا هەڵەیەكی زۆری كردووە.

مێژووی ئەدەبی كوردییەكەی سەججادی، لە زۆر ڕووەوە، لەوانەی پێشتر نووسرابوون جیاواز بوو. لەم مێژووەدا ژیان و بەرهەمی ٢٤ شاعیری كورد دەخوێنینەوە. نووسەر نموونەی شاعیرانی هەموو دیالێكتەكانی زمانی كوردیی هەڵبژاردووە: لوڕی، هەورامی، كوردیی باشوور و كوردیی باكوور. بەشی زۆری شاعیرەكان كلاسیكەكانن، بەڵام چەند شاعیرێكی سەردەمی تازەیش پێشكەش كراون. بێجگە لەو لێكۆڵینەوانە، سەججادی بە دووردرێژی لەبارەی مێژووی كورد و كوردستان، نەریتی داستاننووسی، میتۆلۆگیی كوردی و ڕۆژنامەگەریی كوردییەوە نووسیویەتی و مێژووی ئەدەبی كوردیی لەگەڵ مێژووی ئەدەبی میسری، فارسی، چینی، هندی و عیبری و یۆنانی و ڕۆمانیدا

بەراورد کردووە.

ئەم بەرهەمەی سەججادی یەکەمین مێژووی ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردییە. نووسەر بەم کارەی بنەڕەتێکی یەکجار سەخت و بتەوی بۆ ئەدەبی کوردی و بۆ فەرهەنگی کوردی داڕێشت. ئێستایش دوای تێپەڕینی شەست ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، هیچ لێکۆڵەرەوە و توێژەرێکی جیددی، بیەوێ لەسەر ئەدەبی کوردی کار بکات، ناتوانێ خۆی لە بەکارهێنانی ئەم سەرچاوەیە ببوێرێت.

مێژووی ئەدەبی کوردیی سەججادی لە زۆر ڕووەوە دەکرێ لەگەڵ شەرەفنامەی بەدلیسیدا بەراورد بکرێت. بە نووسینی کتێبی (شەرەفنامە)، شەرەفخانی بەدلیسی (٩٤٩-١٠١٢/ ١٥٤٣-١٦٠٣/٤) یەکەمین مێژووی سیاسیی نەتەوەی کوردی داڕێشت و بنەڕەتێکی پانوپۆڕ و بتەوی بۆ ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد دانا. شاکارەکەی بەدلیسی تەنیا تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژووی کورد یا ژیننامە و شەڕوشۆڕی میر و بەگ و خانەکانی کورد نییە، وەك هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان بۆ سووکایەتیکردن بە کورد و مێژووەکەی دەیڵێن. شەرەفخان هەر لە پێشەکیی شەرەفنامەدا ڕێبازی زانستییانەی کارەکەی و بیرکردنەوەی ورد و دووربینانەی خۆی دیاری دەکات. لە دوو بواردا شەرەفخان زۆر بە ڕوونی هێڵەکانی بیرکردنەوەی خۆی دەکاتە بنەما و نوختەی دەرچوون بۆ نووسینی مێژووی کورد: یەکەم، جیۆگرافیای کوردستان بۆ ئەو، هەموو ئەو ناوچە و هەرێمانەیە کە کورد یا زۆرایەتییەکی کوردی تێدا دەژی، ئیتر لەناو سنووری هەر ئیمپراتۆرییایەکدا یا لە کەوشەنی هەر سوڵتاننشینێکدا بێت. شەرەفخان ئەگەرچی خۆی خان و گەورەی میرنشینێکی کورد بوو، بەڵام دوور لە هەموو تەسکبینییەکی ناوچەگەرانە و دوور لە بەرژەوەندیی میرنشینەکەی خۆی بیری لە جیۆگرافیا و سنووری کوردستان

کردووەتەوە؛ دووەمیش، بۆ پێناسەکردنی کورد، پێوەری نووسەر ئەوەیە هەموو ئەو خێڵ و تیرە و کۆمەڵانەی خۆیان بە کورد دەزانن و بە یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەدوێن کوردن و بەشێکن لە نەتەوەی کورد. ئەم بیرکردنەوەیەی بەدلیسی هێندە بەهێزە کە بۆ ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیاوە یەکجار ورد و پێشەنگانەیە و لەگەڵ تیۆرییە زانستییەکانی ئەمڕۆیشدا تەبا و هاوئاهەنگە.

سەججادییش لە کتێبەکەی خۆیدا ئەو ڕێبازەی شەرەفخانی گرتووە. ئەو مێژووی بۆ هەموو ئەدەبی کوردی نووسیوە، واتە هەموو ئەو ئەدەبەی کە بە زمانی کوردی، بە هەر یەکێك لە زاراواکانی زمانی کوردی، نووسرابێت، ئیتر نووسەرەکە لە هەر ناوچەیەکدا ژیابێت و سەر بە هەر دەوڵەت و ئیمپراتۆریایەك بووبێت. بەم پێناسەکردنەی ئەدەبی کوردی و ئەدیبی کورد، سەججادی بنەمایەکی بۆ ئەدەبی نەتەوایەتیی کورد داڕێشت، کە بوو بە مۆدێلێك بۆ هەموو ئەوانەی دوای ئەو لەگەڵ مێژووی ئەدەبی کوردیدا کاریان کردووە.

گرنگیی کارەکەی سەججادی ئەوە نییە کە زانیارییە ئاشکرا و بەردەستەکانی کۆ کردبێتەوە تا بیانکاتە کتێبێك. ئەو لە لایەکەوە هەموو زانیارییەکی لەبارەی ژیان و سەردەم و شیعری شاعیرانەوە بە پێوەری لۆگیك و ژیری پێواوە، ئەوسا سوودی لێ وەرگرتووە و لە کتێبەکەیدا جێی داوەتێ. واتە ئەو وەك زانایەك بە چاوی گومان و پشکنینەوە لەو زانیاریيانەیش کۆڵیوەتەوە کە پێشتر وەك ڕاستینە تەماشا کراون و خستوونیە ژێر پرسیارەوە. لە لایەکی دیکەیشەوە لە ڕێگەی مێتۆدێکەوە کە زیاتر لە لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکاندا بە کار براوە، بە دوای زانیاریی تازەدا گەڕاوە لەسەر ژیان و سەردەمی شاعیرەکان. زانیاریی تازە ئەو ئەنجامگیریيانەن کە بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی تێکستەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ ڕاستینەکانی مێژوودا گەیشتووە پێیان. دیارە

ئەمە وا ناگەیێنێت کە نووسەر لە هەموو ئەنجامگرییەکانیدا گەیشتبێتە ڕاستی و ئەمڕۆ، کە بواری توێژینەوە فراوانتر و ئاسانترە، گومان لە دروستییان نەکەین. هەر بۆ نموونە دەیڵێم، سەججادی زۆر بە وردی لەگەڵ ژیان و سەردەمی مەلای جەزیریدا خەریك بووە و پێی وا بووە جەزیری دەبێ ساڵی ١٤٠٧ لە دایك بووبێت و ساڵی ١٤٨١ کۆچی کردبێت، بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکان کە دواتر کراون، ئەوە پێشان دەدەن کە جەزیری نزیکەی نەوەد ساڵێك دوای ئەو مێژووی مردنەی سەججادی داویەتی، لە دایك بووە. نووسەر لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا بەشێك لەو زانیارییانەی ڕاست کردوونەوە، کە لە چاپی یەکەمدا بڵاوی کردبوونەوە.

سەججادی بەوەوە نەوەستاوە کە ساڵ و ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی شاعیرەکان بدۆزێتەوە، بەڵکە هەوڵی ئەوەیشی داوە کە هەندێ لە تێکستەکانیان لێك بداتەوە و لایەنە ئێستێتیکییەکان، بەکارهێنانی هونەرمەندانەی زمان و وێنەی شیعری، ڕوون بکاتەوە و بە زمانێکی ڕەوان بۆ خوێنەری شی بکاتەوە. لەم جۆرە شیکردنەوانەدا سەججادی نەك تەنیا ڕوواڵەتی زمانەوانیی تێکستی خوێندووەتەوە، بەڵکە هەندێك جاریش هێما و سیمبۆڵەکانی کردووەتە بەڵگەیەك بۆ لێکدانەوەی لایەنی سیکۆڵۆگییانەی تێکستەکە و لەوێیشەوە بەستنەوەی ئەنجامگرییەکانی بە ژیان و جیهانبینیی شاعیرەوە. ئەمە، هەر بۆ نموونە، لە لێکۆڵینەوەی شیعر و ژیانی مستەفا بەگی کوردیدا بە ئاشکرا دیارە.

ئەگەرچی سەججادی بەشی هەرە گرنگی کتێبەکەی بۆ بەرهەمی شاعیرانی کورد، واتە ئەدەبی نووسراو، تەرخان کردووە، بەڵام هاوکاتیش بایەخێکی یەکجار زۆری داوە بە ئەدەبی زارەکی، ئەدەبی فۆلکلۆری؛ داستان و ئەفسانە و چیرۆك و پەندی پێشینان. ئەو، ئەدەبی زارەکی بە بەرهەمی بیر و ژیری و چێژی جوانناسیی مرۆڤی کورد دادەنێت و پێی وایە ئەم بابەتانە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی گەلن و دەتوانن

هەست و بیر و هۆشی مرۆڤی کورد لە چوارچێوەی ژیانی ماددی و فکریی کۆمەڵدا وێنا بکەن.

مێژووی ئەدەبی کوردی شەستساڵ لەمەوپێش بڵاو کرایەوە. لە ماوەی ئەم شەست ساڵەدا چەند کتێبی دیکە لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە بڵاو کراونەتەوە، بە کوردی و بە زمانی دیکەیش، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ یەکێك لەم بەرهەمانە نەیتوانیوە جێگەی کتێبەکەی سەججادی بگرێتەوە و ببێتە سەرچاوەی سەرەکی لەو بوارەدا. تاکە سەرچاوەیەك کە دەکرێ لە تەنیشت کتێبەکەی سەججادییەوە دابنرێت، "مێژووی ئەدەبی کوردی"یەکەی پرۆفیسۆر مارف خەزنەدارە (١٩٣٠-٢٠١٠).

سەججادی زۆر چاك لەوە گەیشتبوو کە بۆ دروستبوونی نەتەوە و نیشتمانێك و بۆ گەشانەوەی هەستی نەتەوەدۆستی و نیشتمانپەروەری، دەبێ سەرخانێکی پتەوی فکری و مێژوویی و فەرهەنگی و زمانەوانی و ڕۆحی هەبێت، تا کەسانی نەتەوە باوەڕیان بە خۆیان و بە گەل و نەتەوە و نیشتمانی خۆیان لا دروست ببێت. دەیزانی مێژوو، چ سیاسی بێت و چ ئەدەبی، پاڵپشتێکی گەورەی مەعنەوییە بۆ بنیاتنانی ئەمڕۆ و داهاتوویش و دەبێتە هۆی بزواندن و بەهێزکردنی هەستی خۆناسی. نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردی بەرهەمی ئەو بیرکردنەوەیە و هەڵقەیەکی پتەوی ئەو پرۆژە شارستانەتییە بوو کە ژیانی زانستیی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

**ڕشتەی مرواری** [بەرگی یەکەم ١٩٥٧، بەرگی دووەم ١٩٥٧، بەرگی سێیەم ١٩٥٨، بەرگی چوارەم ١٩٦٨، بەرگی پێنجەم ١٩٧٢، بەرگی شەشەم ١٩٧٩، بەرگی حەوتەم ١٩٨٠، بەرگی هەشتەم ١٩٨٣]

سەججادی وەك زانایەکی کلاسیکی کورد و ڕۆژهەڵاتی، شارەزای سەرچاوە زۆر و گرنگ و کلاسیکییەکانی زمان، مێژوو، فەرهەنگ و

ئـەدەبـیـیـاتـی عـەرەبـی و فـارسی بـوو. هـەروەهـایش لـە ڕێگەی ئـەو دوو زمـانـەوە ئـاشنـایـەتـییـەكی بـاشی لـەگەڵ فـەرهـەنگ و مێژووی گەلانـی دیكەیشدا پەیدا كردبوو. ئەو دەیبینی كە زانایانی ئەو گەلانە هەر لە سەردەمێكی زۆر زوودا، ورد و درشتی ڕووداو و قسە و پەند و چیرۆك و بـەسەرهـات و زانـیـاریـیـەكـانـی كـۆمـەڵـی خـۆیـان كۆ كردوونـەوە و بـۆ نەوەكانی دوای خۆیـانیان بە جێ هێشتوون. سەججادی دەیویست ڕێك وەك ئەوان بكات. دەیویست هەموو شتێكی كورد كۆ بكاتەوە و تۆماری بكات و لە دەست فەوتانی دەربهێنێت. ئامانجی كۆكردنەوەی گەنجینەی فۆلكلۆر و كەلەپووری كورد تەنیا لەپێناوی ئەوەدا نەبوو كە بیانكاتە كـتـێب و ڕەفـی كـتـێبـی مـاڵان و كـتـێبـخـانـەكـانـی پـێ پـڕ بـكـاتـەوە، بـەڵكـە ئـەمـەیش هۆیـەك و دەستاوێژێك بوو بۆ گەشاندنەوەی بیری نەتەوایەتی و بۆ بەهێزكردنی ناسنامەی مرۆڤی كورد. سەججادی هەوڵی داوە ڕشتەی مرواری گونجاندن و تێكەڵاوكردنی چەند نموونەیەكی ناسراوی ئەدەبی عەرەبی و فارسی بێت: (الأغانی) و هەندێ كتێبی دیكەی ئەبولفەرەج ئەلئیسفەهانی (٨٩٧–٩٦٧)، (گلستان) و (بوستان)ی سەعدیی شیرازی (١١٨٤–١٢٨٣/١٢٩٢)، (الـعـقـد الـفـریـد)ی ئـیبن عـەبـد ڕەبـبـیـهـی (٨٦٠–٩٤٩)، (الــمستــطــرف)ی ئــەبشەهـــی (١٣٨٧–١٤٤٧) و (بهارستان)ی شێخ عەبدولڕەحمانی جامی (١٤١٤–١٤٩٢). بەڵام لە ڕووی ڕێكخستنەوە دەتوانم بڵێم كارەكەی سەججادی لە كاری ئەوان ڕێكوپێكترە. ئـەگەرچـی سەجـجـادی سوودی لـەو سەرچـاوانـە وەرگرتووە، بـەڵام بـەشی هـەرە زۆری ڕشتەی مرواری بـەرهـەمـی گەڕان و كۆششی خۆین و بـابـەتـەكـان سەر بە كۆمـەڵـی كوردەوارین.

لــە هــەشت بـەرگـی ڕشتـەی مـرواریـدا، سەجـجـادی هــەزاران ڕووداوی سیاسی، فـەرهـەنگی و كۆمـەڵایـەتیی كۆمـەڵی كوردەواریی كۆ كردوونـەوە و بـە زمـانێكی ئـەدەبیی جوان و پـاراو دایڕێشتوونـەتـەوە. ئێمـە ئـەگـەر كـەسانی

وەك مەحموو پاشای جاف، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مەولەوی، موفتیی زەهاوی، وەسمان پاشای جاف، شێخ مەحمووی حەفید، سەیید ئەحمەدی خانەقا، حەماغای كۆیە، عادیلە خانم، پیرەمێرد و سەدان مەلا و شێخ و حاجی و ئاغای كوردستانمان لە ڕێگەی مێژووی سیاسی و ئەدەبی و كۆمەلایەتییەوە ناسیبێت، بەڵام لە ڕشتەی مرواریدا لایەنێكی دیكەی ژیان و كەسایەتیی ئەم مرۆڤانە دەخوێنینەوە. ڕشتەی مرواری وێنەی ژیانی ڕۆژانەی ئەوانمان بۆ دەكێشێت و شێوەی ڕەوتار و گوتار و كردار و بیركردنەوە و هەڵسوكەوتی ئەوانمان پێ دەناسێنێت، وەك نموونەی بیر و فەرهەنگ و شارستانەتیی كورد.

بەشێكی چیرۆك و پەندەكانی ڕشتەی مرواری ئەوانەن كە لە كتێبەكانی ئیسفەهانی و سەعدی و جامی و لە كتێبی دیكەدا بەرچاو دەكەون، بەڵام سەججادی هاتووە هەموو ئەمانەی لە شێوە و ناوەڕۆكدا كورداندووە و كردوونی بە چیرۆك و بەسەرهاتی كوردی. كەسەكانی ناو ئەو چیرۆكانەی كردووە بە كورد و كردوونی بە خەڵكی ناوچە جۆراوجۆرەكانی كوردستان، تا ئەو ڕادەیەی كە تۆ دەیخوێنیتەوە، ڕێك وەك چیرۆك و بەسەرهاتێكی كوردەواری دێتە بەرگوێت و دەكەوێتە بەرچاوت. هەزاران جار ڕستە و دەربڕینی لەم بابەتە دەبینین:

* كابرایەكی موكری لەگەڵ ژنەكەیا دانیشتبوون

* كابرایەك بوو بە میوانی ماڵەكوردێك

* كابرایەكی كورد ژنێكی هێنا

* پیرێژنێكی كورد هەبوو

* ژن و مێردێكی كورد دەوری گەنجییان پێكەوە ڕابوارد

* ساڵێك لە كەركووك لە مزگەوتی منارەنەخشینە... وتی: من فەقێیەكی خەڵكی ئەو وڵاتی كوردستانەم لایە...

* پیاوێك هەبوو لە شاری سنە زۆر دەوڵەمەن بوو

* ئەمیر تەیمووری گورگانی لە کوردەواریدا ڕۆژێك لە ڕاو ئەبێ، تووشی شوانێکی کورد ئەبێ...

سەجادی کە ئەم ڕووداوانە دەکوردێنێت، لە لایەکەوە ئاگاداری ئەوەیە ئەمانە بەشێکن لە گەنجینەی فەرهەنگی مرۆڤایەتی و تەنانەت نووسەرە عەرەب و فارسەکەیش لەوەیە لە خەڵکی دیکەیان وەرگرتبێتن و ئەمیش لەوانی وەردەگرێت. لە لایەکی دیکەیشەوە لەو باوەڕەدایە ئەگەر زانیاری و دەنگوباس چوونە ناو کتێبەوە و بە نووسراوی هەڵگیران، ئیتر لای خوێنەر و لای خەڵك دەبنە ڕاستی و جێی باوەڕن. زۆرجار گوێم لە مامۆستا هەژار (١٩٢٠–١٩٩١) بووە دەیگوت: ئێمە دەبێ هەموو شتێکی خۆمان بنووسینەوە. تۆ تا بەیانی قسە بۆ خەڵك بکە، گوێت لێ ناگرن، بەڵام کە بە نووسراوی بیبینن، دەڵێن "لە کتێباندا نووسراوە." ڕەنگە ئەم جۆرە کوردایەتییەی سەجادی و هەژار و هاوەڵانیان لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئەمڕۆی خوێنەواری کورددا جێی نەبێتەوە، یا هەر گاڵتەیشی پێ بکات، بەڵام بۆ ئەو سەردەمەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو کارکردێکی دیکەی هەبوو.

ئەو کارکردەی باسم کرد، ئێستا لای زۆر خوێنەری کورد بووەتە بەشێك لە ڕاستینەکانی مێژووی سیاسی و فەرهەنگیمان. من پێم وایە بەشێك لەو زانیارییانەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەبارەی ژیان و دیمەن و هەڵسوکەوتی شاعیرانەوە نووسراون، بنەڕەتێکی مێژوویی و ماددییان نییە و سەجادی خۆی پێکی هێناون. بەڵام ئەمڕۆ هیچ نووسەر و لێکۆڵەرێکی ئەدەبی کوردی ناتوانێ خۆی لە هەموو ئەو زانیارییانە نەبان بکات. هاوینی ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٢ لە لەندەن دەژیام و هەموو حەفتەیەك دەچوومە سەردانی مامۆستا تۆفیق وەهبی (١٨٩١–١٩٨٤).

وەهبی، سەججادیی خۆش نەدەویست و کە ناوی ئەو دەهات بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە باسی دەکرد. جارێکیان وتی: سەججادی لەبارەی هەموو بابەتێکەوە قسەی کردووە و نووسیویەتی. لەبارەی هەموو شتێکەوە ڕا و بۆچوونێکی هەر دەربڕیوە. ئەمەی بۆیە کردووە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك شتێکی نووسی یا لێکۆڵینەوەیەکی کرد، ناچار بێت، ڕا و بۆچوونەکەی سەججادییش باس بکات و نووسینەکەی وەك سەرچاوە بە کار بهێنێت و ئیشارەتی بۆ بکات، تەنانەت ئەگەر دڵنیایش بێت کە ڕاست نییە.

لایەنی بەهێزی ڕشتەی مرواری، لای من، تەنیا ئەوە نییە کە بووەتە گەنجینەیەك بۆ پاراستنی فەرهەنگ و بیر و ژیری و ئەزموون و شارستانەتیی کورد، بەڵکە زمانەکەیشیەتی، زمانە کوردییەکەی. سەججادی نەهاتووە هەرچییەکی لە خەڵك بیستبێت و هەرچییەکی خوێندبێتەوە، وەك خۆی بیگوێزێتەوە بۆ ناو هەشت بەرگی کتێبەکەی. ئەو سەرتاپێی ڕشتەی مرواریی بە زمانێکی ئەدەبی و هونەرمەندانە سەرلەنوێ داڕێشتووەتەوە و کردوویەتی بە تێکستێکی ئەدەبی و هونەریی ناسك و جوان و بەرز و لەگەڵ بنەماکانی ڕێزمانی کوردیدا گونجاندوویەتی. لەو شوێنانەدا کە ناوەڕۆکی تێکستەکە وای پێویست کردووە قسەکان بە شێوەزاری ناوچەیی و بە دیالێکتێکی دیکەی کوردی بگوێزرێنەوە، ئەو بەشانەی وەك خۆیان پاراستوون و هەر بەو شێوەزارە هێشتوونیەوە. ئەمەیش هێزێکی دیکەی بەخشیوەتە تێکستەکە و بووەتە هۆی دەوڵەمەندتر و جوانترکردنی.

ڕشتەی مرواری لە کاتێکدا گەنجینەیەکی یەکجار دەوڵەمەند و بایەخداری ئەزموون و ژیری و ئاوەز و بیرکردنەوەی کوردەوارییە و سەرچاوەیەکە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ جوانی و ناسکی و قووڵیی زمانی کوردیدا، ڕێنوێن و کاتالۆگێکیشە بۆ ناسینی لایەنی جیاواز و جۆراوجۆری جیۆگرافیا و مێژووی کورد و بۆ تێگەیشتن لە دیاردە و

ڕاستینە کۆمەڵایەتی و ئانترۆپۆلۆگی و سایکۆلۆگی و فەرهەنگی و ئێتنۆگرافییەکانی کورد و نیشتمانەکەی. بەڕاستی ڕشتەی مرواری ئینسیکلۆپێدیایەکە بۆ تێگەیشتن و ناسینی کوردەواری.

**شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق [چاپی یەکەم ١٩٥٩].**

لەم کتێبەیشیدا، وەك لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، سەججادی سوودێکی زۆری لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی مێژووی کورد و مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی جیهانیش وەرگرتووە. لەپاڵ ئەو زانیاریيانەدا نووسەر لێکۆڵینەوەی خۆیشی لەبارەی ڕووداوەکانی مێژووی کوردستانەوە کردووە، بەتایبەت ئەوانەی هاوسەردەمی خۆی بوون، یا بە جۆرێکی ناڕاستەوخۆ ئاگاداریان بووە. لەو بوارەدا گەیشتووەتە کۆمەڵێك ئەنجامگری، کە بوونەتە بنەڕەتی نووسینەوەی مێژوویەکی تازەی کورد و زانیاریی گرنگی پێشکەش کردووە. سەججادی مێژووی کورد وەك زنجیرە ڕووداوێکی پێکەوەبەستراو دەبینێت، کە لە ناوەڕۆکدا بۆ بەدیهێنانی یەك ئامانج، ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە، تەواوکەری یەکدی بوون.

نووسەر بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی گشتگری ڕاپەڕین و شۆڕشەکان لە مێژووی کوردستاندا، ویڕای گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکان لەبارەی مێژووی کوردستان یا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بیر و لێکدانەوە و پشکنینی خۆیشی تێکەڵ بە باسەکان کردووە. هێڵی بنەڕەتیی گێڕانەوەکانی سەججادی ئەو ڕووداو و ڕاستینانەن کە لە مێژووی نووسراوی کورددا جێیان گرتووە و بوونەتە بەشێکی ناسراو و چەسپیوی ئەو مێژووە. بەڵام هاوکاتیش خوێندنەوەی تایبەتی خۆی لەو ڕووەوە دەیگەیێنێتە زانیاری و ئەنجامی وەها کە دەبنە بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی بۆ تەواوکردنی وێنەی سەردەمێك یا ڕاپەڕینێك.

کاتێ نووسەر باسی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، سمکۆی شکاك، سابڵاخ و بارزان دەکات، دەبینین زۆر بە وردی دەچێتە بنجوبناوانی ڕووداو و ڕۆژەکانەوە، بایەخێکی زۆر بەوە دەدات کە ڕاستی و دروستیی باسێك یا گێڕانەوەیەك ساغ بکاتەوە و ئەزموونی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خۆیشی تێکەڵ دەکات. لە ئەنجامدا زانیارییەك پێکەوە دەنێت، دەکرێ وای چاو لێ بکەین کە زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم کتێبەی سەججادی سەرچاوەیەکی بەنرخ و بنەڕەتییە بۆ خوێندنەوە و ناسین و لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد، دەکرێ لە سێ ڕووەوە ڕەخنەی لێ بگردرێت:

ئەلف: کتێبی شۆڕشەکانی کورد هێندەی کتێبێکی مێژووییە، ئەوەندەیش تێکستێکی ئەدەبییە. ئەگەرچی لە سەرتاسەری کتێبەکەدا جێگە دراوە بە زانیاری و فاکتێکی زۆر، بەڵام شێوازی داڕێشتن و پێشکەشکردنی باسەکان هەمیشە لایەنی ئەدەبی بەسەریدا زاڵە. بەشی هەرە زۆری ئەو زاراوە و تێرمانەی بە کار هاتوون سەر بە بواری ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبین، نەك زانستی مێژوو. سەججادی لەم بەرهەمەیشیدا نووسەرێکی ئەدەبییە، نەك مێژوونووسێکی زانستی.

بێ: نووسەر لە سەرتاسەری کتێبەکەدا تەنیا بە شێوەی گێڕانەوەی یەك لە دوای یەکی ڕووداوەکان مێژوو دەنووسێتەوە، بێ ئەوەی خۆی بە شیکردنەوەوە خەریك بکات. ئەمەیش هەر ئەو شێوازەیە کە مێژوونووسانی کۆنی کلاسیك، بەتایبەت مێژوونووسانی عەرەب، بە کاریان بردووە.

پێ: نووسەر نەیتوانیوە، وەك لە مێژوونووسێك چاوەڕوان دەکرێت، هەڵوێستی بێلایەنانەی خۆی بەرانبەر ڕووداوەکان بپارێزێت و لە ڕوانگەیەکی بابەتییانەوە تەماشای مێژوو، تەماشای ئەو مێژووە، بکات.

ئەو، بێ پێچوپەنا، هەموو سەرکردەیەکی کوردی پێ پاڵەوانێکی نەتەوایەتییە و هەموو کردار و داخوازییەکی بەرەی کوردی پێ ڕەوایە.

سەججادی لەم بەرهەمەیشدا دیسان ئامانجێکی پەروەردەکارانەی سیاسی و نەتەوایەتیی هەیە. ئەو دەیەوێ خوێنەری کورد بە جۆرێك پەروەردە بکات کە باوەڕی بە ڕابوردووی نەتەوەکەی خۆی هەبێت و هیوا و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی لەسەر بنەڕەتی ئەو ڕابوردووە هەڵبچنێت. ڕابوردووی خەباتکارانە و جەنگاوەرانەی کورد، بە لای نووسەرەوە، ڕەوایەتی و شەرعییەت دەبەخشێتە بیری سیاسی و هەستی نەتەوایەتیی ئێستای. لای ئەو، مێژوو ئەو زەوینە سەختە و ئەو بنەڕەتە قایم و چەسپاوەیە کە کەسایەتیی مرۆڤی کوردی لەسەر دەرسکێت، چ وەك تاکەکەس و چ وەك بەشێك لە پێکهاتەیەکی فراوانتر، کە نەتەوەیە.

**هەمیشەبەهار [بەغدا ٢٦٦٠ ك-١٩٦٠م]**

سەججادی لەم کتێبەدا دوانزدە کورتەچیرۆکی خۆی کۆ کردوونەوە و پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیون و ساڵی ١٩٦٠ بڵاوی کردوونەوە. لەو پێشەکییەدا دیسان هەندێ لە باوەڕە سیاسی و فەرهەنگییەکانی خۆی دووپات دەکاتەوە. شەش چیرۆکی یەکەمین کورتەچیرۆکی ئاساییین، واتە ئەدەبێکە بۆ خوێنەری ئاسایی و گەورەساڵ نووسراوە. بەڵام شەش چیرۆکەکەی دیکە ئەدەبی منداڵان و لاوانن. لەو سەردەمەدا ئەدەبێکی تایبەت، یا چیرۆکی تایبەت، بۆ منداڵان و لاوان بە زمانی کوردی لە پلەی نەبووندا بوو.

تەنیا یەکێك لە چیرۆکەکانی هەمیشەبەهار، کاڵای باڵای شا، لە شوباتی ١٩٤٤دا بڵاو کراوەتەوە (یا نووسراوە). یانزدە تێکستەکەی دیکە هەموویان لە نێوان ١٩٤٦-١٩٤٩دا نووسراون و بڵاو

کراونەتەوە. کالآی بالآی شا، نووسەری ناوداری دانمارکی هـ . ك. ئاندەرسن: H. C. Andersen(١٨٠٥–١٨٧٥) نووسیویەتی. وا پێ دەچێت سەججادی لە عەرەبییەوە، یا لە فارسییەوە، تەرجەمەی کوردیی کردبێت. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەندێك دەستکاریی کردووە و بە جۆرێك کورداندوویەتی کە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسیی ئەو سەردەمەی عیراقدا بگونجێت.

دەتوانین چیرۆکەکانی هەمیشەبەهار بەپێی مێژووی نووسینیان (کرۆنۆلۆگی) بەم جۆرە ڕیز بکەین:

١. کالآی بالآی شا: شوباتی ١٩٤٤،

٢. ڕۆنەزەنگی حەمەسەن: تەمووزی ١٩٤٦،

٣. لەپێناوی ئافرەتا: ئەیلوولی ١٩٤٦،

٤. شابییەکەی ڕەشەی خەجەلاو: کانوونی یەکەمی ١٩٤٦،

٥. بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟: مارتی ١٩٤٧،

٦. ڕاوەژیشك: مارتی ١٩٤٩،

٧. گورگ و بەرخەکە: نیسانی ١٩٤٩،

٨. بزن و مەیموونەکە: مایسی ١٩٤٩،

٩. جەوهەراغا: حوزەیرانی ١٩٤٩،

٩. ڕێوییەکەی قەمچۆغە: حوزەیرانی ١٩٤٩،

١٠. دووبراکە: تەمووزی ١٩٤٩،

١١. سێوەنگ و مام ڕێوی: ئاگوستی ١٩٤٩.

سەرنجڕاکێشە کە لە ساڵی ١٩٤٦دا سێ چیرۆکی نووسیون، لە ١٩٤٧دا تەنیا یەك چیرۆکی نووسیوە، کەچی لە ١٩٤٨دا هیچ چیرۆکێکی نەنووسیوە، بەڵام ساڵی ١٩٤٩ پڕ بەرهەمترین ساڵە، چونکە لەو ساڵەدا،

یـا لـە پـێنـج مـانـگـی ئـەو ساڵـەدا، حـەوت چیرۆكی نووسیون. دوو لـەو چیرۆكانەی لە مانگێكدا، لە حوزەیرانی ١٩٤٩دا، نووسیون.

## پێنج چیرۆك و چیرۆكێك

جیـاوازیـی ″كـاڵای بـاڵای شا″ لـەگـەڵ چیرۆكـەكـانـی دیكـەدا ئـەوەیـە، پێشتریش ئەمەم باس كرد، كە ئەمەیان بەرهەمی سەججادی خۆی نییە. بەڵام نازانم هۆی چییە كە نە ئەو كاتەی لە گەلاوێژدا بڵاوی كردەوە و نە دواتریش كە كۆمەڵەچیرۆكی هەمیشەبەهاری چاپ كرد، هەرگیز ئەوەی ڕوون نەكردەوە كە چیرۆكەكەی لە زمانێكی ترەوە تەرجەمە كردووە.

من هەر بۆ بەراورد و وردبوونەوە تەرجەمەی سوێدی و ئینگلیزیی چـیـرۆكـەكـەم خـوێندەوە. ڕاستـیـیـەكـەی ئـەوەیـە كـە لـە هـەندێ بـەشی چیرۆكەكەدا دەستكاریی كردووە و پێیشم وایە ئەم دەستكاریكردنە لە بەرژەوەندیی تێكستە كوردییەكەدایە. سەججادی نەهاتووە چیرۆكەكەی ئەندەرسن ڕستە بە ڕستە و برگە بە برگە بكاتە كوردی، بەڵكە سەرتاسەری چـیـرۆكـەكـەی كـوردانـدووە و كـردوویـەتـی بـە دەرفـەتێك بۆ گەیـانـدنـی پەیامێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەلسەفی.

لە چیرۆكەكەی سەججادیدا وەستای فەرەنگی بەڵێن بە پادشا دەدات كە: ″ئەم پارچەیە لەو وەختەوە كە دەست ئەكەم بە دروستكردنی تا تەواو ئـــەبــێ، شەشسەد و شەستــوشەش ڕۆژ و شەش سەعــات ئــەخــایــەنــێ.″ (سەججادی ١٩٦٠: ٣٦). بەڕاستی من تا ئێستایش لەوە نەگەیشتووم سەججادی ئەمەی لە كوێوە هێناوە و ئەم ژمارە سەیرەی بە چ مەبەستێك لــە چـیـرۆكـەكـەدا دانـاوە؟ ئـایـا لـە تـەرجـەمـەی فـارسی یـا عـەرەبـیـی چیرۆكەكەدا، كە من نەمبینیون، ئەمە هەیە؟

كە باس دێتە سەر كۆشك و تەلار و باڵاخانە و زێڕ و زیو و زومڕووت و گەوهەر و مرواری و یاقووت و پیرۆزە، یا دوروشكە و گالیسكە و خێوەت

و هـەڵسوکەوتی شاهـانـە، سەجـجـادی هـێندە جوانـی دەهـۆنـێتـەوە دەڵێی ڕۆژێ لـە ڕۆژان لـە کـۆشکـی پـادشایـەکدا وەزیـر بـووە. دەبـوو ئـاندەرسن شارەزایانەتر ئەو دیمەنانەی باس بکردایە، چونکە ئەو خەڵکی وڵاتێك بوو، پادشا و کۆشك و وەزیر و گەنجینەی هەبوو، نەك سەججادییەکی کورد، کە نە مەملەکەتی هەبووە و نە پادشا.

گۆڕینێکی زەق و مەعنادار ئەوەیە کە لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا ڕوو دەدات. لای ئاندەرسن منداڵێکی بچووك هاوار دەکات: "بەڵام، خۆ هیچی لە بەردا نییە." خەڵکەکەیش وردە وردە قسەی منداڵەکە دووبارە دەکەنەوە. ئاندەرسن لە لایێکەوە دەیەوێ پاکی و بێتاوانیی منداڵ پێشان بدات، کە چیرۆکەکەیشی بۆ منداڵ نووسیوە، لە لایەکی دیکەیشەوە دەیەوێ بڵێ پادشا هێندە زۆردار بوو کە گەورەکان نەیاندەوێرا ڕاستیی ڕووتبوونەکەی ئاشکرا بکەن.

سەجـجـادی، چـونـکـە مـەبـەستێکـی سیـاسیـی دیـاریکراوی هـەیـە، بـە شێوەیەکی زۆر جیاواز ئەم گرێیە دەکاتەوە. پادشا کاڵای تازەی لە بەر دەکـات و کـەسیش نـاوێرێ بـڵـێ هـیـچـی لـە بـەردا نییـە. بـەڵام "لـە پـاش ماوەیەکی باش بەسەر ئەم کارەساتەدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو کەسی وەکو مـن و تـۆ، کـە زۆر دۆستـی یـەك بـوون و هـیـچ پـەردەیـەك لـە بـەیـنـیـانـا نەمابووەوە، دائەنیشن و قسە لەم بەرگە تازەی پادشاوە ئەکەن. یەکێکیان بەوی کەیان ئەڵێ: بە خوا برام! بە زۆڵم دەرئەکەی وەیا بە دوژمنی پادشا وەیا بە هەر شتێکی تر، من هیچم نەدی و هیچیشم بەرچاو نەکەوت! ئەوی تریشیان ئەڵێ: سا بە خوا برا منیش هەروەها." (سپ: ٤٢).

پـادشاکـەی سەجـجـادی ڕێژیمی پـادشایـەتـیـی عـیـراقـە و وەستـای فەرەنگییش کۆلۆنیالیزمی بریتانیایە. نووسەر ئەوەیش باش تێگەیشتووە کە بۆ پێگەیشتنی فکر و ڕاستی و بۆ هۆشیاربوونەوە کات پێویستە و باوەڕ

پێویستە. لە جێی ئەوەی منداڵێك بكاتە پاڵەوانی وتنی ڕاستی، ئەو خەڵك و گەل دەكاتە پاڵەوان. من پێم وایە ئەمەیان ژیرانەترە. منداڵ پاڵەوان نییە و كە ڕاستیی وتووە، لەبەر ئەوە نییە كە پاڵەوانە و هۆشیارە، بەڵكە لەبەر ئەوەیە كە هۆشیار نییە و نازانێت پادشا زۆردار و خوێنڕێژە. دەبێ بژاردەیەك (نوخبە، ئێلیت) هەبێت، كە ئەو ناوی دەنێ (دوو كەسی وەكو من و تۆ).

سەجادی لەوەیش پتر بیرەكەی خۆی ڕوون دەكاتەوە: "بەرە بەرە لەمانەوە ئیتر خەڵكی تر وێرایان بكەونە سەر ئەوە كە بڵێن هیچیان نەدیوە. تا لە دواییدا هەموو كەس تێگەیشت ئەمە شتێكی درۆ بووە و ئەم وەستای فەرەنگییە هەڵیبەستووە و هیچ كەس هیچی نەدیوە."

بەشێكی گرنگی پەیامەكەی سەجادی لەو چەند ڕستەیەدا ڕوون دەبێتەوە. هەموو خوێنەرێكی هۆشیاری چلەكانی سەدەی ڕابوردوو دەیتوانی مەبەستەكەی نووسەر باش حاڵی ببێت. بەڵام ئەو، ڕستەی هەرە ڕوون و ئاشكرا هەڵدەگرێت بۆ دوادوایی: "كەواتە پیرۆز بێ كاڵای باڵای شا! وا دیارە هەموو چەرخێك ئەم فیلمە تازە ئەبێتەوە."

چیرۆكی جەوهەراغایش بڕێك جیاوازە. ئەمە تێكەڵاوییەكە لە چیرۆكێكی ئەدەبی و لە مێژوو. ئەم تێكستە تەرخان كراوە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی كوژرانی جەعفەر (یا جەوهەر) ئاغای شكاكی براگەورەی سمایل ئاغا (سمكۆ)ی شكاك (١٨٨٧–١٩٣٠). سەجادی لە سەرەتادا پشت بە زانیاری و ئەزموونەكانی باوكی خۆی (نەجموودینی سەجادی، كە لە چیرۆكەكەدا هەر وەك نەجم ناو دەبرێت) دەبەستێت كە بە منداڵی لێی بیستووە و دواتر ئەوەیشی دەخاتە سەر كە خۆیشی، ساڵی ١٩٣٧، چاوی بە یەكێك لە پیاوەكانی جەوهەراغا كەوتووە و ئەویش ڕووداوی كوژرانەكەی جەوهەراغای بۆ گێڕاوەتەوە.

سەججادی ئەم مێژووەی وەك كورتەچیرۆكێك داڕێشتووە و زۆر جوان ڕووداوەكان دەگێڕێتەوە و تەنانەت هەوڵی داوە باری دەروونیی باوكیشی وێنا بكات. هەر لە سەرەتای تێكستەكەدا نیگارێكی یەكجار جوان و ڕەنگداری كاروانی بازرگانیی كوردەواری و بازاڕی شارەوێرانی كێشاوە، وەك نموونەیەكی فەرهەنگ و شارستانەتیی كورد و پێوەندیی ئابووریی كوردستان بە وڵاتانی ناوچەكە و بە ڕووسیا و ئەوروپاوە. لەمەیشدا دیسان مەبەست و ئامانجێكی پەروەردەكارانەی سیاسیی هەیە. ئەو دەیەوێ باوەڕێكی بتەو لای خوێنەری كورد دروست بكات، كە نەتەوەكەی خاوەنی شارستانەتی و فەرهەنگ و ڕابوردوویەكی زەنگین و فراوانە. سەججادی بە شانازییەكەوە دەنووسێت: ″ئێستە كە ئەكەوێتە بیرم ئەڵێم: عەكاز لە نەخلە و تائیفی عەرەبستان هەبوو، بازاڕی شارەوێرانیش لە قەباغكەندی و میاندواوی كوردوستان.″

شانازیكردنی سەججادی تەنیا بەو فەرهەنگەوە نییە، بەڵكە ڕووداوەكەی كوژرانی جەوهەراغا بە دەستی حوكوومەتی ئێرانیش دەكاتە بیانوویەك بۆ پێداهەڵدانی ئازایەتی و بوێریی جەنگاوەرانی كورد. ئەو دوو پاسەوانەی جەوهەراغا كە ڕزگار بوون، خەڵكێكی زۆری بێتاوانی شاری تەورێزیان كوشتووە: ″... بەچوارناڵە بەناو كۆڵانەكانا و بە خەڵك كوشتن لەناو شاری تەورێزدا دەرباز ئەبن. بەڵام هەتا دەرئەچن، وەكو ئەیگێڕنەوە، نزیكەی پەنجا شەست كەس ئەكوژن.″ نووسەر بەوەوە ناوەستێ كە خۆی شانازی بەو كوشتارەوە بكات، بەڵكە بە زمانی حاجی بابای خاوەن خانیشەوە، كە خەڵكی تەورێزە و ئازەرییە، دەكەوێتە پەسندانی ئەو دوو سوارە: ″... ئازایەتی و بەجەرگییەك ئەمانە خستوویانەتە كار تا ئێستا لە هیچ داستانێكا نەبووە وە پاڵەوانی هیچ دەورێك ئەم غیرەتەی نەكردۆتە كار...″

حاجی بابا لە چیرۆكەكەدا نەخشێكی جوانی مرۆڤدۆستانەی هەیە و

دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ ئەو کوردانەی بە کاری بازرگانی هاتوونەتە خانەکەی. هەر ئەویشە کە بە زەبری بەرتیل و پێوەندییەکانی خۆی "نەجم" ڕزگار دەکات: "ئەوەندەم زانی دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، حاجی بابا وەکو فریشتەی ئاسمانی بە خۆی و بە دوو جاندرمەوە پەیدا بوو. هەر کە چاوم پێ کەوت وەکو گوڵ گەشامەوە و بۆنی موژدەی ڕزگاریم کرد. یا خوا لە هەموو شوێنێکی تەنگانەدا تۆیش ئاوا حاجی بابایەکت بۆ پەیدا ببێت." بەڵام ئەوەیش ئاشکرایە ئەم دۆستایەتییە گەرم و بتەوەی حاجی بابایش، هەر لەبەر ئەوە نییە کە کوردی خۆش دەوێت یا باوەڕی بە دۆستایەتیی خەباتکارانەی گەلانە، بەڵکە لەگەڵ میوانە کوردەکانیدا بەرژەوەندییەکی ئابوورییشی هەیە.

چوار چیرۆکەکەی دیکە: ڕۆنەزەنگی حەمەسەن، شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو، بۆچی نەچووین بۆ کوێستان و لەپێناوی ئافرەتا، زۆر لەو دووەی پێشتر باسم کردن بەهێزترن. لەمانەدا سەججادی ئازادانەتر پەرژاوەتە سەر ئەوەی ڕێگە بە خەیاڵ و فانتازیی داهێنەرانەی خۆی بدات و لە ڕووی زمانیشەوە ڕووداوەکان نەبنە ڕێگر. ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە هەر ئەو بابەتانەن کە لە چیرۆکی نەوەی دووەمی چیرۆکنووسانی کوردستانی عیراقدا باو بوون؛ پێوەندیی جووتیار و ئاغا، نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی، گەندەڵیی دەستەڵات و هاوکاریی نێوان دەستەڵات و ئاغا و دەرەبەگ و... هتد. بەڵام بە تەنیشت ئەو بابەتانەوە جێگە دەداتە زۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردەواری لە چیرۆکەکانیدا. سەججادی کێشە و بابەتەکان لەناو چوارچێوەیەکی هونەری و زمانەوانیی هێندە جوان و دەوڵەمەنددا پێشکەش دەکات، کە تێکستەکانی دەبنە نموونەی ئەدەبێکی بەرز و پێگەیشتوو. ئەوەی چیرۆکەکانی سەججادی لە بەرهەمی چیرۆکنووسانی دیکەی ئەو سەردەمە جیا دەکاتەوە، پێم وایە، ئەم لایەنە تایبەتانەن:

یەك: زمانی سەججادی لە ڕووی وشە و دەربڕینەوە زۆر دەوڵەمەندە. لە کاتێکدا کە بە چاکی شارەزای زمانی خوێندەوار و ڕووناکبیرانی سەردەمەکەی خۆیەتی، زمانی لادێ و کۆچەری و خەڵکە سادەکەیش زۆر باش دەزانێت و دەیخاتە خزمەتی ئەدەبەکەیەوە.

دوو: بێجگە لە ناسینی کۆمەڵی کوردیی شارەکانی کوردستان، شارەزای ژیان و فەرهەنگ و بیرکردنەوەی لادێی کوردە، هەروەهایش ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ نەریت و ژیانی کۆچەر و خێڵەکیدا هەیە. ئەم شارەزاییە هەم بووەتە سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەی و هەم لە هەڵبژاردنی کەس و ڕووداو و پاشخانی چیرۆکەکاندا کۆمەکی دەکات. ئەو، بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکنووسانی چلەکان و پەنجاکانیشەوە، بە چاوی خوێنەوارێکی شارنشین، بە چاوی ئەفەنییەك یا شلەشارییەك، سەیری لادێ و ژیانی خەڵکی لادێ ناکات.

سێ: چیرۆکنووسانی دیکە زۆرتر خۆیان بە وردەکاری و دیمەنی دەرەوەی کەسەکانەوە خەریك دەکەن، بەڵام سەججادی بایەخێکی زۆر بە وردەکارییەکانی دەروون و ناوەوەی کەسەکانیش دەدات، زۆر شارەزایانە ڕووناکی دەخاتە سەر هەستی شاراوە و ناوچە تاریك و نەبینراوەکانی ڕۆحیان. هەر ئەم لایەنەیش وەك تەکنیکێکی چیرۆکنووسی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بە کار دەهێنێت.

ڕۆنــەزەنــگــی حــەمــەسەن لــە زۆر ڕووەوە، وەك بــابــەت و نــاوەڕۆك، چیرۆکێکی نەریتانەی چلەکانە. وەرزێرێکی هەژار، حەمەسەن، بە خۆی و ماڵ و منداڵیەوە، شەووڕۆژ، خزمەتی ماڵی ئاغا دەکەن، کەچی ئاغا چاو دەبڕێتە ئەو تۆزە بەشەی لە خەرمانەکە بەری دەکەوێت. ئاغا، بازرگانی شارنشین، بەڕێوەبەری جەندرمە، پیاوی ئاغا، جاندرمە و کوێخا، هەر هەموویان دەیڕووتێننەوە و ئازاری دەدەن. ئەمە کارەساتی مرۆڤێکی

تـەنـیـا و لاواز و بـێدەسـتـەڵاتـە بـەرانـبـەر هـێز و دەسـتـەڵات و گـەنـدەڵـی و زۆرداری و بەرتیلخۆری و چەوساندنەوە.

چـیرۆکـی ڕۆنـەزەنگـی حـەمـەسـەن، کـە یـەکـەمین چـیرۆکـی سەجـجـادی خـۆیـەتـی، زۆر لـە چـیـرۆکـی کـوێرەوەری و چـیـرۆکـی کـەرەلـۆتـیـی (کەرەلووتی؟) مەنووچەری برایم ئەحمەد دەچێت. کوێرەوەری لە ژمارەی نیسانی ١٩٤٥ی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کراوەتەوە، واتە یەك ساڵ و دوو مـانگ پـێش بـڵاوبـوونـەوەی ڕۆنـەزەنگـی حـەمـەسـەن. بـەڵام کـەرەلـۆتـیـی مـەنـووچـەر لـە ژمـارەی کـانـوونـی یـەکـەمـی ١٩٤٦دا، پێنج مـانگ دوای ڕۆنەزەنگی حەمەسەن، بڵاو کراوەتەوە، ئەگەرچی ساڵی ١٩٤٥ نووسراوە. لـەوەیـە سەجـجـادی چـیـرۆکـی کـەرەلـۆتـیـی پـێش بـڵاوبـوونـەوەی نەخوێندبێتەوە، بەڵام دیارە کە چیرۆکی کوێرەوەریی خوێندووەتەوە و کارکردی ئەو چیرۆکەی برایم ئەحمەد لە چیرۆکی ڕۆنەزەنگدا ئاشکرایە. بە لای منەوە، ڕۆنەزەنگی حەمەسەن لە هەموو ڕوویەکەوە لە کوێرەوەری و لە کەرەلۆتیی مەنووچەر بەهێزتر و هونەرمەندانەترە. وەرزێر و دێنشین و هەژارەکانی برایم ئەحمەد بە زمانی خوێنەواری شارنشین دەدوێن و بـیـر دەکـەنـەوە. ئـەوەی ئـەوان دەیـڵـێن بـیـر و قسەی نـووسەر خـۆیـەتـی خستـوویـەتـیـە سەر زمـانـی کـەسەکـانـی نـاو چیرۆکـەکە. بـەڵام هـەژار و بێدەستەڵاتەکانی سەججادی هیچ زۆر لە خۆیان ناکەن؛ ئەوەی دەیڵێن قسەی خۆیانە و بیری خۆیانە و بە زمانی خۆیان دەریدەبڕن. هەژارەکانی برایم ئەحمەد کۆمەڵێ دروشمی سیاسی و بیری تیۆری دەڵێنەوە، بەڵام هـەژارەکـانـی سەجـجـادی نـە دروشمـی سیـاسی دەزانـن و نـە شارەزای تـیـۆریـن. ئـەوان بـە هـەڵـوێست و بـیـرکـردنـەوەیـان و بـە هـەڵسوکـەوت و کردارەکانیان تاڵییەکانی ژیان دەردەبڕن.

نموونـەی وەك کـوێرەوەری و ڕۆنـەزەنـگـی حـەمـەسەن و کـەرەلـۆتـیـی مەنووچەر لە ئەدەبی کوردیی چلەکان و پەنجاکاندا کەم نین. بەڕاستی

ئەم جۆرە چیرۆکانە بەشێکن لەو خەباتە سیاسییەی کە ڕووناکبیران و سیاسەتکارانی ئەو سەردەمە دژی ڕێژیمی پاشایەتیی عیراق و دژی کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز دەیانکرد، دەربڕینێکی هونەریی ئەو خەباتەن. بەڵام چیرۆکەکانی سەججادی لە بەرهەمی ئەوانی دیکە جیاوازن. لەناو چیرۆکنووسانی چلەکان و پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا تەنیا یەك چیرۆکنووسی دیکە هەڵدەکەوێت، کە دەکرێ لەگەڵ سەججادیدا بەراورد بکرێت، چ لە ڕووی زمانەوە و چ لە ڕووی ناوەڕۆکی هونەرمەندانەی چیرۆکەوە، ئەویش حەسەنی قزڵجییە (١٩١٤–١٩٨٥).

شایەکەی ڕەشەی خەجەلاو، چیرۆکی کۆمەڵی دواکەوتووی کوردەواریی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمە. چیرۆکی سیستەمی گەندەڵی پاشایەتییە لە عیراقی ئەو سەردەمەدا، چیرۆکی جیاوازیی چینایەتییە. هاوکاتیش وێنەگرتنێکی نەریت و فەرهەنگی کۆمەڵایەتییە. سەججادی دەیەوێ ئەو سیستەمە سیاسییە ڕیسوا بکات و ئەو بنەما سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە کوردەواریدا سەردەست بوون بخاتە ژێر پرسیارەوە. تێکستەکەی سەججادی دەرۆستی ئەم ئەرکە هونەرییە هاتووە و چاکیشی جێبەجێ کردووە، بێ ئەوەی یەك وشە و یەك دروشمی ڕاستەوخۆی سیاسی بە کار بهێنێت. سەججادی ئاغا بە گەوج و نەخوێندەوار و گەلحۆ دادەنێت، کە دەبێتە ئەندامی پارلەمانی عیراق و عەرەبی نازانێت و هیچ ئاگایەکی لە کاروباری پارلەمان نییە. بەڵام هەر ئەو ئاغایە دەتوانێت بە پێشاندانی ڕوویەکی درۆزنانەی خۆش و بە چەند پیاڵە چا و هەندێ جگەرە و کەمێ گاڵتە و قسەی خۆش، "مسکێن"ەکانی چواردە گوند بخەڵەتێنێت تا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پارلەمانی عیراقی دەنگی بدەنێ.

چیرۆکی بۆچی نەچووین بۆ کوێستان، لە گۆشەیەکی دیکەوە دەڕوانێتە کۆمەڵی کوردەواری؛ لە گۆشەی ژیانی خێڵایەتییەوە و ئەو فەرهەنگەی کە

سالانــی ساڵــی هــاتــوچــۆی گــەرمــیــان و کــوێستــان دروستــی کــردووە. سیستەمی خێڵایەتی پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیە و بەپێی کۆمەڵێك بنەما و نەریت دەڕوا بە ڕێوە کە تێگەیشتنی بۆ کەسێکی دەرەکی ئاسان نییە. سەججادی بە نووسینی ئەم چیرۆکە لە لایەکەوە ئەوە پێشان دەدات کە خـۆی چـەنـدە شارەزای نـەریـتـەکـانـی ژیـانـی خـێڵایـەتـیـیـە و ئـاشنـای بنەماکانی کۆچکردن و هاتوچۆی گەرمیان و کوێستانیانە، لە لایەکی دیکەیشەوە زمان و تێرم و فەرهەنگ و نەریتی خێڵایەتیی لە تێکستێکی هونەریدا بۆ پاراستووین، بێ ئەوەی ئەم ئامانجە کار بکاتە سەر تەکنیك و ناوەڕۆك و شێوەی داڕێشتنی چیرۆکەکە یا هیچ زۆرلەخۆکردنێکی پێوە دیار بێت.

لووتکەی چیرۆکەکانی هەمیشەبەهار و چڵەپۆپەی زمانە کوردییەکەی سەجـجـادی چـیـرۆکـی "لـەپـێـنـاوی ئـافـرەتـا"یـە. لـە ڕووی تـەکـنـیك و لـێوردبـوونـەوەی لایـەنـی دەروونـیـی پـاڵـەوانـەکـان و وریـاکـردنـەوەی خوێنەریشەوە دیسان نموونەی گەش و درەوشاوەی چیرۆکی کوردییە. چوارچێوەی گشتیی تێکستەکە چیرۆکی ئەوین و خۆشەویستیی نێوان دوو ئامۆزایە، سەمسام و گوڵئەندام. بەڵام ئەم چیرۆکە بەستراوە بە دەیان لایـەنـی دیکـەی کوردەوارییـەوە: فـەرهـەنگ و نـەریتـی خێڵایـەتی، شەڕ و ئازایەتی و سوارچاکی، ڕەوشتی بەرز و ڕێزگرتن و خۆشەویستیی نێوان گەورە و بچووك، پارەپەرستی، بنەمای سەختی ناموس و سڕینەوەی بە خـوێن و... هـتـد. سەجـجـادی نـەیـویستـووە کـورتـەچـیـرۆکێکی ئـاسایـی بنووسێت. ئەوە ئاشکرایە ئەو دەیەوێ تێکستێك بئافرێنێت لە داستان و مـەلحەمـە و ئـێپـۆسە گـەورەکـانـی دنـیـا بـچـێت. هـەر لـەبـەر ئـەوەیشە پاڵەوانەکان بە جۆرێك وێنا دەکات زیاتر لە ئافەریدەی نیوە مرۆڤ و نیوە خـودا بـچـن، هـێزێکـی وایـان بـە بـەردا دەکات کە نـاکرێ هـێزی مرۆڤـی ئــاسایـی بـێت. تـۆ سەرنـج لـە سەمسامـی سوورسووری بـدە، کـە حـەوت

پاڵەوانی گەورە و بەهێز بە دوای یەکدا دەکوژێت (ئامۆزاکانی خۆی) بێ ئەوەی پشوویەك بدات و لە شەڕی پاڵەوانی هەشتەمدا، جیهانگیری مامی، هەردوویان پێکەوە دەکوژرێن. جیهانگیر حەوت کوڕی بە بەرچاویەوە دەکوژرێن، بێ ئەوەی فرمێسکێك بڕێژێت یا لەو کارەی پەشیمان ببێتەوە. گوڵئەندام حەوت برا و باوکێك و دەستگیرانێکی وەك سەمسام بە بەرچاویەوە دەکوژرێن، بێ ئەوەی شیوەنێك بکات. دوای ئەوەی تەکشی دا بە زەویدا، زۆر لەسەرخۆ ″شیرەکەی باوکی، ئەو شیرەی کە سامسامی پێ کوژرا، هەڵیگرت... لەسەر لاشەکەی سەمساما هێنای بە ملی خۆیا و بەسەر لەشەکەدا لار بووەوە و بۆ هەتا هەتایێ باوەشیان کرد بە یەکا.″ (سپ: ٣٢). ئەم دیمەن و هەڵوێستانە هیی کورتەچیرۆکێکی تازە و مۆدێرنی ئەم سەردەمە نین. ئەمە جۆرێکە لە زیندووکردنەوەی داستانە مێژووییەکانی وەك گەلگامیش و ئیلیاد و شانامە، بەڵام بە بیر و کەرەستە و زمان و وشە و دەربڕینی کوردانەی ئەمڕۆیین. ئەگەرنا من دڵنیام سەجادی خۆیشی زۆر چاك ئاگاداری ئەوە بووە، کە پاڵەوانەکانی نموونەی مرۆڤی ئاسایی نین و خەڵکی ئەم سەردەمە نین. ئەم جۆرە (پرۆجێکشن: Projection )ـە لە چیرۆك و گێڕانەوە دینی و سیمبۆڵییەکاندا دەخرێتە کار. تۆ کە گوێ لە ڕەوزەخوانی شیعە بگریت، هەست دەکەیت ئیمام حوسەین و هاوەڵانی زۆر لە سەرەوەی مرۆڤی ئاساییین. تاکە کەسێکیان دەتوانێت بە شمشێرەکەی لە چاوترووکاندنێکدا سەری هەزار، دووهەزار کەس لە دوژمنەکانی بپەڕێنێت. ئەم زێدەڕۆیی و هەڵنانە نائاساییانە تەنانەت لە گێڕانەوەی ژیانی سەرکردەی سیاسیی وەك ماوزەدۆنگ، کیم ئیل سۆنگ و شێخ مەحموودی حەفیدیشدا دەبینرێت. وا دیارە گەلان لە هەموو سەردەمێکدا پێویستیان بە پاڵەوانە، پێویستیان بە سیمبۆڵێکە دەستی پێوە بگرن و هێز و وزەی لێ وەربگرن بۆ خەباتی ئێستا و داهاتوویان.

نـووسەر لـەم چـیـرۆکـەدا زۆر جـەخت لـە ئـێتیکی شەڕ دەکـات. هـەر لـە سەرەتاوە، تەکش ئەم بنەمایە ڕوون دەکاتەوە: "ئەو وەختە دنیا وەکو ئـێستـا بـە فـڕوفـێڵ و قـومـاربـازی نـەتـەنرابـوو... دوژمـنـی خـوێنـەخـوێشت بووایە ئەبوایە پێت بوتایە کە نیازم خراپە لەگەڵت، خۆت ئامادە کە!" کاتێ تـەکش سواری یـەکـەم دەبـینێت، لـەبـەر ئـەوەی لـەسەر پێشاوە پـەلامـاری نادات. هـەروەها کاتێك سەمسام و ئامۆزاکانی و مامی شەڕ دەکەن، هەر جـارێك یـەکـێکـیـان دەچێتـە شەڕی سەمسام و هـەموو پێکـەوە پـەلامـاری نادەن و یەك قسەی ناشیرینیش لە دەمیان دەرناچێت.

لە ڕووی تەکنیکەوە ئەم چیرۆکەی سەججادی زۆر لایەنی گەشی تێدایە، کـە دیـارە نـووسەر هـەم سوودی لـە داستـانـە کلاسیکییـەکـان و مێژووی ئـیسلام وەرگـرتـووە و هـەم لـە دەروونـنـاسی و خـوێنـدنـەوەی هـەستـە شاراوەکـانـی مـرۆڤ. پـاڵـەوانـی یـەکـەمـی چـیـرۆکـەکـە سەمسامـی سوورسووریيە. لەپاڵ کۆمەڵێ ڕەوشتی بەرز و جوان و ناسکدا، لەپاڵ ئـەوەدا کـە عـاشقـێکـی دڵسووتـاوە، پـاڵـەوان و سوارچـاك و شەڕکـەرێکـی یەکجار بێوێنەیشە. نووسەر لە سەرەتادا تەکش وەك پاڵەوان پێشکەش دەکات: "ئەم تەکشە... وا ناوبانگی دەرکردبوو کە بیانوتایە وا تەکش هات، مـنـاڵ لـە بـێشکـەدا ژێـر ئـەبـووەوە." بـەڵام هـەر زوو، لـە یـەکـەم ڕووبـەڕووبـوونـەوەدا، بـەرانـبـەر سەمسام دەشکێت و خـۆی لـە بـەرچـاو دەکەوێت: "وتم دەك عەمرت نەمێنێ تەکش بۆ خۆت و غیرەتت!" ئەو تەکشە پاڵەوانە، بە جۆرێ دەکەوێتە ژێر کارکردی ئازایی و هێزی سەمسامەوە کە پێی دەڵێ: "من تازە خولامی حەڵقەبەگوێی تۆم، تا سەرم لە ڕێتا بەخت نەکەم ناگەڕێمەوە." بەم جۆرە نووسەر یەکەم پلەی پاڵەوانەتی و یەکەم مەدالیای سەرکەوتن دەبەخشێتە سەمسام.

سەمسام لەناو گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیدا بۆ تەکش، هەرگیز پەنا ناباتە بەر خۆهەڵنان، بەڵکە جۆرێك لاوازی پێشان دەدات کە دیارە نیشانەی

خاكيبوونيەتی. ئەو باسی پاڵەوانەتيی مام و ئامۆزاكانی دەكات: "حەو كوڕی هەيە، منت چۆن دی، هەر يەكە لەوان چواری وەكو من ئەخاتە كۆشيەوە." ئەو شەوەيش كە دەچێت گوڵئەندام بهێنێت نيشانەی ترسی پێوە ديارە: "لەگەڵ ئەم هەموو زۆر و باهووەدا كە بەم كوڕەوە ديبووم سەيرم ئەكرد زۆريش ئەترسا. وا دەرئەكەوت مام و ئامۆزاكانی گەلێ لەم بەدەسەڵاتتر بوون." كە گوڵئەنداميش دەهێنێت و دەكەونەوە ڕێ، سەمسام بە تەكش دەڵێ: "... ئەگەر ديت لەشكری هەموو دنيا كۆ بۆتەوە و بە شوێنمانا دێن، هيچ گوێی مەدەرێ و وڵاخی خۆت لێ خوڕە، هيچ نين، هەر پێشم مەڵێ! بەڵام ئەگەر ديت هەشت سوار ئەهاتن، پێم بڵێ! ئەوە ئيتر ڕزگاربوون نييە." ئەم هەموو ئامادەكارييە، بە ڕوواڵەت، دژی سەمسامە، بەڵام لە دواييدا دەبينين كە ئەو حەوت ئامۆزا پاڵەوانە هەموويان بە دەستی سەمسام دەكوژرێن. بەوەيش مەداليا و گەورەترين نيشانەی پاڵەوانەتی دەدرێتە سەمسام. ئەمە ئەو تەكنيكەيە كە فێردۆسی (٩٤٠–١٠٢٠) لە شانامەدا بۆ بەرزكردنەوەی ڕۆستەم بە كاری دەهێنێت. لە پێشدا پەسنێكی زۆری دوژمنەكانی دەدات، بەڵام دواتر ڕۆستەم سەر دەكەوێت، بۆ ئەوەی بڵێ لەوانيش پاڵەوانترە، پاڵەوانی پاڵەوانانە.

سەججادی تەنيا پاڵەوانەتی بۆ سەمسام بە كەم دەزانێت، پلەيەكی ديكەشی پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی بيكاتە بوونەوەرێك، نيشانەيەك زۆر لە سەرووی مرۆڤەوە، پلەی شەهيدی و پيرۆزی. سەمسام هەر لە سەرەتاوە كە تەكش دەناسێت، تا ڕادەيەكی زۆر دڵنيايە كە لەپێناوی عيشقدا دەكوژرێت، بەڵام ديسانيش هەر سوورە لەسەر ئەوەی كە بڕوات. بە تەكش دەڵێت: "برام! من بۆ ناو دەريای خوێن ئەچم، ئەو شوێنە شوێنی هيی وەكو تۆ نييە." دواتريش بۆی ڕوون دەكاتەوە كە مامەكەی چەندە بەهێزە: "مامەكەشم خۆی ناوبانگی ئازايی و دەستوبردی لە هەموو وڵاتا دەركردووە. ئەوەش ئەزانم كە دەستم لێ هەڵناگرێ، بەڵام ناچاريشم هەر

ئەبێ بۆی بچم.″ ئەم هەڵوێستە زۆر لە هەڵوێستی ئیمام حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیب (٦٢٦–٦٨٠) دەچێت. ئەویش بۆ شەڕێك دەچوو کە سوور دەیزانی دەیدۆڕێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی بە خاوەنی ڕاستی دەزانی، ناچار بوو، هەر ئەبوو بچێت. نووسەر بە زمانی تەکشیشەوە ئەم پێشهەواڵەی شەهیدبوون دەدا بە گوێی خوێنەردا. ئەو بەیانییەی کە دنیا ڕووناك دەبێتەوە و سەیری جوانیی گوڵئەندام دەکات، دەڵێ: ″... بەڕاستی گوڵئەندام گوڵئەندام بوو. گوڵئەندام ئەوەی ئەهێنا کە ئەو سەمسامە جوانەمەرگە سەری خۆی لە ڕێدا دانێ...″ تۆ دەبینی بێجگە لە پێشبینیی دانانی سەر، واتە کوژران و خۆبەختکردن، پێشتر ئاوەڵناوی جوانەمەرگ بۆ سەمسام بە کار دەهێنێ. تەکش کە ئەمە دەڵێت هێشتا مامی سەمسام و حەوت کوڕە پاڵەوانەکەی دەرنەکەوتوون، بەڵام دیارە دڵی خەبەری دابوو کە سەمسام سەری خۆی دادەنێت و پێیشی وا بوو، گوڵئەندام هێندە جوان بوو، عیشقی ئەو، ئەوەی دەهێنا پاڵەوانێکی لاوی وەك سەمسام لەپێناویدا شەهید ببێت. لێرەدا نووسەر جوانی وەك نرخێکی پیرۆز، دەکاتە لایەکی هاوکێشەیەك، هاوکێشەی خۆبەختکردن و شەهیدبوون لەپێناوی نرخێکی پیرۆزدا. جوانی یا عیشق، لەم دیمەنەدا، وەك ڕاستی، نرخێکی پیرۆزی خودایی و ئاسمانییە، ئەوە دەهێنێت مرۆڤ ژیانی خۆی لەپێناویدا بەخت بکات. کاتێك جیهانبەخش و کوڕەکانیشی دەگەن، دیسان سەمسام بە دوو ڕستە مەرگ و شەهیدبوونی خۆی بە تەکش و بە گوڵئەندامیش ڕادەگەیێنێت. ئەو دڵنیایە کە دەکوژرێت، بەڵام پەشیمان نییە.

چیرۆکی لەپێناوی ئافرەتا پڕە لە نرخە جوان و بەرز و قووڵەکانی کۆمەڵی کوردەواری، بەڵام هاوکاتیش پڕە لە ناکۆکی و کەلەبەر و دژگۆیی و نامەنتیق و نەریتی کۆنی شەرمهێن: لە کاتێکدا سەمسام حەوت ئامۆزای خۆی دەکوژێ، بەڵام لەگەڵ مامیدا یەك قسەی ناخۆش لە دەمیان

نایێتە دەرەوە. جیهانبەخشی مامی سەمسام لەبەر پارە گوڵئەندامی کچی نادا بە سەمسام، بەڵام لەپێناوی شەرەفدا ئامادەیە حەوت کوڕی پاڵەوانی بە بەرچاویەوە بکوژرێن و ئەوجا خۆی بێتە مەیدانەوە بۆ کوشتنی برازاکەی.

تەنانەت وەك تەکنیك و وەك یەکگرتنەوەی ڕاستییەکانیش دەکرێ کەلەبەر و نارێکی لە تێکستەکەدا بدۆزینەوە. سەمسام دەڵێ من و گوڵئەندام ئەمە حەوت ساڵە دڵمان پێکەوەیە، کەچی کاتێك تەکش چاوی بە گوڵئەندام دەکەوێت دەڵێ: "تەماشام کرد وا کچێکە لە تەمەنی هەژدە ساڵانا..." بەم پێیە، دەبێ گوڵئەندام هێشتا یانزدە ساڵان بووبێت کە لەگەڵ سەمسامدا دەستیان بە دڵداری کردووە. یان دەبێ بڵێین تەکش لە تەخمین و قرساندنی تەمەنی گوڵئەندامدا بە هەڵەدا چووە.

ئەو شێوەیەیش کە جیهانبەخش و سەمسام یەکتر دەکوژن، کەمتر لەگەڵ ڕاستیی شەڕی شیر و تیردا دەگونجێت. لە شەڕی تازەدا بە چەکی ئۆتۆمات زیاتر ڕێی تێ دەچێت دوو دوژمن هاوکات یەکتری بپێکن. تەکش ئاوەهای دەگێڕێتەوە: "لەو وەختەدا کە شیرەکانیان داهێنایەوە، هیچیان دەستیان سەری نەکرد و خۆیشیان بۆ نەپارێزرا." ئەوجار، ئایا بە ڕاستی هیچ شەڕکەر و جەنگاوەرێك دەتوانێت بە شیر سەری مرۆڤێك بپەڕێنێت؟ ئەی کەللەیەکی پەڕێنراو دەتوانێت قسە بکات؟ ئەمانە زیاتر لە دیمەنی فیلمی شەڕی یۆنان و ڕۆمای پێش مێژوو دەچن، یا لە چیرۆکەکانی ڕۆستەمی زاڵ. سەججادییش هەر ئەمەی ویستووە. ئەو ئەگەرچی شێوەی کورتەچیرۆکی هەڵبژاردووە، بەڵام لە دڵدا داستانێکی پاڵەوانانەی کلاسیکیی داڕێشتووە. لە داستانێکی وەهادا هیچ شتێك ناکۆك و نامەنتیقی نییە و هەموو شتێکیش دەتوانێ ڕوو بدات.

تەکش تاکە کەسێکە لەم شەڕ و کارەساتە ماوەتەوە. هەر لە سەرەتای

چیرۆکەکەوە ئەو خۆی وەها دەناسێنێت: ″ئەم تەکشەی کەوا ئێستە ئەیبینی ئیفتادە و شەل و کوێر بووە...″ هەر دوو دێڕ دواتر بۆ دیاریکردنی سەردەم و کاتی ئەو ڕووداوەی دەیەوێ بیگێڕێتەوە دەڵێ: ″تافی هەرزەکاریمە، تازە خەتم داوە، ئێجگار کە ناوی خۆمم بیستۆتەوە، کەس لە ژوور خۆمەوە نابینم.″ بەم دوو وێنەیەدا تێدەگەین ئەو باسی کارەساتێك دەگێڕێتەوە کە هەر نەبێ ٥٠–٦٠ ساڵ پێشتر ڕووی داوە. واتە ئەو وەك پیرێك ئەمە دەگێڕیتەوە. چەند جوانیشە، کە قسەکان دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕۆڵە! وەك لەگەڵ گەنجێکدا بدوێت و بیەوێ ئەزموونی نەوەیەك بگەیێنێتە نەوەیەکی دیکە. سەججادییش ڕێك هەر ئەو مەبەستەی هەبووە کە ئەم نەریتە بۆ نەوەی نوێ بگێڕێتەوە و ڕیسوای بکات. بەلام بە وشەی ڕاستەوخۆ، بە دروشمی سیاسی و بە قسەی تیۆری هیچ ناڵێت، تەنیا لە دوا بڕگەدا کە چکاوی هەموو ئەزموونەکە دەداتە دەستەوە، بە ڕستەیەکی سادە کە خەم و ژیری و ئەزموونی سالانی لێ دەچۆڕێ، بە زمانی تەکشەوە، دەڵێ: ″ڕۆڵە، ئەگەر مامەکەی بیانووی ئەو شیربابیە زۆرەی لەو جوانەمەرگە نەگرتایە، بۆچی ئەو کارەساتە بەسامە ڕووی ئەدا؟″

سەرەتای چیرۆك لای سەججادی یەکجار بەهێزە و یەکسەریش خوێنەر دەخاتە داوی عیشقی خۆیەوە، دیارە خوێنەری بەسەلیقە و زماندۆست و جوانیناس. لە یەك، یا دوو یا چەند ڕستەیەکدا بنەڕەتێك دادەمەزرێنێت کە ئیتر تۆ دەزانی ئەمە شتی زۆر گرنگ و جوان و گەورەی بە دوادا دێت و ناکرێت و ناتوانیت دەستبەرداری ببیت و وازی لێ بێنیت. نا، ناکرێ. تۆ ناچاریت لەگەڵی بڕۆیت، ناچاریت گوێی بۆ ڕادێریت تا چیرۆکەکەی تەواو دەکات. من بەپێی بەهێزی و جوانیی سەرەتاکان حەز دەکەم چیرۆکەکان بەم شێوەیە ڕیز بکەم:

١. هێشتا ئەم تۆپ و تفەنگ و هەیتوهووتە دانەهاتبوو، باو هەر باوی شیر و تیر و ڕم و مەتاڵ بوو (لەپێناوی ئافرەتا).

٢. هەموو فەسڵێ فەسڵی خوایە. ئەو ساڵە کە ڕەشەی خەجەلاو شاییەکەی دایکی حەمەی جوانەمەرگی کرد هەر لەم فەسڵەدا بوو (شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو).

٣. بیری منالّی تیژە، تازە پێم گرتبوو، نەوەڵڵا چوار پێنج ساڵان ئەبووم (بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟).

٤. ئەبێ، هەژدە ساڵ ئەبێت، باوکم بۆی گێڕامەوە وتی (جەوهەراغا).

٥. گیارەشی بەهارە، ماڵمان لە ئاواییی قەدەفەرە... (ڕۆنەزەنگی حەمەسەن).

٦. نامەخوا وڵات ئەوەندە لە ئاسایش و خۆشیدا بوو لەوانە بوو گورگ و مەڕ لە هەموو سەرکانیاوێکیا پێکەوە ئاویان ئەخواردەوە ( کاڵای باڵای شا).

لایەنی هەرە بەهێز لەم چیرۆکانەی سەججادیدا زمانە، زمانی کوردی. ئەگەر دەتەوێ جوانیی زمانی کوردی ببینیت و چێژی لێ وەربگریت، چیرۆکەکانی سەججادی، بەلاّم بە تایبەتی و لە پێش هەموویاندا لەپێناوی ئافرەتا بخوێنەوە...! لێرەدایە کە جوانیی زمان دەگاتە باڵاترین پلە، دەگاتە چڵەپۆپە. پیاو دەتوانێ زۆر بە دڵنیاییەوە بڵێت، لەو سەردەمەدا کە سەججادی ئەم چیرۆکانەی بەم زمانە کوردییە جوان و ڕەوانە نووسیوە، لە هەموو کوردستاندا و لەناو هەموو نووسەرانی کورددا هیچ کەسێکی دیکە نەبوو کوردییەکی لە کوردییەکەی ئەو جوانتر و ڕەوانتر بنووسێت. من پێم وایە دەکرێ دوو نووسەری دیکەی ئەو ساڵانە لەو ڕووەوە لەگەڵ سەججادیدا بەراورد بکرێن: لە پەخشاندا پیرەمێرد، بەتایبەت لە وەرگێڕانەکەی ڕۆمانی (کەمانچەژەن)دا و لە شیعریشدا گۆران، ئەگەرچی پیرەمێرد لە هەندێ تێکستدا کورتی هێناوە و زمانێکی لاواز و بێپێزی بە کار بردووە.

سەجـجـادی لـە زۆربـەی نـووسـەرانـی سـەردەمـی خـۆی زیـاتـر پـێبـەسـتـی زمـانـی سـتـانـداردە، بـەڵام دیسـانیش زۆر بـە وریـایـی کـاتـێك قسەکردنـی کـەسـێکـی تـایـبـەت یـا هـیـی نـاوچـەیـەکـی تـایـبـەت دەگـوێزێتـەوە، شێوەی قسەکردنەکە دەپارێزێت و زۆر جوان دەیخاتە خزمەت تێکستەکەوە. لە ڕووی ڕێزمانی کوردییەوە، هێندەی سەرنجم دابێت، سەججادی لە دوو شێوەی دەربڕیندا لە ڕێزمانی ستانداردی کوردی لا دەدات و جۆرێك بە کاریان دەهێنێت کە نازانم ئایا هیی ناوچە و زاراوایەکی تایبەتە یا هەر هەڵەیەکە و لێی ئاگادار نییە:

١. لە چیرۆکی کالآی باڵای شادا دەنووسێت: ”...ئەمەیان گەورەتر شتێکە کە...“ لەجێی ئەوەی بڵێت گەورەترین شتێکە. ئێمە دەزانین شێوەی باڵای ئاوەڵناو (سوپەرلاتیڤ: Superlative) لە کوردیدا بەوە دروست دەبێت کە پاشگر(سوفیکس: Suffix)ی (ترین) بخەینە سەر ئاوەڵناو یا دانانی ئاوەڵکاری (هەرە) پێش ئاوەڵناو.

٢. کوردی یەکێکە لەو زمانە دەگمەنانەی کە لە شێوەی گەردانکردنی کرداردا ئێرگاتیڤ (ergative) بە کار دەهێنێت. ئێرگاتیڤ لە کوردیی سەروودا (کرمانجی) زۆر بەربڵاوە و گۆڕان لە کرداری تێپەڕ و لە دۆخی ڕابوردوودا ڕوو دەدات و کار دەکاتە سەر ناویش و جێناویش. لـە کـوردیـی نـاوەنـدیـدا تـەنـیـا کـار دەکـاتـە سەر جێنـاو. لـە سـەرەتـای هـەمیشەبەهـاردا دەنووسێت: ”... کۆم کردنەوە و کردنم بەم بەرگە...“ دیارە کرداری یەکەمی بە شێوەیەکی ڕاست بە کار هێناوە، بەڵام لە کرداری دووەمدا نەیپێکاوە و دەبوو بنووسێت (کردمن بەم بەرگە). لە جـەوهـەراغـادا دەنـووسێت (گـەیـانـدیـنـیـانـەوە) کـە دەبـوو بـنـووسێت (گەیاندیانینەوە). هەر لەو چیرۆکەدا دەنووسێت (گردتیان)، کە دەبوو بنووسێت (گرتیانیت). لە ڕاوەژیشکیشدا لەجێی (بردیانم) دەنووسێت (بردمیان). لە سێوەنگ و مام ڕێویدا دەنووسێت (گرتمیان)، بەڵام

دەبوو بنووسێت (گرتیانم).

ئەگەر مامۆستا لە سەرتاپێی تێکستەکانیدا هەر ئەو شێوەیەی بە کار ببردایە کە من پێم وایە لادانە لە ڕێزمانی ستانداردی کوردی، من هەرگیز ئەو مافەم بە خۆم نەدەدا ئەم باسە بهێنمە گۆڕێ. بەڵام لەبەر ئەوەی لە زۆربەی تێکستەکاندا ئەو شێوەیەی خستووەتە کار کە پێم وایە لەگەڵ ڕێزمانی ئێرگاتیڤدا دەگونجێت، کەواتە ئەو شارەزای ئەو شێوە داڕێشتنەیە، بەڵام جاروباریش لێی لای داوە.

سەججادی وەك لە زمان و ناوەڕۆکدا هێندە بەهێز و جواننووسە، لە شێوە(فۆرم)ی چیرۆکدا لە چیرۆکنووسانی دیکەی نەوەکەی خۆی تێنەپەڕاندووە. ئەویش هەر پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان و لە زۆربەیشیاندا هەر کەسی یەکەم قسە دەکات. لە کاڵای باڵای شادا، چونکە چیرۆکی خۆی نییە، کەسی یەکەمی چیرۆکەکەیش دیار نییە، هەر نووسەر خۆیەتی ڕووداو دەگێڕێتەوە. لە ڕۆنەزەنگی حەمەسەندا، ئەوەی دەیگێڕێتەوە هەر حەمەسەن خۆیەتی، واتە کەسی یەکەمی چیرۆکەکە، کەچی ناوی چیرۆکەکە وا دەنوێنێت وەك ئەوەی یەکێکی دیکە بیگێڕێتەوە. بەڵام چیرۆکی لەپێناوی ئافرەتا ڕیزپەڕە و لەوانی دیکە جیاوازە. لەو چیرۆکەدا شێوەیش تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووە و لایەنی خوێندنەوەی دەروونییش داهێنانێکی تازەیە بۆ ئەو سەردەمەی چیرۆکی کوردی.

**ئەدەبی منداڵان و لاوان**

بە تەماشاکردنێکی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی، یەکسەر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەدەبی منداڵان و لاوان بە زمانی کوردی، ژانرێکی تازەیە و لە ڕابوردوودا بایەخی کەمی پێ دراوە. هەتا ساڵی ١٩٥٠ تەنیا حەوت کتێبی چیرۆکی منداڵان بە کوردیی ناوەندی چاپ کراون. لەم حەوت

کتێبە سێیان چیرۆکی فۆلکلۆرین (کەڵەباب، خۆشی و ترشی و خێوی مزگەوت)، یەکێکیان لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی (منداڵەکانی دارستانی تازە) و سێیان چیرۆکی تازەن (خانووی تازە، چیرۆك بۆ منالان و هاوڕێی منداڵ) کە شاکر فەتتاح نووسیونی. ئەوی ڕاستی بێت، لەم حەوت کتێبە من تەنیا "منداڵەکانی دارستانی تازە"م بینیوە و خوێندووەتەوە.

ژانرەکانی ئەدەبی کوردی تەنانەت ئەمڕۆیش هێندە ڕوون و ئاشکرا و دیاریکراو نین کە هەموو نووسەرێك و خوێنەرێك سنوورەکانی نێوانیان بناسێت. زۆربەی نووسەرانیش بە تەنگ ئەوەوە نین ئەو سنوورانە بپارێزن. ئەگەر شاکر فەتتاح بە یەکەم کەس دابنێین کە کتێبێکی چیرۆکی بۆ منالان بە کوردی نووسیوە (١٩٣٣)، سەججادی دەبێتە دووەمین نووسەری کورد کە بەشێکی چیرۆکەکانی بۆ منالان تەرخان کردووە. من لەبەر ئەوەی چیرۆکەکانی شاکر فەتتاحم نەخوێندوونەوە، نایشتوانم چیرۆکەکانی سەججادییان لەگەڵدا بەراورد بکەم. بەڵام دەزانم و دەبینم کە سەججادی چەند بە هۆشیارییەوە ئەدەبێکی نووسیوە، دەکرێ ناو بنرێت ئەدەبی منداڵان و لاوان. خۆیشی سنووری نێوان ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەورەساڵانی زۆر چاك ناسیوە و ڕەچاوی کردووە.

ئەگەر سەججادی کورتەچیرۆکەکانی خۆی بۆ گەیاندنی پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی بە کار هێنابێت، ئەوا ئەدەبی منداڵانی بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و لاوی کورد بە کار هێناوە تا نرخەکانی ڕاستی و داد و هاودەردیی مرۆڤانە و ڕاستگۆیی و نیشتمانپەروەری فێر ببن و دژی درۆ و فێڵ و زۆرداری ڕابوەستن. تەنانەت لەم چیرۆکانەدا زمانێکیشی بە کار بردووە کە لەگەڵ زمانی کورتەچیرۆکەکانیدا لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینەوە و لە ڕووی داڕێشتنەوە جیاوازە. دەکرێ ئەو ڕەخنەیە لە زمانی سەججای بگرین کە لە

جێگەیەکدا، لە چیرۆکی دووبراکەدا، منداڵ بە جۆرێك قسە دەکات دەڵێی گەورەساڵێکی بەئەزموون و دنیادیتووە، نەك منداڵێکی حەوت یا هەشت ساڵان، کە دەبێ وەك منداڵێك بدوێت و بیر بکاتەوە. شاهۆ، لەو چیرۆکەدا دەڵێ: ″... بەتایبەتی ئەم باس و مەسەلەیە لەم قەومی ئێمە کە قەومی کوردە ڕووی داوە؛ هەندێ کەس خێراتەکەمان ئەخۆن و کەچی ئێمەیان بە شتێکی ترەوە خەریك کردووە... بەڵام داخەکەم، بابە گیان، هەزار فاتیحە پوولێك نایەنێت.″ (سەججادی ١٩٦٠: ٩٥). ئەم جۆرە زمانە لای نووسەری دیکەیش بەرچاو دەکەوێت. جەلادەت بەدرخان لە چیرۆکی ″بەر تەڤنا مافووریێ″دا دوو کچی منداڵی بە جۆرێك هێناوەتە قسەکردن، دەڵێی دوو سەرکردەی گەورەی کوردن و بیر لە پاشەڕۆژی نەتەوەکەیان دەکەنەوە (بەدرخان ١٩٣٢). پیرەمێردیش لە چیرۆکی، یا شانۆنامەی، مەم و زیندا، هەر وای کردووە. زین، کە لەو تێکستەدا کچێکی جرپن و سافیلکەیە، بە جۆرێك باسی ڕزگاریی کورد و کوردستان دەکات، لە کەسێ وایە، ببێ و نەبێ ئەمە کوردێکی شارەزای سیاسەتە و بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەی بەپەرۆشە (پیرەمێرد ١٩٣٤).

هەر لەبارەی ئەم چیرۆکانەوە ئەوەیش سەرنج ڕادەکێشێت کە نووسەر هەر شەش چیرۆکەکەی لە ماوەی شەش مانگی مارت تا ئابی ١٩٤٩دا نووسیون. هەر مانگێك چیرۆکێکی نووسیوە و لە گەلاوێژدا بڵاوی کردووەتەوە. کەچی ئەو شەش کورتەچیرۆکەی بۆ گەورەساڵانی نووسیون، لە ماوەی شەش ساڵدا نووسیونی. تۆ وا هەست دەکەیت، لەپڕ بڕیاری داوە کە خۆی بۆ نووسینی چیرۆکی منداڵان تەرخان بکات. دەبێ چ هۆیەك و چ پاڵنەرێکی ڕۆحی یا سیاسی یا ئێستێتیکی لە پشت بڕیارێکی وەهاوە هەبووبێت؟ دەبێ لەو ماوەیەدا چیی خوێندبێتەوە کە ویستوویەتی و توانیویەتی لە شەش مانگدا، شەش چیرۆك بۆ منداڵان بنووسێت؟

ئـەو شەش چـیـرۆکـەی سەجـجـادی کـە بـۆ مـنـداڵـی نـووسـیـون هـەم وەك نــاوەڕۆك زۆر بــەهــێز و ئـامــانجدار و پــەروەردەكــارانــەن، هــەم لــە ڕووی زمـانیشەوە جوان و دەوڵەمەند و بەرزن. زمـان لەم چیرۆكـانەدا سادەترە، ڕستــەكــان كــورتــتــرن و ئــەو مــێتـافــۆرە ڕەنـگدار و فـرەلایــەنــانــەی لــە كورتەچیرۆكی گەورەساڵاندا بە كار براون، لەمـانـەدا نـابینرێن. ئەگەرچی لە هەر چیرۆكێكدا یەك بـابەتی سەرەكی هەیە كە ناوەڕۆك بە دەوریدا دەسووڕێتەوە، بەڵام هـاوكاتیش كۆمەڵێك نرخی دیكەی بەرزی مرۆڤانە و كۆمەڵێك زانیـاریی گرنگیش سەرتـاپێی تێكستەكە دەڕازێننەوە. ئێمە كە لەم تـایـبـەتمەنـدیـیـانـە ورد دەبـیـنـەوە، دەزانین كـە نـووسەر بـە هـۆشیـاری و تـێگـەیشتـنـێكـی تـەواوەوە زانـیـویـەتـی بـۆ كـێ دەنـووسێت و دەبـێ چۆن بنووسێت؟

لە چیرۆكی منداڵاندا سەججادی هەمیشە یەك شێواز و یەك تەشكی داڕێشتنی هەیە: كۆمەڵە منداڵێك یاری دەكەن، یا دەخوێننەوە، گرفتێك پەیدا دەبێت یا پرسیارێكیان لا دروست دەبێت و بۆ پرسیار یا چارەسەر پەنا دەبەنە بەر گەورەساڵێك (باوك، دایك، داپیرەیەك، باپیرەیەك... هتد). ئەو كەسە لە سەرەتادا بڕێك نازیان بەسەردا دەكات، بەڵام ناتوانێ دڵیان بشكێنێت و چیرۆكێكیان بۆ دەگێڕێتەوە و پەندێكیان فێر دەكات كە لەگەڵ یاری، پرسیار یا ناكۆكییەكەی ئەواندا یەك دەگرێتەوە. ڕاستییەكەی، ئەو هـەمیشە لـەنـاو چیرۆكـەكـەی خۆیدا چیرۆكێكی دیكـە دەگێڕێتەوە، واتە كـارەكـەی دەبێتـە چیرۆك لـەنـاو چیرۆكدا. گـەوهـەری چیرۆكـەكـان ئـەو چـیـرۆكـانـەی نـاوەوەن كـە دەگێڕدرێنـەوە. واتـە ئـەگـەر ئـەوانـە لـە قـاوغـی چیرۆكە سەرەكییەكە دەربهێنین، تەنیا هەندێ منداڵی حەپەساو، ناكۆك یا لە یەكدی تۆراو دەمێننەوە، دەوری گەورەساڵێكیان داوە و داوای یارمەتی و ڕێنوێنیی لێ دەكەن. ئێمە دەتوانین نەخشەی چیرۆكەكان و كەسەكان و بابەتەكان بەم جۆرە بكێشین:

| پەند | چیرۆکبێژ | گەورەساڵ | منداڵەکان | چیرۆك |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| نابێ خەڵك فریو بدرێن | باوك | باوك، دایك | نەوزاد، نەسرین | ڕاوەژیشك |
| زاڵم زەواڵی هەر ئەبێ بۆ بگا... | کاکی ئازاد | کاکی ئازاد | ئازاد، کاکی ئازاد | گورگ و بەرخەکە |
| خۆشەویستیی نیشتمان | باوك | باوك، دایك | سێوەنگ، تارا | سێوەنگ و مام ڕێوی |
| چەوساندنەوەی مرۆڤ | باوك | دایك، باوك | هەڵۆ، شاهۆ | دووبراکە |
| فڕوفێڵ هەر ئاشکرا دەبێت | نەنە پیرۆز | نەنە پیرۆز | پشکۆ، پووشوو، هەڵۆ، خانزاد، پەریزاد، سەوڵێ | ڕێوییەکەی قەمچۆغە |
| درۆ ئاشکرا دەبێت | خاڵە مەنوچەر | خاڵە مەنوچەر، دایکی دانا | دانا، نەریمان، نەشمیل، خەرامان، زانا، فلاّمەرز | بزن و مەیموونەکە |

لە کورتەچیرۆکەکاندا و لە چیرۆکی منداڵانیشدا سەججادی بایەخێکی، لە چاو سەردەمی خۆیدا، گەورە بە ژن دەدات و نەخشێکی گرنگیان پێ دەبەخشێت و بە شێوەی جیاواز یەکسانیی ژن و پیاو جەخت دەکات. لە زۆربەی چیرۆکەکاندا یا خوشك و برایەك یا سێ کوڕ و سێ کچ پێکەوە یاری دەکەن و دەرس دەخوێنن. کوڕ و کچ وەك یەك لای باوکیان خۆشەویستن. تەنانەت لای کۆچەری و لادێییەکانیش ستایشی ژن دەکات: لە ڕۆنەزەنگی حەمەسەندا دوو جار پەسنی خازە دەدات و وەك ژنێکی ژیر ناوی دەهێنێت. لە "بۆچی نەچووین بۆ کوێستان"دا دایکەکە لەگەڵ پیاواندا دادەنیشێت و لەبارەی کاروباری خێڵەوە بڕیار دەدات.

## ژیانێکی ئارام و ڕەنگدار

وا پێ دەچێت دوای داخستنی گۆڤارەکانی گەلاوێژ و نزار، سەججادی ئیتر بڕیاری ئەوەی دابێت کە ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین لە بواری ئەدەب، مێژوو، زمان و فەرهەنگی کورددا تەرخان بکات. ئەم خۆتەرخانکردنە سەرەتای جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە فەرهەنگییە بوو کە لە ماوەی سیوچوار ساڵی داهاتووی ژیانیدا بە ڕێکوپێکی پێوەی خەریك بوو. ئەو هەر لە سەرەتاوە دوور بوو لە کاری سیاسییەوە و هێندەی بیستبێتم و خوێندبێتمەوە هەرگیز نەبووە بە ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی. بەڵام پێوەندییەکی گەرم و چاکی لەگەڵ زۆربەی سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد و عیراقدا هەبووە. دۆکتۆر مارف خەزنەدار دەیگێڕێتەوە کە لە ساڵانی سەرەتای پەنجاکاندا، کاتێ لە زانستگەی بەغدا خوێندوویەتی، لەناو خوێندەوار و ڕووناکبیرانی کورددا ئەگەر کەسێك بیگوتایە "مامۆستا"، ئاشکرا بوو کە مەبەستی مامۆستا سەججادییە (خەزنەدار ٢٠١٠).

کاری سەرەکیی سەججادی لە سەرەتای چلەکانەوە و تا دواساڵەکانی ژیانی، بەرنوێژی بوو لە مزگەوتێکی بچکۆلەی نزیك گۆڕەپانی مەیدان لە شاری بەغدا. لە ساڵی ١٩٦٠ەوە لە کۆلێجی ئادابی زانستگەی بەغدا بووە بە مامۆستای ئەدەبی کوردی و لە ساڵی ١٩٧٢دا بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا. ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٧ ئەمینداری ئەوقاف بووە لە ئەنجومەنی ئۆتۆنۆمی لە هەولێر و لەوە بە دوا خانەنشین کراوە.

هەموو ئەوانەی سەججادییان لە نزیکەوە ناسیوە دوو لایەنی زۆر دیار و گرنگ لە کەسایەتیی ویدا جەخت دەکەن: یەکەم: ڕەوشتێکی یەکجار بەرز کە دەکرێ بە دووروودرێژی لەسەری بنووسرێت و وردەکارییەکانی ڕوون بکرێنەوە و دووەمیش: ڕێکوپێکی و ڕێکخستنی کات و ژیانی

ڕۆژانەی، تا بتوانێت خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان بکات و بەرهەمەکەیشی ئەو هەموو کتێبە نایابانە بوو کە بۆ نەتەوەکەی و بۆ مرۆڤایەتیی بە جێ هێشتن. لە ڕووی باوەڕەوە کەسێکی موسڵمان و باوەڕدار بووە و کوردێکی نیشتمانپەروەر. پیاوێکی نەترس بوو کە وەك مەلایەك ئەو هەموو بابەتانەی ڕشتەی مرواریی بڵاو کردوونەوە، ئەگەرچی دەیشیزانی لە کوردەواریی ناوەڕاستی پەنجاکاندا لەوە بوو خەڵکیکی زۆر دژی بوەستن و زۆر تاوانی ناشیرین و ناڕاستی بدەنە پاڵ.

**پرۆژەیەکی فەرهەنگی**

سەججادی، زۆرجار و لە نووسینی جیاوازی خۆیدا، گرنگیی زمان و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بۆ مانەوە و گەشەکردن و بەهێزبوونی نەتەوەی کورد جەخت دەکات. ئەم جەختکردنە، دیارە، بەرهەمی بیرکردنەوە و ئەزموونێکی قووڵ و درێژخایێنە و ساڵانێکی دوورودرێژ بووەتە دروشمێك و نیشانەیەك بۆ نووسینەکانی. ڕاستییەکەی، ئەو هەبوونی کورد وەك نەتەوەیەك دەبەستێتەوە بە هەبوونی زمانی کوردییەوە. لەو پێشەکییەدا کە لە ٢٥/١/١٩٥١دا بۆ "مێژووی ئەدەبی کوردی"ی نووسیوە، باسی ئەزموون و گومانێکی خۆی دەگێڕێتەوە، چۆن ناچاری کردووە هەبوونی خۆی و ناسنامەی خۆی بخاتە ژێر نەشتەری کۆمەڵێك پرسیاری فەلسەفی و فەرهەنگی: "... لەو زەریای خەیاڵەدا کەوتمە سەر ئەوە کە میللەت مادام میللەت بوو، بێگومان ئەبێ زمان و ئەدەبییات و تاریخی ببێ. ئەگەر نەیبێ بە هیچ ناژمێررێ و هیچ نییە..." ئەم بڕوا بتەوە بە زمان و فەرهەنگ و مێژوو دەبێتە بنەڕەتی ئەو فەلسەفەیەی هەموو ژیان و کارەکانی سەججادی ڕەنگڕێژ دەکات. چەند دێڕێك دواتر دەنووسێت: "بەڵگەی قەومی کە زمانە من هەمە. من لە نەتەوەی قەومێکم کە لە بەرەبەیانی تاریخەوە بەم زمانە کە من قسەی پێ

ئەکەم و پێی ئەنووسم، قسە ئەکەن...″

بەرگی یەکەم و دووەمی ڕشتەی مرواری لە ساڵی ١٩٥٧دا چاپ کراون، بەڵام سەرەتای بەرگی یەکەم لە ٢٤-٣-١٩٥٢دا نووسراوە. سەججادی لەو سەرەتایەدا تیۆرییەکەی خۆی پەرە پێ دەدات. لەو سەرەتایەدا سەججادی قسەی دڵی خۆی دەدرکێنێت و خوێنەر تێدەگەیێنێت کە مەبەستی سەرەکیی ئەو، زمانە، زمانی کوردی. لە بڕگەی یەکەمی ئەو سەرەتایەدا دەنووسێ: ″کە زمان نەبوو قەومییەت نییە. کوردیش تا ئێستە بۆیە ماوەتەوە چونکە زمانی هەبووە، ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنێ.″ (سەججادی ١٩٥٧). بەڵام ئەو پێی وایە دەبێ زمان پێی بنووسرێت و بخوێنرێت، دەبێ بخرێتە سەر کاغەز. نیو لاپەڕەیەك دواتر دەنووسێت: ″زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی زمانی کوردی لەسەر قاقەز کارێکی چ گەورە ئەکاتە سەر مانەوەی قەومییەتی نەتەوەی کورد. [...] هیچ ئامانجێکم نییە تەنیا پاراستنی زمانی کوردی نەبێ، ئەویش بۆ پاراستنی قەومییەتی کورد لەو تەنگوچەڵەمانەی کە گەمارۆی داون. [...] زمانی خۆت بپارێزە و بە زمانی خۆت بخوێنەرەوە، ئیتر خەمی هیچت نەبێ.″ لە کۆتاییی هەر ئەو بەرگەدا دەنووسێت: ″من بۆ دانان و ڕێکخستنی ئەم کتێبە گەلێ شوێن گەڕام و هەڵسوکەوتم لەگەڵ گەلێ کەسی سادە و بەرزا کرد. لە بەری ئەم فرمانەم ئەوەم دەست کەوت کە کۆمەڵە ئەدەبێکی لە وشەی کوردیی پەتیم بۆ هاتە ئەنجام. لەمەوە ئەگەر کتێبێکی وەها نەبووایە ئەو وشانە نەئەچوونە ناو خەزنەی سامانی مانەوەی زمانی کوردی.″ نووسەر ئەم جۆرە باوەڕانەی لە بەرگەکانی دیکەی ڕشتەی مرواری و لە زۆربەی نووسینەکانی تریشیدا چەند جارە جەخت دەکاتەوە.

لە سەرەتای بەرگی سێیەمی ڕشتەی مرواریدا، (سەججادی ١٩٥٨)، دەنووسێت: ″... هەرکەس لە عاستی خۆی ئەبێ هەست بەوە بکا کە بۆ

بەرزیی قەومی خۆی ئەبێ بژی؛ بۆ ئەوە بژی کە قەومەکەی بەرز ببێتەوە، قەومیش بەرز نابێتەوە تا خوێندەوار نەبێ، خوێندەواریش نابێ تا بە زمانی خۆی نەخوێنێتەوە.″ ئەم هاوکێشەیە لای سەججادی دەبێتە بنەمای باوەڕێك و تیۆرییەك کە دەیان جار دووبارە و چەندبارەی دەکاتەوە. چەندپاتەکردنەوەیش خۆی میتۆد و ڕێبازێکی پەروەردەیی و پێداگۆگییە بۆ چەسپاندنی بیرێك لای وەرگر. لە سەرەتای هەمیشەبەهاردا (سەججادی ١٩٦٠: ٤) دەڵێ: ″تا ئێمە ئەمە حاڵمان بێت و بێگانە بین لە مێژوو و ئەدەب و ڕازونیازی قەومی خۆمان هەروا وەکو ئەم چەرخانەی ڕابوردوو بە وێنەی ئاردی ناو دڕکان ئەمێنینەوە.″

ئەگەرچی لە سەرەتاوە زیاتر گرنگیی زمانی جەخت دەکرد، بەڵام دواتر مەرجی دیکەیش دەخاتە سەر بیرەکانی، وەك خوێندنەوە، خوێندن و هەبوونی ئەدەبێکی نووسراو. لە سەرەتای بەرگی پێنجەمی ڕشتەی مرواریدا، (سەججادی ١٩٧٢: ٤)، ئەم بیرە وەها دەردەبڕێت: ″من ئەڵێم نەتەوە کاتێك پێی ئەخاتە مەیدانی نەتەوایەتییەوە کە زمانێك و ئەدەبێکی هەبێت...″

ئەم تیۆرییەی سەججادی و ئەوانەی وەك وی بیریان کردووەتەوە، لەوەیە بۆ ئەو سەردەمە ڕاستییەکی تێدا بووبێت، چونکە دامەزراندنی نەتەوە پێویستی بە بنکە و بنەڕەتێکی بتەو هەیە و زمان و فەرهەنگیش بەشێکی یەکجار گرنگی پێکهێنی ئەو بنەڕەتەن. پێویست ناکات سەججادی شارەزای تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم بووبێت، بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە زانستی سیاسیی ئەمڕۆدا پێی دەگوترێ ناسیۆنالیزمی زمانەوانی (Linguistic Nationalism). هەر ئەم بیرە لای هەژاری شاعیریش، لە شیعرێکدا ساڵی ١٩٤٨ نووسیویەتی، دەخوێنینەوە:

بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم

بە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم

بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە

لەو دنیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە (هەژار ٢٠٠٠: ٢٠–٢١).

دەربڕینەکەی هەژار پەرگرییەکی لە ڕادەبەدەری پێوە دیارە و ئاشکرایشە کە لەگەڵ مەنتیقی فیزیکیی مردن و لەگەڵ مەنتیقی دینیشدا ناگونجێت، بەڵام بیرەکانی سەججادی بە شێوەیەکی زۆر ئاوەزکارانە و مەنتیقی و ژیرانە داڕێژراون.

محەمەدئەمین زەکی بەگ مێژوو بە بنەمایەکی گرنگی نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی دادەنێت. هەر لە یەکەم برگەی سەرەتای "خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان"دا ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن پەیدابوونی بیری تورکایەتی و تورانیزم لە جێی عوسمانی، بووەتە هۆی ئەوەی ئەمیش بۆ بنەچە و ڕەگوڕیشەی نەتەوەکەی خۆی بگەڕێت. هەر ئەم هەستەیش بوو کە نووسینە بەنرخەکانی زەکی بەگی لە بواری مێژووی کوردستاندا بەرهەم هێنان. بەڵام لەپاڵ بایەخی مێژوودا، زەکی بەگ نەخشی زمانیش جەخت دەکات: "بەعزێ لە دۆستان ویستیان کە ئەم کیتابانە یا بە عەرەبی وەیا بە تورکی بنووسم، بەڵام بەڕاستی لام موناسیب نەبوو، کە تەئریخی کورد و کوردستان، لە تەرەف کوردێکەوە و لە هەمووی زیاتر بۆ کورد بە زمانێکی غەیرەکورد[ی] بنووسرێ." (زەکی بەگ ٢٠٠٦: ٣). هەر لەو نووسینەدا زەکی بەگ تەنانەت ڕەخنە لە شەرەفخانی بتلیسی دەگرێت و پێی وایە کە دەبوو شەرەفنامە بە کوردی بنووسێت.

سەججادی خاوەنی پرۆژەیەك و پەیامێکی گشتگر بوو. ئەو دەیویست مرۆڤی کورد خاوەنی ناسنامەی تایبەتی خۆی بێت، خۆی بناسێت و شانازی بە خۆی و فەرهەنگ و جیۆگرافیا و زمان و مێژووی خۆیەوە

بکات. هەموو کار و نووسینەکانی سەججادی بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە و بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بوو. تەنانەت نووسینی نامیلکەیەکی وەك "ناوی کوردی" یا کتێبی "گەشتێك لە کوردستانا" بەشێکە لەو پەیامە. ئەو دەیویست نووسینەکانی، لێکۆڵینەوەکانی، کارکردن و ماموستایەتییەکەی، ئەندامەتیی لە ئەنجومەنی کۆڕی زانیاریدا، بە کورتییەکەی هەموو هەبوون و ژیان و کارێکی خۆی بۆ ئەو پرۆژە گەورەیە تەرخان بکات.

دەبێ ئەوەیشمان بیر بکەوێتەوە کە سەججادی هەرگیز ناسیۆنالیستێکی بیرتەسك و ئاسۆداخراو نەبوو. ئەو لە ژیانی رۆژانەیدا پێوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ زانا و نووسەر و ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی عەرەبیشدا هەبوو. کاتێکیش باسی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی عەرەب و فارس و نەتەوەکانی دیکە دەکات، تۆ هەست دەکەیت بە چاوی خۆشەویستی و بەرزنرخاندن و ڕێزەوە تەماشایان دەکات. بەڵام دیارە خۆشەویستیی یەکەمی ئەو زمان و فەرهەنگی کورد بوو.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێوەندیی سەججادی لەگەڵ زمانی کوردیدا پێوەندییەکی عاشقانە بوو. هەموو خەون و خەیاڵ و ئاواتێکی ئەو پیاوە پێشکەوتن و خزمەتکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی بوو. ئەوەندەی شانازیی بە زمانی کوردییەوە دەکرد، شانازیی بە هیچ شتێکی دیکەوە نەدەکرد. جێی خۆیەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە قسەی کەسێك دابخەین کە لە دوارۆژەکانی ژیانیدا سەری لێ داوە:

"وتی: کتێبێکی ترم ئامادەیە لەسەر گیانەوەر و ئەندامەکانیەتی.

وتم: ماموستا ئەریستۆیش کتێبێکی وای هەیە.

وتی: بەڵی، بەڵام هینەکەی من بە کوردییە." (سەججادی ١٩٨٧: ١١٤).

چ دەربڕینێك هەیە لەوە جوانتر و دڵسۆزانەتر و عاشقانەتر بێت؟

## ئەنجامگری

عەلائوددین سەججادی یەکێکە لە نووسەر و زانا ناودارەکانی کوردی سەدەی بیستەم. لە ماوەی نزیکەی حەفتا ساڵی ژیانیدا، چلوچوار ساڵی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەپێناوی پێشخستن و گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی کورددا کاری کرد. ئەو بەرهەمانەی ئەو پێشکەشی کردن بە کتێبخانەی کوردی، بوون بە سەرەتایەك بۆ کاری زانستی و لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد. هەروەها بوون بە بنەڕەتێك بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی زمانی کوردی و پاراستنی سامانی ژیربێژی و فۆلکلۆر و نەریتی کوردەواری.

هەموو نیشانەکان ئەوەمان لا جەخت دەکەن کە سەججادی هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوێنیدا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە دەبێ ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ ئامانجێك و بۆ بەجێهێنانی پرۆژەیەکی گەورەی فەرهەنگی. وا پێ دەچێت ئەم بڕیارە ئەنجامی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شارەزایی لە ژیان و بیر و فەلسەفەی مرۆڤی کورد و کۆمەڵی کورددا و ئەنجامی ئاشنایەتییەکی قووڵ لەگەڵ زمان و فۆلکلۆر و هونەر و ڕاستییەکانی کوردەواریدا بووبێت. لە دەیەی چلەکاندا وەك ڕۆژنامەنووسێك بەشدارییەکی بەرچاو و کاریگەری هەبوو لە بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژ و دووحەفتەنامەی نزاردا. هەر لەو ساڵانەیشدا دوانزدە چیرۆکی نووسیون کە لە ڕووی زمان و ناوەڕۆکی هونەرییەوە جوانترین و بەرزترین نموونەی چیرۆکی کوردیی تا ئەو کاتەن.

لە کاتێکدا بەشێکی زۆری ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عیراق چالاکانە لە ڕێکخراو و پارتییە سیاسییەکاندا، چ کوردی و چ

عیراقی، کاریان دەکرد و زۆری تریش بۆ بەدەستهێنانی پلە و پایە لە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی تازەدامەزراوی عیراقدا تێدەکۆشان، سەججادی خۆی لە هەموو ئەوانە دوور گرت و بە ژیانێکی سادە و ساکار، وەك پێشنویژی مزگەوتێك، ڕازی بوو. ئامانجی هەرە گەورە و پیرۆزی ئەو پرۆژە فەرهەنگییەکەی بوو، کە ئەوەندەی بۆ داڕێشتنی بنەڕەتێکی سەخت بۆ هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەو سەردەمەدا گرنگ بوو، لەوەیش پتر پرۆژەیەك بوو بۆ دامەزراندنی پاشەڕۆژ و داهاتوویەکی ڕووناك بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمانەکەی.

ئەو هەستە نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە و گەشە دەکات و ئەو پێشکەوتنەی لە بواری زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردووەوە و تا ئەمڕۆ بە دی هاتووە، تا ڕادەیەك، قەرزداری ژیان و تێکۆشان و کارەکانی سەججادین. ئەو بە هۆشیاری و دووربینی و بەرچاوڕوونییەکی زۆرەوە ژیانی خۆی خستبووە خزمەتی ئامانجێکەوە کە دەیزانی بۆ ئەو ڕۆژە و بۆ داهاتووی نەتەوە و نیشتمانەکەی کارکردێکی قووڵ و فراوانی دەبێت.

فەرهاد شاکەلی

سۆللەنتوونا، سوێد

٢٠١٢/٥/١

**سەرچاوە:**


- ئەحمەد، ئیبراهیم – بلە (١٩٥٩): کوێرەوەری، چاپخانەی ئەلنەجاح، بەغدا.
- ئەحمەد، ئیبراهیم (٢٠٠٧): ڕۆژنامەگەریی کوردی و گەلاوێژ، پرۆژەی چاپکردنەوەی گەلاوێژ، ژمارە: ١–١٢، لل: ١–٢٢.
- بەدرخان، جەلادەت عالی (١٩٣٢): بەر تەڤنا مافوورێ، هاوار، هەژمار: ٤، سال: ١ (٣–٧–١٩٣٢).
- پیرەمێرد (١٩٣٤): مەم و زین، داستان، چاپخانەی ژین، سلێمانی؛ چاپی دووەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٦٨.
- حیلمی، ڕەفیق (١٩٤١): شیعر و ئەدەبییاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا.
- حیلمی، ڕەفیق (١٩٥٦): شیعر و ئەدەبییاتی کوردی، بەرگی دووەم، بەغدا.
- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠): بیرەوەریی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر: عەلائەدین سەجادی، ڕامان، ژمارە: ١٥٣، لل ٨٥–٨٧.
- زەکی بەگ، محەمەدئەمین (٢٠٠٦): خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمرۆ، سەرجەمی بەرهەم: چوارەم بەرگ، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، بنکەی ژین، سلێمانی.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٥٧): ڕشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٥٧– ئەلف): ڕشتەی مرواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٥٨): ڕشتەی مرواری، بەرگی سێیەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٦٠): هەمیشەبەهار، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٧٠): نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٧١): مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم،

چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

– سەججادی، عەلائوددین (١٩٧٢): ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

– سەججادی، عەلائوددین (٢٠٠٠): مێژووی پەخشانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– سەججادی، دلێر عەلائوددین (١٩٨٧): یادی سەججادی، چاپخانەی ئیشبیلیە، بەغدا.

– شريف، عبدالستار طاهر (الدكتور) (١٩٨٩): الجمعيات والأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨–١٩٥٨، الطبعة الأولى، شركة المعرفة للنشر والتوزيع، بغداد.

– عارف، حسێن (١٩٨٧): بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥–١٩٨٣، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان.

– فەیزی، ئەمین (١٩٢٠): ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، (چاپی یەکەم): چاپخانەی تەرجومانی حەقیقەت، ئیستانبووڵ؛ (چاپی دووەم): کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٨٣.

– گۆران (وەرگێڕ) (١٩٩٥): هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانە، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد کوردستان، سوێد.

– نەریمان، مستەفا (١٩٨٨): بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی ١٧٨٧–١٩٨٦، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

– هەژار (٢٠٠٠): بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- Andersen, Hans Christian (1990): The Complete Illustrated Stories, Chancellor Press, Milano.

- Azizan, Herekol (1941): Klasîkên me, Hawar, hejmar: 33, rr 6-14.

- Jaba, M. Alexandre (1860): Recueil De Notices et Récits Kourdes, ST. - Pétersbourg.

ناونیشانی کتێبەکە بە کوردی بەم جۆرە نووسراوە:

اسکندر ژابا: جامع یی رسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی، د باژیری پطربورغیدا، د دار الطباعتی اکادمیایی امپراطوریدا، د تاریخا حزار و حشت صد و شستی عیسوی، کو سالا ۱۲۷۷ هجرتی یه، اڤی کتابی طبع کرین.

Shakely, Farhad (2011): Faglarna atervänder till bergen, Bokförlaget Tranan, Stockholm.

## سەرەتا

چەند جارێکی وا ڕێ کەوت لەگەڵ هەندێ دۆست و برادەرا کۆڕێکی خۆشەویستی کۆی ئەکردینەوە و لە هەموو جۆرە قسەیەکی ئەدەبی ئەبوو بە شەوچەرەی کۆڕەکەمان.

لە ڕیزی ئەو قسانەدا ڕوویان لێ ئەنام کە: لەم ڕۆژەدا چیرۆك و چیرۆکنووسین دەرزێکی زۆر بە کەڵکە بۆ گەل و بۆ بیرڕوونکردنەوەی گەل لە هەموو وڵاتێکا کۆششێکی تەواو ئەخرێتە سەر باری چیرۆکنووسین. جا بۆچ ئەبێ تۆ، لەم ڕووەوە خۆتت مات کردبێ و هیچ دەنگێکت لێوە نەیەت؟

ئەو ڕوولێنانەم بەرانبەر بە خۆم بە زیاد ئەزانی چونکە من خۆمم لە خوار ئەو باوەڕەی ئەوانەوە ئەبینی. لەگەڵ ئەوەش چارم نەئەما سوپاسی هەستەکەیانم ئەکرد.

لە ئەنجاما هەر لەسەر داواکردنی ئەوان و گەلێکی تریش کە لە کۆڕەکەدا نەئەبوون و لە کاتی تایبەتیدا دائەنیشتین، خستمیانە سەر ئەوە ئەو چیرۆکانەم– کە وەختی خۆی لە گۆڤاری گەلاوێژدا نووسیومن– کۆیان بکەمەوە و بە بەرگێکی تایبەتی لە چاپیان بدەم.

لێرەدا ئیتر قسەکەیانم پێ نەشکێنرا. لەبەر ئەوە هێنام ئەو نووسینانەم کە لە گۆڤاری ناوبراوا بە ناوی چیرۆکەوە بڵاو کراونەتەوە کۆم کردنەوە و کردنم بەم بەرگە و پێشکەشم کرد بە خوێندەوارانی خۆشەویستی کورد، ئومێد ئەکەم لە ڕووی نەوازشەوە لێم وەربگرن.

ئەمە و دیسان لە باوەڕی منا پیاو خۆی سەری خۆی نەخورێنێ کەس نایخورێنێ. ئێمەی کوردی پەرێشان لەم ڕۆژەدا کە هەرکە دەست بۆ دەمی خۆی ئەبا سەیر ئەکەم بەپێچەوانەی ئەوە دەست بۆ دەمی خەڵك ئەبەین، ڕابردووی مێژوومان ئاگاداری نەکردووینەتەوە کە ئیتر بەس بێ و واز

لەو ڕێگەیە بێنین.

بەڵێ، من ئەڵێم ئیمڕۆ ئێمە (کاس)ین، بەڵام کاسی تا کەی؟ تا کەی هەموو عالەم هاواری قەومییەتی خۆی ئەکا و کەچی ئێمە هەر خەریکی شەنکردنی خەرمانی غەیرین.

کورد ئەبێ دەست بە قەومییەتی خۆیەوە بگرێ. بەتایبەتی خوێندەوارەکان، نەخوێندەوارەکان تێ بگەیەنن کە تا ئێمە ئەمە حاڵمان بێت و بێگانە بین لە مێژوو و ئەدەب و ڕاز و نیازی قەومی خۆمان، هەروا وەکو ئەم چەرخانەی ڕابوردوو بە وێنەی ئاردی ناو دڕکان ئەمێنینەوە.

جا بۆ ئەوە لەمە زیاتر سەرلێشێواو نەبین، با دەست بە داوێنی قەومییەتی خۆمانەوە بگرین و ببین بە کوردێکی ڕاستەقینە: دووبەرەکی فڕێ دەین، سوودی یەك بخەینە بەرچاو، بۆ قازانجی تاکە نەفسی خۆمان سوودی گشتی نەدۆڕێنین، کوردایەتیمان لەپێش هەموو شتێکەوە بێت، گەورەی خاوەن پایەمان پایەکەی هەڵینەخەڵەتێنێ، ناوی چاك لە پایەی بەرز گەلێ چاترە، پیاو کۆزەری هەرزنی خۆی بخوا گەلێ لە گەنمە قەندەهاریی خەرمانی غەیری خۆی خۆشترە. قەومی ئێمە بێکەسە، خۆمان نەبین بە کەسی، کەس نابێ بە کەسی.

عەلائەدین سەججادی

١٩٦٠/٦/١٠

## ڕۆنەزەنگی حەمەسەن

تەمووزی ١٩٤٦

گیاڕەشی بەهارە، ماڵمان لە ئاوایی (قەدەفەر)ە، سەرەتاتکێمانە دەروویەکمان لێ ببێتەوە، تۆزێ ئاهی سکمان لەو هەموو خێر و بێری بەهارە، لەو هەموو ماست و دۆ و بەرەکەتە – کە خوا بەو ماڵانەی داوە– بشکێ. سەرەتای کاسپیشە. خۆم سەپانییەکەی ماڵی ئاغام گرت بە دەستەوە، پەڵە گەنمەکەی خوار (بنەڕانەکە) بدروومەوە. (خانزاد)ی خێزانم و چەتیوەکەش بەیانی و ئێوارە بچنە (ڕانەبێرە)، مەڕەکانی ماڵی ئاغا بدۆشن، خێرا لە هیی ئێواران کاسە ماستی سەرتوێدار بۆ بەرچاییی (وەنەوشە خان) و دەستوپێوەندی حەرەمسەرا بنێنەوە. (سالار)ی خزمەتکاریشت هەر بە دوای گاڕانەکەدا هەڵکوت هەڵکوتێتی!. خوا نەیبڕێ نان و دۆیەکی نەمر و نەژیمان لەم حاڵەوە پێکەوە ناوە.

خۆم وا ئەو گەنمە دەسەوسانی کردووم، ساڵیش زووە، گەنم هێشتا قەرسیلە. هەر وا لەم خەم و خەیاڵەدا بووم (حەمەڕەش)ی پوورزام کردی بە ژوورا، سیپاڵە شڕێك لە گولۆنکی تەنوورەکەدا بوو، بۆم ڕاخست و دانیشت و خێراتنم کرد. (خازە) بەیانی هەندێ دۆی هێنابووەوە، بۆم هێنا، زۆر نەبوو بە یەك بین خواردییەوە، عەمەر درێژ بێ سالار نانەکەی چاك ئەچنییەوە، گیانێکمان بەو بوو. زستان (حەمەڕەش) دۆینەی بۆ هێنابووین، تۆزێکی لێ مابووەوە بۆم کردە ئاو و لەگەڵ نانا بۆم دانا، خازە و کچەکەش لەناو ڕان نەهاتبوونەوە.

ئاگام لێ بوو حەمەڕەش چاوی بڕیبووە ناو چاوم ئەیەویست قسەیەك بکا و پڕکێشیشی نەئەکرد. خۆ منیش هیچ قسەیەکم بە دەستەوە نییە، قسەی چیی بۆ بکەم؟ قسەی دەغڵ و دان و بەرەجووتەکەی بۆ بکەم؟ قسەی

ڕۆن و خوری و ئاژاڵەکەی بۆ بکەم، قسەی ڕایەخ و ناوماڵی بۆ بکەم، قسەی چیی بۆ بکەم؟ ئەوەندەم زانی خۆی نەگرت، هاتە قسە و وتی: ئەرێ حەمەسەن! من سەیر ئەکەم تۆ، بە خۆت و ماڵ و منداڵتەوە شەو و ڕۆژ شان و قۆڵ ئەکوتن، کەچی نانتان بە دۆ نابێ. ئەمە چییە، تێم ناگەیەنی؟ وتم برا! چیت تێبگەیەنم؟ ئەوەتە لە بەر چاوت ساڵ دوانزە مانگەی خوا بەملاوبەولادا هەڵپە ئەکەین لە ئاخری ساڵا دەستمان لە قنگی هەمانەی بەتاڵەوە دەرئەچێ.

جارێ سەپانییەکەی خۆم– ئەگەر چنگم کەوێ– کەڵکێکمان ئەگرێت، بەڵام بڕوام پێ بکە دوو بەشی بە هەقی بێگار و بارەدار و چەوریەسانا ئەڕوا، بەشێکی ئەمێنێتەوە ئەویش سۆفی کەریم دێت لە باتیی هەقی شەکر و چای چوار ساڵ لەمەوپێشتر وەری ئەگرێت و هێشتا هەر بنەبڕیش نابێت. بێجام کرد لە وەختی خۆیا بایی شەش مەجیدی کفن و شەکر و چام لا هێنا بۆ پرسەی جوانەمەرگەکە، ئێستەش وا هەر نەبڕاوەتەوە، هەموو ساڵێك شتێکی ئەمێنێتەوە بە سەلەم ئەیشکێنێتەوە بەسەرما تا دواییی ساڵ ئەبێتەوە وەکو خۆی.

ئینجا قەدرێ ڕاما و لەپاشا وتی: حەمەسەن! ئیمساڵ ساڵی چاکە، ئەڵێن کوێستانی لاجان گیاسالمەیەکی چاکی هێناوە، وەرە تا گەنمەکەی ماڵی ئاغا پێ ئەگا بچین بۆ گیاسالم بەڵکو شتێکت چنگ کەوێ کونێکی پێ بگریت.

وتم: برا! من قەت سالمەم نەکردووە، هیچی لێ نازانم. وتی: قەیدی نییە من باشی لێ ئەزانم. لەم قسانەدا بووین خازەش هاتەوە. کە لە قسەکانی حەمەڕەش گەیشت ڕووی تێ کرد و وتی: وە قوروانە بەڵکو لەگەڵ خۆتی بەری، سا چاکە ئیمساڵ بە هۆی تۆوە بەڵکو چوار پوولێکمان دەست کەوێ.

بە خوا ناوی خوامان لێ هێنا و بە خازەم وت جارجار سەرێکی گەنمەکەش بدە، ئیشەڵا لەپێش قەفکردنیا پیا ڕائەگەمەوە.

بە ڕێ کەوتین بۆ ماڵی حەمەڕەش. لەوێ تویێشوو، بێلاسن، گاڕام، تەشوێ و نوێنمان هەڵگرت و چووین. بە چوار ڕۆژ گەیشتینە دەشتی لاجان، سەیر ئەکەین وا مێرگ و مێرغوازێکە دڵێ هەزار دڵ حەیرانیەتی. گیا، سوار تیا ون ئەبێ. شنەشنی با، پیرە گیای خستووەتە کەروێشکە، گوڵی ڕەنگاوڕەنگیش لە بەینی گیاکانا لەگەڵ یەك چاوشارکێ ئەکەن.

شانمان دایە بەر ئیش، حەرام بێ خۆ من هیچم لێ نەئەزانی. حەمەڕەش خۆی بنك بنك ئەیبینییەوە و دەری ئەهێنا، ڕۆژی یەکەم و دووهەم وا، ڕۆژی سێهەم دەمە و عەسر کۆمان ئەکردەوە و ئەمانشۆردەوە و ئەمانخستە بەر هەتاو. بەم جۆرە چل ڕۆژ ئیشمان کرد، ئیتر منیش چەپێکم لە حەمەڕەشی پوورزام نەگەڕابووەوە. دیارە پیاو کە زۆرداری بەسەرەوە نەبوو دڵی بە ئیش خۆشە و لە بەری ئەخوا.

سالمە هەموو وشك بووەوە و کردمان بە دوو کۆڵی هەجیجی و پێوە نیشتین بەرەو ماڵ. هاتینە ئاواییی شیناوێ، خواوڕاسان برێ سالمکڕی مەراغەیی لەوێ بوون. حەمەڕەش وتی پارەیەکی چاکمان ئەدەنێ با هەر لێرە بیفرۆشین. ئێ باشە. دەی بە ئەوەندە، نەء، بە ئەوەندە، دامان بە شەست مەجیدی و پارەمان لێ نایە تەنکەی باخەڵمان و و پێمان لێ کرد بە پشتا ڕووەو هەولێر. منیش هەر دڵم بە لای گەنمەکەوەیە. لەوێ تۆزێ شڕ و شاتاڵمان کڕی و بە ڕێ کەوتین.

لەوێوە چووینە ماڵی حەمەڕەش، شەوێك لەوێ بووم و بەیانی بۆ ئەوە تۆزێ لە کەساسیم کەم کاتەوە چل مەجیدیی لە پارەکەی پێ دام و بە ڕێی کردم– خزمی چاك چاکە–، هاتمەوە بۆ لای مناڵەکانم، خازە و پیزە بە پیرمەوە هاتن، سالاری داماو لای گالەکە بوو ئێوارێ ئەویش نانەکەی

چنییەوە و هاتەوە، هەموو بە خۆشی پێکەوە دانیشتین. ئەو شروبرەی بۆم هێنابوون سەر و لۆی بەرگیان لێ کرد. هەواڵی گەنمەکەم پرسی خازە وتی هێشتا نەهاتووەتە دروونەوە. بۆیەش ئەوەندە بە پەرۆش بووم بۆی ئەگەر فریای نەکەوتمایە ئەو چوار قەمەرییە کە بەو کوێرەوەرییە پەیدام کردبوو لە جەریمەدا لێیان ئەسەندم. ئاوی زۆردار سەرە و ژوور ئەڕوا.

***

خازە وتی پیاوەکە ئێستە هاوینە، هەر چۆن بێ بە نانی شوانی و دۆی ڕانەبێرەی ماڵی ئاغا ڕائەبوێرین، چوار ڕۆژی تر زستانە لەبەر بێ شتی بە هیلاك ئەچین. لەم پارەیە هەندێ ڕۆنی لێ بکڕین بۆ زستانمان، ئەو وەختە سەر ئەکەین بە یەکا و ئەیخۆین بەڵکو خوا دەروویەکی ترمان لێ بکاتەوە. قسەکەی بە تەواوی چووە دڵمەوە – ژنی ژیر چەن چاکە –، ئەوە سەیر بوو ڕووم لە هەرکە ئەنا بۆ ڕۆن کڕین گاڵتەی پێ ئەکردم چونکە قەت پارەی پێوە نەدیبووم.

خولە چەرچی هەبوو لە دێکەمانا، چوومە لای، بە قات و نیو دوو باتمان ڕۆنی زەنگم لێ کڕی بە هیزەکەوە. دەرگای هیزەکە بە حاڵ ئەهاتەوە یەك، پێوە نیشتم و هێنامەوە. خازە خێرا هەستا ئەوەندەی تر دەرگاکەی توند کردەوە و بردیە پشتیرەکە– پشتیری چی؟ ژوورەکەی خۆمان بوو، بە تۆپەڵە قوڕ تیغەیەکمان نابوو ناومان نابوو پشتیر– هەندێ "قول وەڵڵا و بیسمیللا"ی بەسەرا خوێند و ناوی زستانی لێ هێنا. چوار مەتالیکێك لە پارەکە مابووەوە، هەر لەسەر قسەی خازە سێ بزنمان پێ کڕی، لەولاشەوە گەنمی سەپانییەکەم دەستی هێنابوو بە خۆیا، لە هەموو ئاواییی قەدەفەرا بە پەنجە هیشارەتی بۆ ئەکرا. ئیتر ها بە تەواوی هومێدێکم پەیدا کرد و وتم یا ڕەبی شوکر، خازە! خوا لای مەرحەمەتی لێ کردووینەوە، ئەوە ڕۆنی زستانمان خستۆتە ژوورەوە، دووسێ بزنیشمان

هەیە، گەنمەکەش چاکی هێناوە. ئیتر سەغڵەتی نابینین. بڕوا بکە خۆم و منداڵەکانم ڕەنگ و بۆیەکی ترمان هەڵهێنابووەوە.

***

چەند ڕۆژێك بۆی حەسامەوە ئەمجا گەنمەکە هاتە دروونەوە، بەخوا شانم لێ توند کرد، زۆری بێ نەچوو لەوپەڕیەوە دەرچووم. ماڵی ئاغا خۆیان شەش گای بێئیشیان هەبوو، شەشی تریشیان بە سوخرە لە ئاوایی بۆ هێنام بە یەك دوو ڕۆژ گێرەم کرد. مایەوە سەر شەن. با، لە ئاسمان بڕا، سێ ڕۆژ بە لایەوە دەسەوسان دانیشتم، خوای تۆ کردی شەماڵێك هەڵیکرد، پەلاماری پیرە گەنمم دا، هێزم دایە خۆم، شەنم کرد و خەرمان سوور بوو. (کەو)م بۆ هێنا و چاوەڕێی سەرکارم کرد، خەرمان هەڵگرێ، منیش بەشە سەپانیی خۆم بەرمەوە، سۆفی کەریمی پێ لە کۆڵ کەمەوە.

ئەوەندەم زانی (س. ئاغا) خۆی هات بۆ سەر خەرمان و گاڵی دا هەموو گەنمەکەیان بار کرد بۆ عەمار و ڕووی تێ کردم و وتی: ڕۆڵە حەمەسەن! ئیمساڵ گەنمەکانی ترمان نەیانهێناوە، خۆیشت ئەزانی میوان و هاتوچۆکەری دیواخان زۆرە، با گەنمەکە بەرن بۆ عەمار، تۆ خۆت هەر جارە وەرە لە دیواخان نان بخۆ. وتم قوربان گەنمم بۆ نان ناوێ، بۆ قەرزی سۆفی کەریمە. ئەگینا لە سایەی سەری تۆوە نانی گاوانییەکەی سالار بەشمان ئەکا. وتی ها، (سۆفی کەریم) پیاوی کوێیە؟ ڕوو بکا بەم دێیەدا ئەوی فەزیعەت بێ پێی ئەکەم.

وەڵڵا بۆ خۆی ئەو گەنمی خۆی هەموو لێ بارکرد و منیش بە هەناسەساردی گەڕامەوە کاولبووەکە، هەمووم بۆ خازە گێڕایەوە، خازەی بەسەزمان هەر چووە تاسەوە.

بۆ بەیانی سۆفی کەریم بیستبووی گەنمی (س... ئاغا) هەڵگیراوە، ئەوەندەم زانی لە بەر دەرگا پەیدا بوو، بە فیزێکەوە بانگی کرد: ئەرێ

حەمەسەن! نازانم تۆ تا کەی ئەم هاتوچۆیە بە من ئەکەی؟ ئیتر بەس نییە؟ تکات لێ ئەکەم ئیمساڵ با دەستمان لە یەقەی یەك ببێتەوە، بیستوومە بەشە گەنمی ئیمساڵت زۆر چاك بووە.

منیش بە پیریەوە چووم و سڵاوم لێ کرد و وتم: بەخوا سۆفی! ئەوی ڕاستی بێ هیچم نییە، پارەکە بشکێنەوە بۆ ساڵێکی کە. ماڵی ئاغا ئیمساڵ گەنمیان کەم بوو، بەشەکەی منیش کرایە عەمارەوە، بڕواش ناکەی بچۆ بۆ دیواخان. سەیرم کرد سۆفی کەریم ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و وتی: حەمەسەن! ئەم سەگیەتی و قوماربازییە چییە؟ چاوت دەرئەکەم هەر ئێستە لێت ئەستێنم و ڕۆیی بۆ دیواخان. وتم باشە ئێستا ئاغا ڕازیی ئەکا.

من لەم وتووێژەیەدا بووم ئەوەندەم زانی (سمە)ی گزیر پەیدا بوو، وتی هەستە ئاغە بانگت ئەکا: یا ڕەبی چی بێ؟ وەکو کێچ ڕاپەڕیم و بەرەو دیواخان بوومەوە. کە ئاغا چاوی پێم کەوت وتی: ئەرێ حەمەسەنی سەگباب! پارەی ئەم موسوڵمانە بۆ نادەیتەوە، هەموو ساڵێ ئەم عەزیەتەی بەر ئەخەیت؟ وتم قوربان! من هەر ساڵی هەوەڵ پێم داوەتەوە، وا هەر ساڵە بە گەڕ شتێکی ئەهێڵێتەوە و ئەیشکێنێتەوە بە سەرما، کە ساڵ بە سەر چوو ئەبێتەوە وەکو خۆی. ئیمساڵ هیچم نییە، هەموو مایەی دەستم گەنمی سەپانییەکە بوو، ئەویش ماڵی ئاغا نانیان کەم بوو وتم با لە دیواخانا بخورێت. سۆفیش پارەکەی با بشکێنێتەوە، ساڵێکی کە سەری حاسڵات هەمووی ئەدەمەوە.

ئەوەندەم زانی (س... ئاغا) هەردوو چاوی پەڕییە تەوقەسەری و وتی: سەگباب! منەت و شاباشم بەسەرا ئەکەیت، ئێوە کەی شتتان بووە، سەگی وەکو تۆ چییە گەنم بکاتە عەماری منەوە، جا وەرە پیاوەتی لەگەڵ ئەم سەگبابانەدا بکە. بە خۆی و ماڵ منداڵەوە بیانخەرە ئیشەوە. کە ئیشێکیشت پێیان ئەکەوێ دوا جاری دەس ئەکەن بەم گووخواردنە. تۆ ئیمساڵ بە

قــەدەر جــوویــەکت پــارە پــەیـدا کـردووە، لـەو پـارەیـە قـەرزی  خـەڵکی بۆ نـادەیتـەوە؟ ئـا بـچۆ، سمـە، بزنـەکانی بێنـە و بیدە بـە سۆفی بـا لـەبـاتیی هـەقی خۆی هـەڵیـانگرێ، سەگبـابـە ڕانم بۆ پێکەوە ئـەنێ ڕان. سمـەم سمـە بوو، خێرا ڕاپـــەڕی، چـــوو ســێ بــزنــە گــەڕەکــەی  دایــە پــێش خـــۆی و هــێنــانــی لــەوێ قـەبڵانیـان بـە شەش مـەجیدی، هێشتا لە پـارەکە سێ مـەجیدیی تری مـایـەوە، ئـەویش بۆ سـاڵێکی کـە. هـەرچـەند داد و فـەریـادم کـرد خۆ هیچی کەڵکی نـەبوو، سێ چوار شەقی سمە گزیریشم خوارد و گەڕامـەوە بۆ مـاڵـەوە.

ئێواریٚ داهـات، سالار نـانـەکەی چنییـەوە و هـاتـەوە، سـەر و پـارووومـان قــوزڵـقــورت کــرد، خــازە لــەبــەر قــوڵپـی گـریـان پـارووەکـەی بـۆ نـەئـەچووە خوارەوە، دایە پرمـەی گریـان. ئـەوی ڕاستی بێ ئێمـەش هیچمـان خۆمـانمـان پێ ڕاگیر نـەکرا، تێکڕا دەستمـان کرد بـە گریـان، بەڵام سوودی چی بوو. بـەو گریـانـەوە سـەرمـان کردە سـەر سـەرینی مـەینـەت. بـەیـانی سـەیرم کرد سۆفی کـەریم دوو بزن لـە بزنـەکانی داوەتـە پێش خۆی و چووەوە بۆ شـار، زانیم بزنێکیـانی بۆ دیواخـانی ئـاغـا بـە جێ هێشتووە.

***

سـاڵ درەنــگــە، هــیــچ کـاروکـاسپییـەك   نــەمــاوە بـیـگـرم بــە دەستــەوە، دەستـەوئـەژنۆ دانیشتم، بـەڵام هـەر جـارە ئـەموت چـاکـە، شوکر ڕۆنـەکەمـان هـەیـە، ئـەم زستـانـە منـاڵـەکـانی پێ بـە ڕێوە ئـەبـەم، ئـاژاڵیش وشکی کرد، خـازە هـەر هـاتوچۆ و گـەوڕدەردانـەکـەی بۆ ئـەمـایـەوە. هـاتمـە سـەر ئـەو بـاوەڕە وتم بـەم زستـانـە بچم بۆ کوێ، هیچ دەروویـەك شك نـابـەم، سـەرمـان کز کرد و دانیشتین.

بـەیـانییـەك ئـەوەندەم زانی خـازە قیژانی و بـە هـەردوو چـەپۆك بـەربووە سـەروپۆتـەڵاکی خۆی. کچێ چییە؟ حـەمـەسـەن! بـاوانوێران! ڕۆنـەکـەیـان دزیوە. تف لـە دەممـا وشك بوو. ڕاپـەڕیم، کـە چووم سـەیر ئـەکـەم شـەوێ

دیوارەکەیان کەندۆتەوە و هیزە ڕۆنەکەیان بردووە.

وەکو شێت کەوتمە ئاوایی، حەمەڕەشی پوورزامم تووش بوو. کوڕە ئەوە بۆ عەودالی؟ بە قوربانت بم چیم لێ ئەکەی؟ لە پارەی گیاسالمەکە دوو باتمان ڕۆنم بۆ زستانی منالەکان کڕیبوو، وا ئیمشەو دزیویانە. کوڕە هیزە نەکەی! من ئێستا تووشی مچەسوور بووم هیزەی ڕۆنی پێ بوو، ڕووەو گردی تەپەشین چوو، ببێ و نەبێ هینەکەی تۆ بووە.

ڕاست خۆیەتی.. بام دایەوە بۆ مالی (س... ئاغا).

– لە دەوری سەرت گەڕێم، لە دەمی خۆم و منالەکانم گێڕابووەوە، دوو باتمان ڕۆنم بۆ ئەم زستانە کڕیبوو، وا ئێستا لێیان دزیوم، کەسیش دزی من نییە مچە نەبێت.

ها، ئەوەم لە بیر نەبوو، هەر ئەو وەختە ڕام کرد بۆ تەپەشین، سەیرم کرد لە دوورەوە وا مچە لەوێ تێ پەڕیوە و ڕووەو ئاوایی بانیشار ئەڕوات.

بە خوا ئاغا پیا هات: سەگباب. هیزە ڕۆن دائەنێی و مالی خەلکی ئەخۆی؟ کە پیاو ئیشێکیشتان پێ بکا قیامەت هەلئەسێنن، کە تێشتان گیرا پەلاماری مال ئاغا ئەدەن. بڕۆ گوم بە لە بەرچاوم، مچە پیاوی دزی نییە.

دەستم لەوێش گیر نەبوو، حەمەڕەشی پوورزامم هەلگرت و چووین بۆ نوختەکەی بانیشار. جاندرمەیەك لە نوختەکە بوو، چوومە بەردەمی و وتم ، قوربان هیزەیە ڕۆنم بووە، مچە دزیویەتی و ئێستا لەم ئاواییەیە، هاتووم شکات ئەکەم. بە خوا ئەویش ڕاپەڕی، ها، لە کوێیە، لەکوێ نییە؟ کەوتە تەکم، خواوڕاسان لە بەر کانیی ژنانا بە هیزە ڕۆنەوە تووشی مچە بووین.

– ها کوڕە مچە ئەوە چییە پێت؟

– هیچ نییە، ڕۆنی خۆمە!

– وا ئەڵێ ڕۆنی خۆمە.

– قوربان ڕۆنی خۆمەی چی؟ خولە چەرچی شایەتمە کە ئەو هیزە ڕۆنە هیی منە.

ڕاپێچیان داین بۆ نوختەکە و ئینجا هێنای ئیفادەی لێ وەرگرتم کە ئەو هیزە ڕۆنە دوو باتمان ڕۆنی تێدایە هیی منە و ئەم پیاوە دزیویەتی. ئیفادەشیان لەو وەرگرت کە ڕۆنی خۆیەتی، بە بیانووی ئەوەوە کە نەختێکی تر خۆم و ئیفادە و هیزە ڕۆن و مچە ئەبات بۆ لای (ص.. بەگ)– مەعمووری گەورە– کردمیە ژوورێکەوە و دەرگای لەسەر داخستم. وتم ئەمە چییە؟ من ماڵم دزراوە حەپسم لە چی؟

زۆری پێ نەچوو دەرگایان کردەوە و پەلیان بەستم، مچەش ڕۆنەکەیان پێ هەڵگرت و بردینیان بۆ ماڵی (ص... بەگ). لەوێش دیسان جاندرمەکە خستمیە تەویلەکەوە و خۆی چوو بۆ لای (ص... بەگ). ئیتر نازانم مچە چیی لێ هات. دەستیشم تونگ شەتەك دراوە، وەختە چاوم دەرێت بۆ سەبیلێك. لەم هاتوچووەشا حەمەڕەشی پوورزامم هەر لەگەڵە، باش بوو ئەویان حەپس نەکردبوو. ئەوەندەم زانی لە کونی تەویلەکەوە سەرێکی کێشا و وتی: حەمەسەن! هەر چۆن بووە خۆت ڕزگار کە لە چنگیان، ئەم ڕۆنەت نەوێ، ئاخری لەوانەیە تووشی حەپسێکی زلتر ببیت.

کە گوێم لێ بوو هیچم لە بیر نەما و وتم: حەمەڕەش مردم بۆ سەبیلێك، چیم لێ ئەکەی؟ هەر لەوێوە سەبیلەکەی خۆی پڕکرد و دای گیران و بە هەر جۆر بوو منیش دەمم بۆ برد و نای بە دەممەوە. دەستم بەسراوە، سەبیلەکەش تۆزێ قورس بوو، بە لێوم ڕاگیر نەئەکرا، (کەمە)کەیم لە دیوارەکە توند کرد و یەك دوو مژم لێ دا. لەو کاتەدا دەرگاکە کرایەوە، جاندرمەکە کردی بە ژوورا. ها، سەگباب، تۆ لە حەپسای سەبیل ئەکێشی، کێ بۆی هێنای؟ بە شەپەزیللە هاتە وێزەم. وتم یا ڕەبی شوکر، ئێستە من

چیم کردووە وا تووشی ئەم سزایە هاتم؟ کە لە لێدان بووەوە دامیە پێش بۆ لای (ص.. بەگ). چووین لە بەردەمی بەگا ڕاوەستاین، مچەش لەولاوە زیتەی چاوی دێت و بزە ئەیگرێ.

***

خوا هەقە، بەگ بە تەواوی خۆی ئامادە کردبوو بۆ پرسیارکردن، هیچ نەکۆکی و بەملاوبەولادا بەڵغەمی فڕێ نەدا. جوان جگەرەیەکی عەلمۆدەی بە لالێوەوە بوو، کڵاوەکەی سەری بە لای ڕاستا ئەیڕوانی، لەسەر عەسکەمیلێك لەسەر لا تەرافەی چەپ دانیشتبوو، ئەنیشکی دابووە سەر داری عەسکەمیلەکە، پەنجەی بە دەور چەناگەیا گێڕابوو، مێزێکیش لە بەردەمیا بوو، هیزە ڕۆنەکەش لەولاوە دانراوە.

چاوی تێ بڕیم و وتی: ها، کوڕە کابرا چییە؟ وتم قوربان هیزەیە ڕۆنیان لێ دزیوم، ئێستە بە سەرم کردووەتەوە، لەباتی چنگکەوتنەوەی ئەم سزایە ئەکێشم.

بەگ ڕەنگی شین و مۆر هەڵگەڕا و وتی: سەگباب (ئنتراز: إعتراض) ئەگری لە ئیشی حوکمەت، ئەی ئێمە بۆ لێرە دانیشتووین، تاقیق لە ئیشی چوار سەگبابی وەکو تۆدا نەکەین بە چوار ڕۆژ ئەو عالەمە ئەڕووتێننەوە و هەموو ماڵیان ئەکەن بە ماڵی خۆتان.

وتم قوربان ماڵی خەڵك خواردنی چی؟ من وا هیزە ڕۆنە لەوێ دانراوە، خولە چەرچی شایەتمە کە دوو باتمان ڕۆنی تێدایە و هیی منە. ئینجا ڕووی کردە مچە.

ها، مچە تۆ ئەڵێی چی؟

قوربان بڵێم چی؟ هیزە هیزەی خۆمە، ئێستە ئەم کابرایە ئەڵێ دوو باتمان ڕۆنی تێدایە، ئەمر بکە ئەم هیزەیە بکەنەوە و بیکێشن، ئەگەر دوو باتمانی تێدا بوو وا هیزەی ئەوە و چیم لێ ئەکەی لێم بکە، خۆ ئەگەر تێشیا

نەبوو ئەو وەختە خۆت ئەزانی چیی لێ ئەکەیت. هەموو ئەو هیزەی منە مەسینەیەك ڕۆنی تێدا نییە، ئێستە چۆن ئەم داوای ئەوە ئەکا کە دوو باتمانی تێدایە؟ بیکەنەوە و خۆت بە چاوی خۆت قوربان سەیری کە. –ئەی خۆ منیش کوێر نیم وا هیزە دانراوە لە بەرچاوم تون بووە، جاری هەوەڵ خازە چۆن بەستوویەتی گرێکەیم چاو لێیە–.

بەگ وتی تەماشا کە قسەی ماقووڵ چۆن خێرا ئەچێتە دڵەوە. منیش لە خوام ئەوێ بۆ شتێکی وا. تێی خوڕیم بچم دەرکی هیزەکە بکەمەوە. دەستم بەسراوە، ناتوانم، وەڵڵا جاندرمەکە کاری ڕاز بێ شەتەکەکەی دەستی کردمەوە و چوومە سەر هیزە ڕۆن، هەر لە دوورەوە وەختە بوو بۆی شێت ببم، پەلامارم دایە ڕاستی کەمەوە بۆ ئەوە کە ئەیکەمەوە نەڕژێ. سەیرم کرد زۆر سووك هات بە دەستمەوە، بە چاویش وا دیار نەبوو، وتم یا ڕەبی ئەمە چی بێ؟

کە کردمەوە وەکو دەربەن باسەرە، با، لە دەرگاکەیەوە گێژی خوارد و هات بە ڕووما، خۆم لادا ئەگینا کەتنێکی پێ ئەکردم. سەیرم کرد هیزە ڕۆن پڕ چنگێکی مایەوە بە دەستمەوە. خێرا لەولاوە مچە هەڵیدایە... ها، قوربان ڕاست و درۆییمان دەرکەوت. بەگیش کە ئەمەی دی ئاگری تێ بەربوو وتی ئا دەی تێی هەڵدەن، ئەم سەگبابە، قەت شتی وا بووە تۆ بە ئاشکرا ماڵی خەڵك بکەیتە هیی خۆت؟ خۆ هەرچی فەریادم کرد هیچ پارەی نەکرد، پەلیان بەستمەوە و دیسان لە تەویلەکەیان توند کردمەوە.

کەوتمە ناو دەریایەکی لێکدانەوەوە، خوا، ئەمە چی بوو تووش بووم؟ زۆر ئەڵهای سەبیلێکیش ئەکەم، حەمەڕەشیشم بەرچاو ناکەوێ.

ئەڵێم ئەو شەوە خەوم لێ کەوت، ئیتر نە نانێ، نە ئاوێ. هیچ. بەیانی چێشتەنگاوێکی درەنگ دەرگای تەویلەکە کرایەوە، جاندرمەکە پەیدا بووەوە و وتی هەستە سەگباب! هەستە! منیش ڕاپەڕیم، چووینەوە بۆ

بـەردەمـی (ص.. بەگ). تـەمـاشام کـرد کـوێخـا فـلامـەرز و حـەمـەڕەشی پوورزام لەوێن. کوێخا فلامەرز ڕووی تێ کردم و چاکوچۆنیی لەگەڵ کردم، پێی وتم ڕۆڵە وا تکام لە (ص.. بەگ) کردووە لێت خۆش بێ، تۆیش دۆعای خێری بۆ بکە. ئینجا (ص.. بەگ) وتی: بڕۆ سەگباب، بڕۆ! جارێکی کە گەڕ بە کەسا نەپێچێنی، لەبەر کوێخا فلامەرز نەبوایە دوو ساڵ لە بەندیخانە ئەبوا بتلایتایەوە.

جـەنـدرمـەکـە دەستـی کـردمـەوە و لـەگـەڵ حـەمـەڕەشا هـاتـینـە دەرەوە. جەندرمەکە شوێنمان کەوت و بانگی کرد: حەمەسەن! بۆ من خزمەتکاری تۆ بووم ئەم هاتوچووەم کرد؟ بە لالان و پاڕانەوەی حەمەڕەش دوو مەجیدیم پێ بوو، دایە و لە کۆڵ بووەوە.

وەختە بوو کوێر ببم بۆ سەبیلێك، خێرا سەبیلێکم تێ کرد و شایەتمانێکی بە هەقم هێنا و چووین بۆ ماڵی کوێخا فلامەرز، زۆرم برسی بوو. کوێخا ژن پیاوانە نان و قەرەوانەیە نیسکێنەی بۆ دانایین، تێرمان خوارد. لەو وەختەدا کوێخاش هاتەوە و دانیشت و وتی: تا بە شەش مەجیدی (ص.. بەگ)م ڕازی کرد قیر سپی بوو. تومەز ئەمە حەمەڕەشی پوورزام پەنای بۆ ئەبا و تەنها شەش مەجیدیی پێ ئەبێ ئەیداتێ. ئیتر ماڵاواییمان لێ کرد و بەدەر کەوتین بەرەو ماڵ.

ئینجا حەمەڕەش لە ڕێگەدا تێی گەیاندم وتی: بارام بۆی گێڕامەوە کە ئەمە ماڵی (ص.. بەگ) ڕۆنیان نەمابوو، بیستبوویان کە تۆ ڕۆنێکی زەنگی چاکت هەبوو، مچەیان ناردووە دزیویەتی و بردوویە بۆ نوختەکە. لەوێ جاندرمەکە هەندێکی لێ ڕۆ کردووە بۆ ماڵی خۆیان و هیزەکەیان فوو داوە، منیش لە پشت قاپییەکەوە گوێم لە دەنگێك بوو ئەیوت ڕۆنێکی زەنگە، بەڵام چی ئەزانم کە ئەم فێڵەیان لە ژێر سەرایە.

پاش ئەوە ئەچن بۆ ماڵی (ص.. بەگ) ئەویش دوو بەشی لێ ڕۆکردووە

و دیسان هیزەکەیان فوو داوەتەوە، باقیی تری ئەوە بوو کە خۆت بە چاوی خۆت بینیت، ئەویش بۆ مچە، هەقی عەزیەتەکەی.

وتم دە خوایە هەڵینەگری ئەم دەور و دوکانە.

## لەپێناوی ئافرەتا!

ئەیلوولی ١٩٤٦

هێشتا ئەم تۆپ و تفەنگ و هەیتوهووتە دانەهاتبوو، باو، هەر باوی شیر و تیر و ڕم و مەتاڵ بوو. ئەم (تەکش)ەی کەوا ئێستا ئەیبینی ئیفتادە و شەل و کوێر بووە لە وەختی خۆیا لە هەموو تۆپی (گەڵواخی)دا وا ناوبانگی دەرکردبوو، کە بیانوتایە وا تەکش هات مناڵ لە بێشکەدا ژیر ئەبووەوە.

تافی هەرزەکاریمە، تازە خەتم داوە، ئێجگار کە ناوی خۆم بیستۆتەوە، کەس لە ژوور خۆمەوە نابینم. سەرلەبەیانییەك هەستام خۆمم ڕازاندەوە. زرێ و تاسکڵاوم لە سەر کرد، شیر و تیرم لە خۆم دا، مەتاڵم خستە گازی پشت و ڕم بە دەستەوە، ماینێکی ڕەشبۆرەم هەبوو پەلی لە ئاسمان ئەکوتا، سوار بووم و ڕووەو دەشت بە شوێن نێچیرێکا، تووشی ئەم کارەساتە بووم: هەر وا بەسەر شاخەکانی (کەوڵە)دا ئەگەڕام، لە دوورەوە لە دۆڵەکەی تەنیشتی (خرۆسە)وە تارماییێکم بەرچاو کەوت. بۆی شۆڕ بوومەوە، کە لێی نزیك بوومەوە وا پیاوێکە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا، هەتا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت، بە سەروسیما. شیرێکی بە لاقەدەوە و هەموو جۆرە چەکی کەشی پێیە، ماینێکی کوێتی لەژێرایە.

هێشتا هەر لێی دوور بووم سەیرم کرد لە ماینەکەی دابەزی، لغاوەکەی کرد بە مەچەکیا و بەنەوخوێنەکەی کردەوە و دانیشت بۆ میزکردن. گەیشتمە سەری– ئەو وەختە دنیا وەکو ئێستا بە فڕوفێڵ و قوماربازی نەتەنرابووەوە، برا، برای بۆ هەڵکەوێ لە پەنابەردا بیکوژێ – دوژمنی خوێنەخۆیشت بوایە ئەبوایە پێت بوتایە کە نیازم خراپە لەگەڵت خۆت ئامادە کە.

سەیرم کرد کابرا هەر هەڵنەستا. ناچار بانگم کرد: کوڕە، کابرا! خۆت کۆکەرەوە، سوار بە، لەم چۆڵەدا یا ئەبم بە خەنیمت یا ئەبی بە خەنیمم. کابرا هەر لەسەر پێشاوەکە وتی: ئێوە گەڵواخین و بێ ئامان. سوێنم بۆ بخۆ تا سوار نەبم دەست نەکەیتەوە. قسەکەی کاری تێ کردم چونکە تانە بوو. بەڵام هیچیشم پێ ناکرێ، هات بە دەمما سوێنم بۆ خوارد تا سوار نەبێتەوە دەستی لێ نەکەمەوە.

ئینجا هەستا و بەنەوخوێنەکەی بەستەوە و ملی ڕێی گرت و وڵاخەکەی بە شوێن خۆیا ڕاکێشا. ئەمەم بە لاوە زۆر سەیر بوو، بانگم کرد کوڕە کابرا سوار بە ئەوە تۆ چی ئەکەی؟ هەڵیدایە وتی: تۆ سوێندت خواردووە تا من سوار نەبم دەست نەکەیتەوە، ئێستەش من سوار نابم بۆچ ناتناسم تۆ تەکشیت؟

کە ئەمەی وت هەر زۆرم بە لاوە سەیر بوو، تێم خوڕی کوڕە کابرا سوار بە ڕۆژ درەنگە، ئیمڕۆ هەموو شتێکت لە دەست دەرکردم، یا ئەمکوژی یا ئەتکوژم، ئێستە و ئەوسا سوار نەبووەوە و نەبووەوە، وتی خۆم نادەم بە کوشتن، چی ئەکەی بیکە. نێزیکەی دوو سەعات شوێنی کەوتم هیچ کەڵکی نەبوو. ناچار بە شوێنەکەی خۆما گەڕامەوە و ئەویش بەو جۆرە خۆی دەرباز کرد.

***

بۆ ڕۆژی دوایی دیسان خۆمم گورج کردەوە و سوار بوومەوە ڕاست بۆ شوێنەکەی دوێنێ– چونکە جێڕاوێکی چاك بوو–. هێشتا نەکەوتبوومە سەر شاخەکە سەیرم کرد لە دوورەوە سوارێك هات، چۆن هاتنێك؟ هەر وەکو با ئەڕوا. لە قەد و باڵایا وتم ببێ و نەبێ ئەمە ئەوی دوێنێیە، ئیمڕۆ ئەگەر پەلی بە پەل هەورەوە بێ نایەڵم ڕزگار بێ. وتم تا چاوی پێم نەکەوتووە بەڵکو بیگەمێ، نەوەکو کەتنەکەی دوێنێم پێ بکا. لە کلکەی

شاخەکەوە بۆی شۆڕ بوومەوە زۆری نەمابوو بیگەمێ سەیرم کرد دیسان لە ولاخەکەی دابەزی و وەکو دوێنێ دەستی کردەوە بە میزکردن. وتم یا ڕەبی ئەم بەلایە چییە و چۆن دەفحی کەم؟ ئێ، خۆ ناشکرێ ئەو لەسەر پێشاوە من پەلاماری دەم. دڵم ئۆقرەی نەگرت. ناچار چووم لە پشتیەوە تێم خوڕی: کوڕە هەستە ناپیاو مەیکەرە دەردەکەی دوێنێوە، هەستە! یان ئەمکوژی یان ئەتکوژم.

سەیرم کرد لایەکی لێ کردمەوە و هیچ دەنگی نەکرد. کە چاك لێی ورد بوومەوە، کوڕە خۆ ئەمە ئەوی دوێنێ نییە. بەلام هیچ دەنگی نەکرد، بە شێنەیی هەستا بەنەوخوێنەکەی بەست و پێی لە ئاوزەنگی نا، پشتی تێ کردم و ملی ڕێی گرت. شوێنی کەوتم، کوڕە کابرا من لەگەڵ کێمە؟ ڕووم تێ کە! دیسان هەر گوێی نەدامێ و ڕۆیشت، ئیتر من وا لە داخا وەختە شەق بەرم. تێم خوڕییەوە کابرا! یان شتومەك و ماینەکەت بە جێ بێڵە و بڕۆ یا ئەمکوژی یا ئەتکوژم.

ئەمجا هەر بە دەم ڕەوتەوە ئاوڕێکی لێ دامەوە و وتی: کابرا بە ڕێی خۆتەوە بڕۆ من حەریفی تۆ نیم، پیاوەتیت ببێ ماتڵم مەکە. قسەکەیم بە لاوە سەیر بوو چونکە وەکو لەگەڵ منالێکا قسە بکا وا بوو. وتم کوڕە ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ یا خوێنت ئەڕێژم، یا خوێنم ئەڕێژیت، ئەوە قسە لەگەڵ کێ ئەکەی، من تەکشم تەکش، با گوێت لێ بێ.

کە ئەمەم وت هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو ڕمەکەی لەسەر سنگم توند بوو، وتی کوشتتم یا نا؟. دە بڕۆ بەرۆکم بەردە و لەمە زیاتر تاخیرم مەکە و ڕمەکەی لەسەر سنگم هەڵگرتەوە و دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن.

کە ئەمەم دی هەر وا واقم وڕ ما، چونکە ئەمە، یەك، کەوا یەکێك بەو جۆرە بەرانبەریی کردبم. وتم دەك عەمرت نەمێنێ تەکش بۆ خۆت و بۆ غیرەتت. ئەوە لە کوێیت، تۆ نووستوویت؟ دیسان هەر کۆڵم نەدا شوێنی

کەوتم و ئەوەندەی تر شێرگیرتر بووم. بانگم لێ کرد: کابرا پیاوانە وەرە مەیدانەوە، کە وای لێ هات یا ئەبێ بمکوژی یا ئەتکوژم، گوێم لێ بوو وتی کوڕە تۆ خوێن ئەگێڕی، ماڵکاول! من پێم نەوتی بە تاڵووکەم، بۆ بەرۆکم بەر نادەی؟ لێم گەڕایەوە تا من دەستم برد بۆ شیرەکەم ئەوەندەم زانی پەلاماری دامێ، وەکو چۆلەکە هەڵگرێ بەو جۆرە لەسەر ماینەکە فڕاندمی و دامی بە عەرزا و چۆکی دایە سەر سنگم و خنجەرەکەی لەسەر ملم دانا و وتی کوشتتم یان نەء؟ دە بڕۆ بەرۆکم بەردە! هەڵسا و سوار بووەوە و دیسان ملی ڕێی گرتەوە.

کە ئەمەم دی ئیتر هیچم پێ نەما، پەلاماری لغاوی ماینەکەیم دا و وتم: ئەوی تۆ بە منت کرد تا ئێستا کەس پێی نەکردووم، پێم بڵێ تۆ کێیت؟ وە بۆ هەر کوێش ئەچیت لەگەڵتم. سەرێکی با دا و وتی تۆ شێت بوویت. لغاوەکە بەرەڵا کە، بە تاڵووکەم. وتم ئەمەی پێ ناوێ یا کوشتن یا لەگەڵتا هاتن.

ئینجا وتی: برام! من بۆ ناو دەریای خوێن ئەچم، ئەو شوێنە شوێنی هیی وەکو تۆ نییە. وتم خۆت تاخیر مەکە، لێت نابمەوە من لە تۆ زیاتر نیم. کە سەیری کرد هیچ کەڵکی نییە و لە کۆڵی نابمەوە و هەر ماتڵی ئەکەم وتی جڵەوەکە بەردە و سوار بە و شوێنم کەوە، ئاوزەنگی تەقێن. ئینجا وردە وردە بە ڕێوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتی خۆی و وتی:

من (سەمسام)ی (سوور سووری)م، مامێکم هەیە (جیهانبەخش) لە ولاتی (تەرگەوەڕ)، کچێکی هەیە (گوڵئەندام). ئەمە حەوت ساڵە دڵمان پێکەوەیە، کەس نەما نەیکەم بە تکاکار و ڕێگە نەما بۆی نەچم، ئێستە و ئەوساش لای لێ نەکردمەوە، داوای شیربایییەکی زۆر ئەکا منیش پێم هەڵناسێ. ئێستە وا ناچارم هیچم بۆ نەماوەتەوە ئەچم کچەکە ئەفڕێنم. ئەوەشت پێ بڵێم: مامەکەم عەشرەت و پشتماڵەیەکی زۆری هەیە، بێجگە

لەمانەش حەو کوڕی هەیە، منت چۆن دی هەر یەکە لەوان چواری وەکو من ئەخاتە کۆشیەوە. مامەکەشم خۆی ناوبانگی ئازایی و دەستوبردی لە هەموو ولآتا دەرکردووە. ئەوەش ئەزانم کە دەستم لێ هەڵناگرێ، بەلآم ناچاریشم هەر ئەبێ بۆی بچم. ئەمە سەرگوزەشتی منە. ئێستەش دیسان تکات لێ ئەکەمەوە کە بگەڕێیتەوە بە شوێنەکەی خۆتا، جوانیت، با لە خۆڕایی سەرت تیا نەچێت.

کە گوێم لە قسەکانی بوو لەم دڵ و دەروون و هێز و تاقەتە هەر وا سەرسامییەك گرتمی. وتم برا سەرێکە و لە ڕێی تۆدا دامناوە پێی پێوە نێ. من تازە خولآمی حەڵقە بەگوێی تۆم تا سەرم لە ڕێتا بەخت نەکەم ناگەڕێمەوە. وتی کە وایە یائەڵڵا، بەلآم چیت پێ ئەڵێم وا بکە.

***

دوانزە شەو و دوانزە ڕۆژ بە چوار ناڵە تێمان تەقان، لە ئێوارەی دوانزە ڕۆژەدا گەیشتینە شوێنێك، وتی لێرە دابەزین. دابەزیین و ماینەکانمان بەرەڵای ناو ئەو مێرگانە کرد و هاتە تەنیشتمەوە وتی:

هۆ، ڕەشمالآنە کە لە دوورەوە دیارن، ئەوە ماڵی مامەکەمە. هەقیقەت کە سەیرم کرد هەتا چاو کار ئەکا لەو دەشتەدا ڕەشماڵ بەبێ هەق و حیساب هەڵیداوە. وتی من لەگەڵ بانگی شێوانا لێرەوە ئەچم، لەگەڵ کچەکەدا ئەم بەیانییە ژوانێکمان هەیە ئەویش دێتە ئەوێ ئەیهێنم و لەگەڵ سفیدەی بەیانا ئەگەڕێمەوە. ئەگەر لەو وەختەدا نەهاتمەوە ئەوە بزانە شتێکم بە سەر هاتووە، ئیتر هیچ لێی مەوەستە سواری ولآخی خۆت بە و هینەکەی منیش بەرە و بڕۆرەوە، نەکەی ئەوە بێت بە دڵتا بڵێیت لەگەڵ ئەمانە شەڕ یا شتێك ئەکەم.

لەگەڵ ئەم هەموو زۆر و باهووەدا کە بەم کوڕەوە دیبووم سەیرم ئەکرد زۆریش ئەترسا، وا دەرئەکەوت مام و ئامۆزاکانی گەلێ لەم بە دەسەلآتتر

بوون. خۆ من بە تەواوی ئیتر ورەم بەردابوو. ئەو تەکشە کە جاران لە تاوی، ناڵدار ناڵی ئەخست و باڵدار باڵ، ئێستە بێزی لە خۆی ئەهاتەوە.

ئینجا هەستا شیرەکەی کرد بە قەدیا، قەڵخانەکەی خستە ناو شانی و ڕمەکەی گرت بە دەستەوە. ماڵاواییی لێ کردم و بە پێیان بە ڕێ کەوت. منیش وڵاخەکانم هێنا و زینەکەم لێ گرتنەوە و ڕەنەك و قاشاوم دان. جۆمان پێ بوو لەگەڵ دوو باقە گیادا بۆم هێنان و دامنێ، پاش ئەمانە ئاوم دان و زینەکەم لێ کردنەوە و بە دیاریانەوە کرووسکەم کرد.

دوو بەشی شەو ڕۆیشتبوو، نەڕۆیشتبوو، ئەوەندەم زانی لە دوورەوە دوو تارمایی پەیدا بوو وەکو با ئەیانکوتا، زۆری پێ نەچوو گەیشتنە جێ سەیرم کرد سەمسامە و ئافرەتێکی لەگەڵە. شەو بوو هەر ئەوەندەم بۆ دەرکەوت ئافرەتێکی کەڵەگەت و بەخۆوە بوو. ئیتر دانەنیشتین. پێی وتم سوار بە! خۆیشی سواری وڵاخەکەی خۆی بوو، ئافرەتەکەی خستە پاشکۆی و ڕووی تێ کردم و وتی:

وا ئەڕۆین، من تا ئێستا لام بۆ دوژمن نەکردۆتەوە بە ترسەوە، تۆ جار جار ئاوڕ بدەرەوە ئەگەر دیت لەشکری هەموو دنیا کۆ بوونەتەوە و بە شوێنمانا دێن هیچ گوێی مەدەرێ و وڵاخی خۆت لێ خوڕە، هیچ نین، هەر پێشم مەڵێ، بەڵام ئەگەر دیت هەشت سوار ئەهاتن پێم بڵێ ئەوە ئیتر ڕزگاربوون نییە.

ئینجا قامچیمان لە پیرە وڵاخ ڕاکێشا و کەوتینە ڕۆیشتن، بەڵام چۆن ڕۆیشتنێك؟ با، بە تۆزی قولمانا نەئەگەیشت، وا جار جاریش هەر لا ئەکەمەوە، بەو جۆرە ڕۆیشتین هەتا بەیان گزنگی دا و دنیا بە تەواوی ڕووناك بووەوە. ئەو وەختە کە سەیری ئافرەتەکەم کرد تەماشام کرد وا کچێکە لە تەمەنی هەژدە ساڵانا، نە بخۆی نە بکەی تەماشای سای گەردەنی کەی، باڵایەکی بەرزی کەڵەگەتی پێوە بوو، سوور و سپی، ئەو

چاوانەی ئەتوت پیاڵەیە، گۆناکانی سوور سوور، خڕوپڕ، ئەتوت سێوی سەردەشتە، ئەو باسك و مەچەکە ئەتوت بلوورە. قژەکانی؛ قژەکانی وەك سرکەییی ئاوریشمی ڕەش بەسەر شانیا پەخش بووبووەوە و ئەڕژایە کەمەری. کەمەری چی؟ ئەتوت ناو قەدی ئاسکە. بەڕاستی گوڵئەندام گوڵئەندام بوو. گوڵئەندام ئەوەی ئەهێنا کە ئەو سەمسامە جوانەمەرگە سەری خۆی لە ڕێدا بۆ دانێ.

***

ڕۆژ گزنگی دا و پەلکە زێڕینەکەی بەسەر دنیادا بڵاوکردەوە و لەگەڵ گوڵئەندام و پڵپڵەی سەر ئەگریجەکانیا دەستیان کرد بە چاوشارکێ. دنیا بوو بە چێشتەنگاوێکی درەنگ، کە لام کردەوە سەیرم کرد وا لە دوورەوە هەشت سوار– یەکێکیان لە پێشەوە و حەوتیشیان بە شوێنیەوە، هەر وەکو با، دێن. کە ئەمەم چاو پێ کەوت بانگم کرد سەمسام وا هەشت سوار بە شوێنمانا ئەیکوتن. ئەوەندەم زانی سەمسام ماینەکەی ڕاگرت و وتی ئیتر تەواو. پێی وتم تۆ نەختێکی تر سواری وڵاخی خۆت بەو، بەو شوێنەدا کە هاتبووین بگەڕێوە بۆ وڵاتی خۆت، بەڵام جار جار یادێکم بکە. کە قسەکەی کرد دڵم پڕ بوو، ئاو بە چاوما هاتە خوارەوە. لە ماینەکەی دابەزی، جڵەوەکەی دایە دەست گوڵئەندام و بە قوڵپی گریانەوە پێی وت: بچۆ لە قەراخ ڕێگەکە بوەستە، دواجار سواری ئەم وڵاخە بە و گەردنم ئازا کە، بۆ کوێ ئەچی بچۆ! وا لە بەری یەکمان نەخوارد. هەردووکیان فرمێسك بە چاویانا هاتە خوارەوە، بە منیشی وت تۆیش لەوبەرەوە ڕاوەستە سەیری ئەم نەبەرد و ڕەزمە بکە! خۆیشی ڕووبەڕووی سوارەکان لە چەقی ڕێگاکەدا وەکو سنگ چەقی و دەستی خستە سەر مستووی شیرەکەی.

زۆری پێ نەچوو سوارەکان گەیشتنە جێ. سەیرم کرد وا یەکێکی

ڕیشسپی. ڕیشی ئەرژێتە پشتێنەی و حەوت گەنجی تازە پێگەیشتووی لە دواوەیە، هەموو نیشانەی ئازایی و پاڵەوانییان لەناو چاودا دیارە و ئـاگـریـان لـێ ئـەبـارێ. سەمسام پـێی وتم ئـەو ڕیشسپییە مـامـەکەمە و ئەوانیش کوڕەکانین. لەوێ ئەوانیش بەرانبەر بە سەمسام وەستان.

ڕیشسپییەکە هەڵیدایە وتی: سەمسام ئەم کەتنەت بۆ گێڕا؟ بۆچی لەناو هەموو تەرگەوەڕدا حەیات بردم؟ سەمسام–یش وتی: مامە! حەو ساڵە ڕجا و تکا نەما نەیکەم، گوڵئەندامت نەدامێ لەگەڵ ئەوە کە ئەو بۆ منە و من بۆ ئەو. منت گۆڕییەوە بە ماڵی دنیا. ئێستاش هیچ نەبووە، هەر لێرە بڵێ وا پێم دایت ئیتر من هیچم ناوێ. وتی: ڕۆڵە تازە کار لە کار ترازا.

ئاوڕی دایەوە بە لای یەکێ لە کوڕەکانیەوە و وتی: «ئا بچۆ سەرەکەیم بۆ بێنە!». کوڕە وەکو کێچ ڕاپەڕی. لە ماینەکەی دابەزی و هات بەرانبەر بە سەمسام وەستا دەستی دایە شیرەکەی. سەمسام هەڵیدایە: مامە، بۆ خاتری خوا مەکە با خوێن نەکەوێتە بەینەوە، لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە. دیسان لەوێوە بانگی کردەوە: «ئا سەرەکەیم بۆ بێنە!».

لەو مەیدانەدا ئەو دوو نەمامە کە هێشتا هەر تامەزرۆی باخی ژیان بوون دەستیان کرد بە شیر و تیر لە یەك دان. کە سەیرم کرد بەڕاستی، ڕاستی کرد سەمسام کە وەختی خۆی پێی وتم کوڕەکانی مامم هەر یەکەیان چواری وەکو من ئەخەنە کۆشیانەوە. هەرچەندم ئەکرد نەمئەزانی سەیری دەستوبردی کامیان بکەم.

بەو جۆرە لەو مەیدانەدا ئەو کوڕە نێزیکەی نیو سەعات خۆی لە بەر ئەو شان و باهووە پاڵەوانانەی سەمساما ڕاگرت، لە ئاخریا کە هات شیرەکەی داهێنێتەوە سەمسام شیرەکەی خۆی ئاوقەی سەرشانی ڕاستی کرد و لە پەراسووی چەپیەوە دەرچوو. کوڕە لەوێ کەوت، من ئیتر خۆم ڕانەگرت فرمێسك بە چاوما هاتە خوارەوە، ئاگام لێ بوو گوڵئەندامیش لەوێ دایەوە

پرمەی گریان.

کە جیهانبەخش ئەمەی دی، لای کردەوە لە یەکێکی تر لە کورەکانی وتی «ئا بچۆ سەرەکەیم بۆ بێنە!». یەکێکی تریان پەلاماری دایە و بۆی هات. سەمسام دیسان بانگی لێ کردەوە مامە! بۆ خاتری خوا واز بێنە با ئیتر ببرێتەوە لە خۆڕایی خوێنی ناهەق مەرێژە. ئەویش بانگی کرد ڕۆڵە!. تا ئێستە ئێسك نەشكابوو لە بەینا، ئەوا ئێستە ئێسکیش کەوتە ناوەوە، تازە تێپەڕیوە.

سەمسام لەگەڵ ئەویشا کەوتە شەڕ، زۆری پێ نەچوو ئەویشی کوشت. مامەکەی دیسان لای کردەوە لە یەکێکی تر لە کورەکانی، ئا بچۆ سەرەکەیم بۆ بێنە! ئەویش هات، ئەویش کوژرا.

پێی ناوێ، هەر حەوت کورەکەی نارد، هەموویان بە دەستی سەمسام کوژران. ئەوەش سەیر بوو ئەم کارەساتە خوێناوییە ڕووی دا، هیچیان قسەیەکی تاڵیان لە دەم نەهاتە دەرەوە. ئەم ئەیوت مامە وا مەکە، ئەویش هەر ئەیوت ڕۆڵە تازە تێ پەڕیوە.

ئینجا کە کەس نەما، ئەوەندەم زانی جیهانبەخش ئاوزەنگیی دا لە وڵاخەکەی و هات لەپێش سەمساما دابەزی و ڕیشەکەی کرد بە بەر پشتێنەکەیا و وتی: «ڕۆڵە! تا ئێستە شەڕ، شەڕی کاوڕان بووە، ئێستە شەڕ، شەڕەقۆچی بەرانانە، چاوت لە مامی خۆت بێ چیت پێ بکا!!». دیسان سەمسام هاواری لێ کرد مامە، با بەس بێ بەس. مامەش وتی: ڕۆڵە تازە بەسی چی بێ؟ یاری بکە یاری.

ئەم مام و برازایە لەو دەشتە چۆڵەدا بەسەر ئەو حەوت لاشە کوژراوە خێر نەدیوانەدا کەوتنە شیر و تیر لە یەك وەشاندن.

ڕۆڵە، بڕوام پێ بکە ئەگەر بڵێم مەلایەکەی ئاسمان هەموو بە چاوی فرمێسکاوییەوە هاتبوونە سەیری ئەو کارەساتە هیچ درۆ نییە و بڕوام پێ

بکە. ئەم کوڕە گەنجە، ئەم پیرە نوورانییە، ئەهاتن و ئەچوون. گەلێ لە شێری برسی تینووتر بە خوێنی یەك، هیچ بەزەییان بە یەکا نەئەهاتەوە. سا، چییان بە یەك کرد، کردیان.

ڕۆژ، وا خەریکە تەنگ بە کەلی ڕۆژئاوا هەڵئەچنێ، دەمە و زەردەپەڕە، خوێنی شەهیدەکانیش وا لە ڕۆخی ئاسمانا خەریکە خۆی ئەنوێنێ. کوتوپڕ جیهانبەخش نرکاندی، سەمسام! ڕۆڵە! بگرە ئیتر بەسە. شیرێکی داهێنایەوە. سەمسامیش وتی مامە ها تۆیش بگرە، منیش ئەڵێم ئیتر بەسە. تەماشا کە گەردوون ئیشی چۆن ئەکا؟ لەو وەختەدا کە شیرەکانیان داهێنایەوە هیچیان دەستیان سەری نەکرد و خۆیشیان بۆ نەپارێزرا. شیرەکەی سەمسام کەوتە عاستی ملاشووی جیهانبەخش و لە بنەنگڵیەوە سەری دەرکرد. هینەکەی جیهانبەخشیش سەری نەکرد دای لە ملی سەمسام و سەرەکەی لەولاوە کەوت. گوێم لێ بوو کەللەکەی بە دەم خوێنەوە وتی: «مامە چاکت کرد؟». نیوە لەشی مامەکەشی لەولاوە وتی «ڕۆڵە وا باشە».

***

هیچ نەما، قەڵاچۆیان بڕایەوە. نۆ تەرم لە خوێنی خۆیانا ئەگەوزین. سەیرم کرد گوڵئەندام چووە پێشەوە لێیان، دەسەسرەکەی دەرهێنا و چاوەکانی سڕی، یەکە یەکە، چاوێکی پێیانا گێڕا و هیچ ورتەی نەکرد. من چیم بە دڵا هات؟ وتم تازە ئەمە ڕووی دا ببێ و نەبێ ئەم کچە بۆ من ئەبێ. ڕووم تێ کرد و وتم: گوڵئەندام ئەوی چاوت پێ کەوت تازە قەوما و ڕووی دا. ئێستە لەگەڵ من وەرە با بڕۆین، دەرکەوت کە خوا منی بە تۆ داوە تۆ بە من.

هەر کە ئەمەم لە دەم هاتە دەرەوە ئەوەندەم گوێ لێ بوو وتی ئاگات لە خۆت بێ، تا من کەوتمە خۆم سەیر ئەکەم بە گازی پشتا دراوم بە زەویدا

و کچێك لەسەر سنگم چۆکی داکوتاوە. وتی: ها، چۆنی؟ وتم بەسمە. ئیتر هەستا و وتی:

برا! من لەم شێرانەم کە لێرە کەوتوون. خۆ دیت کە چۆن بوون؟ وا ئەبینی باوك و حەوت برا و دەزگیرانێکی وەکو سەمسامم لەوێ کەوتوون. تۆیش لات وایە هەنگوینت لەناو شاخا و کچێکت لە لاکۆلانا دیوەتەوە. با پێت بڵێم ئێمە، چ ژنمان، چ پیاومان تا ئێستا کەس پشتی نەداوین بە عەرزا. من تا ئێستا خۆمم بۆ سەمسام دانابوو، بەڵام باوکم بۆ پارە ئەم کەتنەی گێڕا. ئیتر لە ئێستە بە دواوە خۆمم بۆ گڵ دانا.

شیرەکەی باوکی– ئەو شیرە کە سەمسامی پێ کوژرا– هەڵیگرت، تا وتم کچێ چی ئەکەی؟ لەسەر لەشەکەی سەمساما هێنای بە ملی خۆیا و بەسەر لەشەکەدا لار بووەوە و بۆ هەتا هەتایی باوەشیان کرد بە یەکا.

ئیتر من هەر ئەوەم بۆ مایەوە لەناو ئەو دەریای خوێنەدا سواری ماینەکەی خۆم بووم و بەبێ ئەوە دەست بە هیچەوە بدەم بە شوێنەکەی خۆما گەڕامەوە.

ئێستەش هەرچەندە بیری ئەو دیمەنە ئەکەمەوە کسپە لە جەرگمەوە دێت و خوڕ خوڕ ئاو بە چاوما دێتە خوارەوە.

ڕۆڵە! ئەگەر مامەکەی بیانووی ئەو شیربابییە زۆرەی لەو جوانەمەرگە نەگرتایە بۆچی ئەو کارەساتە بەسامە ڕووی ئەدا؟

## کاڵای باڵای شا

شوباتی ١٩٤٤

نامەخوا وڵات ئەوەندە لە ئاسایش و خۆشیدا بوو، لەوانە بوو گورگ و مەڕ لە هەموو سەرکانیاوێکیا پێکەوە ئاویان ئەخواردەوە؛ دەردەدڵ نەبوو، کەساسی نەبوو، نە کەس کەسی ئەکوشت وە نە کەس دەرزیی ئەکرد بە لووتی کەسا. تەنانەت بێجگە لەمەش هیچ کەس پێویستی بەوە نەبوو نان وەیا جلوبەرگێکی هەبێ، چونکە سروودی پادشا هەم نان بوو هەم بەرگ. هەم تێریان پێ ئەخوارد، هەم لە بەریان ئەکرد. هەر لەبەر ئەم بێ ئاتاجییە بوو بۆیە وڵاتەکە بووبوو بە بەهەشت، لە بەهەشتیشا کۆششکردن بۆ نان و بەرگ پێویست ناکا، هەمووی خۆی لە خۆیەوە ئامادە ئەبێ. جا با پیاوە ئاینییەکان بڵێن بەهەشت لە دنیادا نییە. ئەی ئەوە چییە هەیە هەی فێڵبازینە؟

پادشا زۆر بە نەوازش بوو لەگەڵ خەڵکا، هەموو دەم لە بیری ئەوەدا بوو کە دانیشتووانی وڵات وەکو دانیشتووی دیواخانان لە خۆشی و ئاهەنگدا بن. ئەم هەموو خۆشی و شادییەش لەبەر ئەوە بوو کە پادشا هۆگری جلوبەرگی ئاڵووالا بوو؛ لە هەر وڵاتێك ناوبانگی پارچەیەکی تازە بابەت دەربچووایە پاشا چەپەری ئەنارد و پارچەیان بە عەنعەناتی تاجگوزاری ئەهێنا و ئەکرا بە بەرگێکی تازە و پادشا لەناو دەریایەکی شادمانیدا بە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی لە بەری ئەکرد و کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتووانی وڵات ئەچوون بۆ پیرۆزباییی پۆشینی بەرگی تازەی شا.

ئەم هەموو کۆبوونەوە و ئاهەنگانە– کە هەر ڕۆژە یەکێکی بەر ئەکەوت– بووبوونە هۆی ئەوە کە قەڵەمرەو هەموو ڕۆژێ لە شادی و زەماوەندا بێ و دانیشتووان بە درێژاییی ساڵ لە هەڵپەڕکێ و سەماکردنی

بەزمی پۆشینی بەرگی تازەی شادا بن.

***

ڕۆژێ لە ڕۆژان قوو کەوتە عەشرەت کە وەستایەك و شاگرد وەستایەك لە ولاتی فەرەنگستانەوە هاتوون پارچەی بە نەخش و نیگاری وا دروست ئەکەن مەگەر هەر پەرییانی ئاسۆی ئاسمان لە سەردەمی بەهارانا بیانگەنێ، لە کاتێکا کە ئەستێرە زێڕینە دروست ئەکەن، ئەگینا هیچ وەستایەکی تری سەر زەوی توانای دروستکردنی شتی وای نییە.

بێجگە لەمەش ئەو پارچەیەی کە ئەمانە دروستی ئەکەن وەکو دەستێکی نهێنی ڕایەڵەکەی بتەنێ وایە، چونکە ئەوی زۆڵ بێ نایبینێ. ئەمەیان بەتایبەتی گەورەتر شتێکە کە ناوبانگی ئەم وەستایانەی پێ بچێتە کەشکەشانی فەلەك. بەلام ئەوەندە هەیە ئەرکی خەرج و باجی دروستکردنی پارچەیەکی وەها لە وزەی هەموو کەسێکا نییە. ئەوی شا و شازادە نەبێ ناتوانێ خۆی لە بەر مەساریفی دروستکردنەکەیا ڕابگرێ.

پادشا کە باسی هاتنی ئەم وەستا بەلاجەویانەی بیست ئەوەندەی تر کەوتە ناو دنیای خۆشی و گەشکەدارییەوە؛ یەکەم لەبەر ئەوە کە بە هۆی پۆشینی بەرگێکی ترەوە ولات ئەکەوێتە ناو زەماوەندێکی تازەترەوە، دووەم کە ئەو بە هۆی ئەو تازە بەرگەیەوە بۆی دەرئەکەوێ کە، لە پیاوماقووڵ و کاربەدەستانی ولاتەکەی کێیان زادەی ڕاستەقینەی باوکی خۆیانن و کێیان بیژی و زۆڵن، چونکە ئەوانەی نەیبینن بێگومان زۆڵن، ئەو وەختە ئەوانە لەسەر کار دەرئەکا و ئەسڵزادە و نەجیمزادە ئەخاتە سەر ئیش و ئەمجا کاروباری ولات، ئیتر گەلێ گەلێ ڕوو بە چاکیتر ئەڕوا لەم ڕۆژەی کە ئێستە هەیەتی.

دەمودەست ناردی وەستای فەرەنگییان بە خۆی و بە شاگردیەوە هێنایە بارەگا و نەوازشێکی زۆری لەگەڵ کردن، پێی وتن ئایا ڕاستە کە ئێوە

پـــارچــەی وا نـــاوازە دروست ئەکەن؟ وەستــاش وتـی هـەرچێکیـان بـاس کردووە لـە خزمەتتا لـە لایەن ئەم پارچەیەوە هێشتا هـەر کەمە، من گەلێ لـەوە بـەرزتر و چاکتریشی دروست ئەکەم بـەڵام هـەر ئـەوەندەیە ئـەرکەکەی زۆر گرانە، نەوەك هـەموو کەس بەڵکو هـەموو پـادشایەکیش نـاتوانێ بچێتە ژێر بـاری ئەو ئـەرکەیەوە.

پـادشا وتی: وەستا، ئـەم قسـانـە بـەرانبـەر بـە من نـاکرێ، من بۆ ئەوە لـە پـاشەڕۆژا وڵاتـەکـەم ئـەوەنـدەی تـر بکـەم بـە بـەهـەشتـەوە و پیـاوی ئیش لێنەهـاتووی لێ دەرکەم، ئەگەر هـەچ گەنج و زێڕێکی خۆم و وڵاتم هـەیە لـەم ڕێگەیەدا بیدۆڕێنم هێشتا هـەر کەمە، تۆ سەر لـەوە مەکەوە، لـە تۆ ئیشکردن و لـە من پـارە خـەرجکردن.

وەستا کڕنووشی برد و وتی پـادشام! ئـەبێ بـەرگێکی وات بۆ دروست کەم نـەوەك هـەر زۆڵ نـەیبینێ بـەڵکو دۆست و دوژمنیشی پێ لێك بکـەیتەوە؛ ئـەبێ وای دروست بکـەم ئـەوانـەی کە دوژمنی تۆن و خۆیـان خستووەتە پێستی دۆستـایەتیتەوە، ئەوانەش هـەر نـەیبینن. پـادشا ئـەوەندەی تر گەشکە گرتی.

***

ئـەمجا وەستا وتی پـادشاهم، شوێنی کـارخـانـەیەکی گەورەم ئـەوێ، ئـەبێ لـەو دەشتە ڕاستـەی لای ڕاستی شارەکەوە بـە مـاوەی چـارەك سـەعـاتێ ڕێگە شوورەیەکی لـێ بکرێ و لـە نـاوەوە کۆشکێکی بـەرز و بڵندی لـێ دروست بکرێ بۆ شوێنی دانیشتنی خۆم، کە هـەموو جۆرە هۆی حـەسانـەوەیەکی تێدا هـەبێ، لـە تـەنیشتیەوە کۆشکی کـارخـانـەکە دروست بکرێ. ئـەم پـارچـەیە لـەو وەختـەوە کە دەست ئـەکەم بـە دروستکردنی تـا تـەواو ئـەبێ شـەشسـەد و شـەستوشـەش ڕۆژ و شـەش سـەعـات ئـەخـایـەنێ. لـەم مـاوەیەدا هـەموو دەم نـان و خوانمـان بۆ ئـامـادە بکرێ، کەس هـاتوچۆی نـاو کـارخـانـەکە نـەکا،

مەگەر ئەو کەسانە نەبن کە جارجار خۆت ئەیانـنێری بۆ سەردانی ئیشەکە. ئەبێ پەیتا پەیتا جەواهیرات و زومرووت بنێری بۆ ئەوە بیانتوێنمەوە و بیانکەم بە تانوپۆی پارچەکە. کە تەواویش بوو دیارە خەڵاتەکەم خەڵاتی پادشاهی ئەبێ.

پادشا وتی لەم ڕووەوە هەچ پێویستییەك هەبێ هەمووی بۆت جێبەجێ ئەکرێ. ئەم خزمەتەی تۆ خزمەت نییە بە تەنها بە من بەڵکو لە پێناوی ئەم فرمانەی تۆدا هەموو وڵات ئەحەسێتەوە.

ئەمجا پادشا وەکو وەستای فەرەنگی وتبووی، لە ماوەیەکی زۆر کەما شوورە و کۆشك و شوێنی کارخانەی دروست کرد و وەستا بە خۆی و بە شاگردیەوە چوونە ناو کۆشك و پاڵیان لێ دایەوە. لەناو کارخانەکەدا چوارچێوەیەکی وەکو چوارداری تەونی دانا، هەرکاتە یەکێك بهاتایە بۆ کۆشکەکە، ئەو لەگەڵ شاگردەکەیا ئەچوونە ناو کارخانەکە و لە بەر چوارچێوەکەدا پێچاڵێکیشی دروست کردبوو، ئەچووە ناو پێچاڵەکە و شان و قۆڵی ئەکوتا و ئەیگرمان بەسەر شاگردەکەیا، هەتیو ئەو مرخەکە زومرووتەم بۆ بێنە، ئەو قانگڵە یاقووتەم بەرێ، هەتیو کەڵکیتەکە بێنە. پاش ئەوە ئەچوونەوە لە کۆشکەکەدا بۆ خۆیان لێی دائەنیشتن، بە نووستن لە سای سەهەنا و بە خواردنی گۆشت و ڕۆنی شلپەی بارەگای پادشاهی ڕایان ئەبوارد. هەر بەینە نە بەینێکیش ئەو جەواهیرات و زێڕ و زیوە کە پادشا ئەینارد بۆ تانوپۆی بەرگی تازەی، وەستای فەرەنگی ئەیدا بە شاگردەکەی ئەیبردەوە بۆ وڵات و ئەگەڕایەوە.

***

بەم جۆرە ماوەیەکی زۆری ڕابوارد. ڕۆژێ پادشا وەزیرێکی دانا و ژیری هەبوو، ناردی بۆ ئەوە بچێت چاوی بەم بەرگە تازەیە بکەوێ و بزانێ وەستای فەرەنگی گەیشتووەتە کوێ، زۆری ماوە لێ بێتەوە یا کەم؟ وەزیر

ڕووبەڕووی کۆشکی کارخانە بە ڕێ کەوت و خەبەر درا بە وەستا، کە باش وەزیری پادشا دێت بۆ سەیری ئیشوکار و دروستکردنی پارچەی نایابی تازەی شا.

وەستا خۆی کوتایەوە پێچاڵەکە و دەستی کردەوە بە شان و قۆڵ کوتان و گرمەگرم لەگەڵ شاگردەکەیا. وەزیر چووە ژوورەوە سەیری کرد وەستا بە دەست و بە قاچ و بە دەم لە بەر چوارچێوەیەکا خەریکە. بەڵام بێجگە لە چوارچێوەکە هیچی تر نابینێ. زۆر سەری سڕ ما. زیاد لەمەش خێرا وەستا هەستا و هات بە لایەوە و پەنجەی بۆ عاستی چوارچێوەکە ڕائەکێشێ و قسەی بۆ ئەکا. ئەڵێ:

چاوت لێیە ئەو گوڵەی وەکو وێنەی هەرمێ لە زومڕوتە دروستم کردووە، ئەو گوڵەکەی تری لە وێنەی دار ئەرخەوانێکە کە دارەکە خۆی لە زێڕە و گوڵەکانی لە یاقووت و پیرۆزەیە، ئەو باڵندانەش کە بەسەر گوڵەکانەوە نیشتوونەتەوە هەر یەکە لە گەوهەرێکن.

قسە بۆ باش وەزیر هەڵئەڕێژێ وەکو بەڕوو لە دەمیا هەڵتۆقیبێ. باش وەزیریش هیچ نابینێ، هەر ئەوە بە دڵیا دێت: ئەڵێ وادیارە من بیژیم بۆیە نایبینم. ئەگەر ئێستە بڵێم هیچ نابینم لە لایەکەوە لەناو خەڵکا بە زۆڵ دەرئەچم لە لایەکی تریشەوە پادشا بە دوژمنی خۆیم ئەزانێ.

باش وەزیر لەبەر ئەوە کە ئەم کەتنەی بەسەر نەیە سەر بۆ وەستای فەرەنگی ئەلەقێنێ و ئەڵێ: بەڵێ ڕاست ئەکەی گوڵەکان زۆر جوانن، بەتایبەتی ئەو باڵندانە کە دروستت کردوون و پیرۆزەت خستووەتە کاسەی چاوەکانیانەوە، ئاوی چاوی پیاو ئەستێنن. وەستاش ئەڵێ ئەمە هێشتا تەواو نەبووە، با تەواو ببێ ئەو وەختە سەیری بکەن. ئێستە ئەوی تۆ دیوتە هیچ نییە، پاش تەواوبوون شتێ ناوازەتر ئەبینی.

باش وەزیری هەناسەسارد لەناو دەریایەکی پەژارەییدا– چونکە

پارچەی نەدیوە و بە زۆڵ دەرچووە– گەڕایەوە بۆ لای پادشا و گەلێ باسی جوانیی بەرگی تازەی بۆ کرد، کە چۆن وەستای فەرەنگی هونەری خۆی تیا بە کار هێناوە. مەگەر هەر وەستایەکی وا بتوانێ ئەو گوڵە جوانانە بەو ڕێکوپێکییە لە پارچەیەکی وا تەنکی لە قورساییی جاڵجاڵۆکە تەنکتر و سووکتر دروست بکا. پادشا ئەوەندەی تر گەشکە گرتی و ئاسۆی دەریای شادمانیی زیاتر فراوان بووەوە.

پاش ماوەی چەند مانگێکی تر پادشا وەزیرێکی تری نارد بۆ چاوپێکەوتنی بەرگی تازە و بزانێ وەستای فەرەنگی تیایا گەیشتۆتە کوێ؟ ئەمیش کە چوو وەنەبێ لە کاکەی بە بارسووکتر گەڕابێتەوە. چ سەمەرەیەك لە باش وەزیر ڕووی دا چەشنی سەمەرە لەمیش ڕووی دا.

***

ساڵ و مانگ و ڕۆژ تەنگیان بە دوابیهاتنی دروستکردنی کاڵای تازەی شا هەڵچنی. هەر شتێك سەرەتای هەبوو دواییشی هەیە.

ئاواتی هەرکەس ئەوەیە لەو پلەیە کە تیایەتی پلەیەکی تر سەرکەوێ تا ئەبێ بە پادشا. ئاواتی هەرە بەرزی ئەم پادشایەی ئێمەش ئەوە بوو کە بەرگی نوێی بۆ تەواو ببێ و لە بەری کا و دۆست و دوژمنی خۆی پێ لێك بکاتەوە. هەموو دەمێ خەوی بەو کاتەوە ئەبینی کەوا، کەوا و سەرکەوای بۆ تەواو بووە و لە بەری کردووە و دانیشتووان و کاربەدەستانی وڵات بە بەردەمیا تێ ئەپەڕن، بە هۆی بەرگی نوێی تازەوە– کە وەکو جامی جیهاننما وایە– پاك و پیسیان لێك جیا ئەکاتەوە و ناحەزەکانی لە لایەکەوە ڕائەگیرێن و دۆستەکانیشی ئەکەونە لایەکی ترەوە و دەستووریان ئەداتێ کە بە جوانی و دڵپاکی چاوێریی کاروباری دانیشتووانی قەڵەمڕەوەکەی بکەن.

لە پاش شەشسەد و شەست و شەش ڕۆژە و شەش سەعاتە وەستای

فەرەنگی ناردییە لای پادشا کە پارچەی بەرگی نوێی شا دواییی هات و لەناو کۆبوونەوەیەکی گەورەدا، شا بەرگی تازە لە بەر کا. پادشا لەم خەبەرە موژدەیەکی بەهەشتیی وەرگرت. دەشتێکی زۆر گەورەی تەرخان کرد و ڕۆژی کۆبوونەوەی دیاری کرد لەو دەشتەدا.

لە ڕۆژی دانراوا، لەپاش ئەوە کە پادشا بە دروشکەی شاهی چوو لەژێر خێوەتی پادشاهیدا ئارامی گرت، هەموو پیاوماقووڵ و کاربەدەستانی وڵات لە دەوری کۆ بوونەوە. وەستای فەرەنگی بە نقەنق نیشت بە کۆڵێکەوە و شاگردەکەشی پاشەڵی بۆ گرتووە و لەناو دەریایەکی چەپڵەڕێزانا لە بەردەمی پادشادا کۆڵی دا بە زەوییا، سەیرتر ئەوەیە کە ناو کۆڵیش لە با زیاتر هیچی تێدا نییە. ئەمجا دەمی هەڵهێنایەوە وتی:

خەڵکینە! ئەم کاڵای تازەی شایە ئەوی زۆڵ و ئەوی دوژمنی پادشا بێ نایبینێ، ئەمە بەردی مەحەکە بۆ ئەوە کە هەرکە خۆی بناسێ و پادشاش بیناسێ.

پاشان وتی: شاهم فەرموو ئەبێ خۆم بیکەمە بەرت و خۆم ڕێکی خەم. پادشا لە شوێنی خۆی هەستا و وەستاش کۆڵی کردەوە و دەستی بەرز کردەوە و پارچەی نەبووی بێ بناغەی پیشانی عالەمەکە ئەدا و وتی سەیر کەن لە جوانی، لە نازکی، لە گوڵ و دیمەنی، لە نەخش و نیگاری.

هەر کە ئەم دەستی بەرز ئەکردەوە بۆ نیشاندانی پارچە، لە هەموو لایەکەوە ئەبوو بە چەپڵەڕێزان و بە "بەخوا پارچەی چاکە". لەگەڵ ئەوەشا کابرا هیچی بە دەستەوە نییە و هەر لە خۆیەوە دەستی ڕائەوەشێنێ و دەمی ئەدا بە یەکا. ئەو عالەمەش کە سەیر ئەکەن هیچ نابینن؛ بەڵام هەر کەسە لە عاستی خۆی لە دڵا ئەڵێ: ئەبێ من زۆڵ بم بۆیە نایبینم. لە ترسی ئەوە کە بە زۆڵ دەرنەچێ لە چەپڵە ئەدا و "بەخوا پارچەی جوانە" دەنگی نێری بەرز ئەکاتەوە. باش وەزیر لە هەموو کەس زیاتر لە چەپڵە ئەدا و دەنگ

بەرز ئەکاتەوە. یەکەم لە ترسی ئەوە نەوەك بە زۆڵ بناسرێ، دووەم نەوەك بچێتە ڕیزی دوژمنانی پادشاوە.

ئینجا کابرا، پادشای ڕووت و قووت کردەوە و کەوتە شەفتە و چیرەگرتنەوەی و بەرگی لە بەر کرد. بە دەست و بە دەم باسی جوانیی گوڵەکانی ئەکرد و باسی ڕێکوپێکیی داوێن و قۆڵ و سنگی ئەکرد و ئەیوت: شاهم چاکییەکی تری ئەم بەرگە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەش کە لە گەوهەر دروست کراوە، ئەوەندە سووکە، ئەوەندە سووکە لە تاڵی جاڵجاڵۆکە سووکترە، پیاو هەست بەوە ناکا کە شتی لە بەرایە. پادشاش سەیر ئەکا هیچ نییە و هیچ دیارنییە، بەڵام لە ترسی ئەوە کە نەوەك بە زۆڵ دەرچێ و خەڵك بڵێن ئێمە پادشای زۆڵمان ناوێ، لە هەموو کەس زیاتر دڵی چووە بە جوانیی پارچەی نەبوودا و لە هەموو کەس زیاتر ئەڵێ: بەخوا بەرگێکی نایابە.

پاش ئەوە کە شا، لەناو ئەم چەپڵەڕێزانەدا کاڵای تازەی لە بەر کرد، وەستا وتی ئەبێ چەند کەسێك لە دواوە پاشەڵی ئەم بەرگە نایابە هەڵبگرن، با نەخشێ بەسەر زەویدا. هەر لەو شوێنەدا خەڵاتێکی شاهانەی وەستای فەرەنگیش کرا.

ئەمجا شا بە بەرگی تازەوە لەناو گالێسکەدا گەڕایەوە بۆ بارەگای شاهی و چەند خولامێکیش لە دواوە داوێنەکەیان بۆ هەڵگرتووە.

لە خەڵکی تر وایە ئەم خولامانە، شتیان بە دەستەوەیە و ئەوان نایبینن، کەچی لە ڕاستیدا ئەوانیش هیچیان بە دەستەوە نییە بەڵام لە ترسی ئەوە کە خولامی تایبەتی پادشان و بە زۆڵ و بە دوژمن دەرنەچن، زایەڵەی دەنگی "پیرۆز بێ بەرگی نوێی شا "ی ئەوان، عالەمەکەی ئەوەندەی تر هێناوەتە خرۆش.

بەم جۆرە، شا بەرگی تازەی لە بەر کرد و ناو و ئاوازەی "بەخوا بەرگی

تازەی شا جوانە" لە هەموو دیواخانێکی قەڵەمڕەوی شادا دەنگ ئەداتەوە.

هەتا لەپاش ماوەیەکی باش بەسەر ئەم کارەساتەدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو کەسی وەکو من و تۆ کە زۆر دۆستی یەك بوون و هیچ پەردەیەك لە بەینیانا نەمابووەوە، پێکەوە دائەنیشن و قسە لەم بەرگە تازەی پادشاوە ئەکەن. یەکێکیان بەوی کەیان ئەڵێ:

بە خوا برام، بە زۆڵم دەرئەکەی وەیا بە دوژمنی پادشا وەیا بە هەر شتێکی تر، من هیچم نەدی و هیچیشم بەرچاو نەکەوت. ئەوی تریشیان ئەڵێ: سا بە خوا برا منیش هەروەها. بەرە بەرە لەمانەوە ئیتر خەڵکی تر وێرایان بکەونە سەر ئەوە کە بڵێن هیچیان نەدیوە. تا لە دواییدا هەموو کەس تێگەیشت ئەمە شتێکی درۆ بووە و ئەم وەستای فەرەنگییە هەڵیبەستووە و هیچ کەس هیچی نەدیوە.

کەواتە پیرۆز بێ کالاّی بالاّی شا. وا دیارە هەموو چەرخێك ئەم فیلمە تازە ئەبێتەوە.

## شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو

کانوونی یەکەمی ١٩٤٦

هەموو فەسڵێ فەسڵی خوایە. ئەو ساڵە کە ڕەشەی خەجەلاو شاییەکەی دایکی حەمەی جوانەمەرگی کرد هەر لەم فەسڵەدا بوو. لە دێیەکەی خۆمان لە سەربانەکەی ماڵی (پوورامینە)م جلێکیان ڕاخستبوو، هەتاو خۆش بوو، من و (خلە)ی خوشکەزام و (نەجە)ی سەرکار تازە لەناو شاییەکە هاتبووینەوە، هیلاك بووین، هەروا دانیشتبووین. دەمەتەقێمان ئەکرد، کوڕوکاڵیش لەوبەرەوە لە بەر ماڵی سۆفی ڕەمەزانا وا دەستیان گرتووە و هەڵئەپەڕن.

کوتوپڕ لە کلکەی ئاواییەکەوە سێ سوار کردیان بەناو دێدا. خەڵکەکە سەرگەرمی شاییەکە بوون، سوارەکان ڕووەو لای ئێمە هاتن. کە سەیرم کرد وا (.... ئاغایە) و دوو خزمەتکاری بە شوێنەوەیە. ئێمەش ڕاپەڕین، خلە، خێرا پەلاماری ولاخەکانی دا و جڵەوەکانی لە دەست گرتن و منیش چووم بە پیریانەوە و بانگم کرد لە پوورامینەم مافوورێك بێنێتە سەربان و نەجەشم نارد بۆ ناو شاییەکە، کە پێیان بڵێ وا ئاغا تەشریفی هێناوە. ئاغە خێرا هەڵیدایە وتی: بە سەری بابم ناچێت، لێ گەڕێ با شاییەکەیان لێ تێك نەچێ. من ئەمەوێ ئەوان هەموو دەمێ لە کەیف و ئاهەنگدا بن. ئەو وەختە کە (خانم)م دا بە ڕەشە، (خەجەلاو) سەد لیرەی هێنابوو– بە پێکەنینەوە وتی: دەویت بابە زۆر کەمیشی هێنابوو– بەڵام وتم قەیدی نییە من وەکو باوکیانم. چ ماڵی بووکە، چ ماڵی زاوا، هەردوو لایان لە ئاوایی خۆمدان. بیستم کە ئیمڕۆ شاییانە، وتم با بچم بۆ لایان، دڵیان پێ خۆش ئەبێ.

ئێستەش خۆم حەزم کرد لەناکاو بێمە ئاواییەکەوە، بۆیە لە بارگەکە

پێش کەوتم، وا لە دواوە حەمەی چایچیم بارگەکەی پێیە، ئێستە ئەگاتە جێ. هەر لەم سەربانە زۆر خۆشە، قاڵی و شتە ڕائەخەن، حەمە چا لێ ئەنێ، با کوڕەکانیش تێر هەڵپەڕن، ئەو وەختە بێنەوە دانیشن چایەکەی ئەم نیوەڕۆیەیان لێرە بخۆنەوە. با تۆ نەڵێیت ئاغە مسکێنەکانی خۆی خۆش ناوێ. بە سەری بابم چواردە گوندم هەیە- لام وایە زەلامەکانی هەموو لەم شاییەدا کۆ بوونەتەوە- هەر یەکە لە دانیشتووی ئەو گوندانەم بە کوڕێکی جگەرگۆشەی خۆمی ئەزانم.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، سەیرم کرد وا بنە و بارگە دەرکەوت، قەتارچییەك و حەمەی چایچی شەش ئێستریان داوەتە پێش و هاتن.

کە گەیشتنە جێ خێرا بارگەیان کردەوە، چوار ئێستریان بەڕە و قاڵی و دووشیان شتومەکی چا و شەکر و چا بوو، سەربانەکەیان پڕ فەرش کرد و سەماوەرە هەشت تەرخانەکەیان تێ خست، چوار قۆریەی عەجەم- هەر یەکە چای پەنجا کەسی ئەدا-، مەقەڵییەکی گەورەیان خەڵووز گەشانەوە و بە ڕیزە لە دەورەی مەقەڵییەکە دایاننان.

لەم هەرا و هوریایە خەڵکەکە زانییان وا ئاغە هاتووە، شاییەکەیان تێك دا و هەر یەکە بە لایەکدا لە ترسانا. هەندێ لە دەم سپییەکانیش هاتن بۆ پێشوازیی ئاغا.

کە ئاغە زانیی وا خەڵکەکە شاییەکەیان بەتاڵ کرد خێرا (گردە)ی خزمەتکاری نارد پێیان بڵێ بە سەری بابم قایل نابم شاییەکە بەتاڵ کەن. من هاتووم بۆ خۆشیی ئەوان، نەهاتووم بۆ ناخۆشی، دەست بگرنەوە ئێستە خۆیشم دێم بۆ ناویان.

گردە چوو پێی وتن، خەڵکەکە شادییان بوو بە دوو شایی، چونکە تا ئێستە قەت بە خۆیانەوە نەدیبوو کە ئاغە قسەیان لەگەڵ بکا، نەوەك وا بەم جۆرە لەگەڵیان میهرەبان بێ. دیسان کۆ بوونەوە و دەستیان کردەوە

بە هەڵپەڕکێ.

ئینجا ئاغە پێی وتم هەستە با بچین بۆ ناویان. بەڵێ قوربان. هەر وا لە دڵی خۆما لێکی ئەدەمەوە، یا ڕەبی ئەمە چی بێ؟ ببێ و نەبێ دەروویەکی بەخێرمان لێ کراوەتەوە. ئەگینە تا ئێستا ئاغە قسەی خۆشی جنێو و جەریمەکردن بووە.

هەر وا لە ڕێگادا دەستی گرتبووم و پێکەوە ئەڕۆیشتین، وردە وردە قسەی بۆ ئەکردم.

تۆ خۆت ئەیزانی کە من چەندە بۆ ئەم مسکێنانەم باشم و چەندە حەز بە سەربەرزی و خۆشگوزەرانییان ئەکەم. هەرچەندە چاوم بە مەڕ و ماڵات و بەرەجووتیان ئەکەوێ بست بست گەشکەی پێ ئەکەم. هەر ئەم دڵپاکییەی منە وا ئەوانیش ئەم خێر و بێر و دڵخۆشییەیان هەیە. خوانتەعالا فەرموویەتی: هەتا گەورە لەگەڵ گچکەدا چاك بێ و دڵی ساف بێت لەگەڵیان، من بۆ هەردوولایان چاك ئەبم.

حەرام بێ ئەو وای ئەوت، ئەو مسکێنە بەسەزمانانە ساڵ دوانزە مانگەی خوا شان و قۆڵیان ئەکوتا لەبەر زۆر و ستەم و جەریمە هیچیان بۆ نەئەمایەوە. ئەو شاییەش کە کردبوویان وەڵڵا هەر لەبەر بێعاری بوو.

چووین. کوڕوکاڵ کە سەیریان کرد وا ئاغا چوو بۆ ناویان ئیتر لە خۆشییانا سێپێیی و فەتاح پاشا دایانگرت. ئێمەش لەسەر سەرەنویڵکەکە لەگەڵ ئاغادا دەستمان کرد بە سەیرکردنیان.

ئاغە جار جار ڕووی ئەکردە (شاکل)– سەرچۆپییەکەی بە دەستەوە بوو– ئەیوت: ها، شاکە! لام وایە هەڵپەڕکێت لە بیر چووەتەوە، چاك گەرمی ناکەیت. شاکەم، شاکە بوو، کە گوێی لەم گفت (و) لفتە ئەبوو ئەوەندەی تر شێت ئەبوو. قوڕبەسەرە خۆی پڕووکان.

***

سێ چوار دەورێك وەستاین، لە پاشا ئاغە ڕووی تێ کردن ڕۆڵە بچن وچانێ بگرن، وا لە سەربان چایان لێ ناوە، چایەك بخۆنەوە، دەستیان بەر دا، تێکڕا چوون بۆ سەربانەکەی ماڵی پوورامینەم.

حەشامەتێکی زۆر بوو، جێگەکە تەنگ بوو. خێرا ئاغە بانگی کردە گردەی پیاوی: کوڕە هەتیو لە بانەکەی تەنیشتیانەوە ڕایەخیان بۆ ڕاخەن با لەسەر عەرز دانەنیشن. خۆ، منالگەلیش لەبەر قسە و ڕووخۆشیی ئاغا ئیمانیان لا نەماوە. ئێمەش چووین لەلای سەرەوە تێکڵاویان بووین و دانیشتین.

ئینجا ئاغە بانگی کردە حەمەی پیاوی: کوڕە چایان بۆ تێ کە و جگەرەکەشیان پیا بگێڕن با تۆزێ بحەسێنەوە! باقە جگەرەیان لە بارگەکە دەرهێنا و خستیانە گۆڕێ. دەسا خلە و بلە لەباتیی سەبیلە لاشکاوەکەی خۆتان جگەرەی بۆنداری شاور بکێشن.

دیواخان گەرم بوو، ئینجا ئاغە یەکە یەکە ڕووی کردە خەڵکەکە و دەستی کرد بە قسە لەگەڵکردنیان: سۆفی ڕەمەزان منالەکان چۆنن؟ ئیمساڵ شوکر باش بوو خەرمانی (دەشتەشین) گەنمێکی باشی لێ دەست کەوت. (خالەباس) نازانم بۆچ وا مەڕەکانت- لەگەڵ ئەوەشا کە من مێرگەکەی دەشتەپانم بۆ قەدەغە کردوون- هەر لە کورتی ئەدەن؟

بە یەك دەنگ: ئاغا سەری تۆ سەلامەت بێ ئەوانە هیچ نین، ئێمە هەر خوا تۆمان بۆ پایەدار کا، مەڕ و جووت و هەموو شتێ هەر بۆ قەزاوەگێڕیی تۆیە.

ئاغە: مەجۆل ڕۆڵە! نازانم مسکێنەکان هەموویان هاتوون یان نەء؟

مەجۆڵ: بەڵێ قوربان، لە سایەی سەری ئاغاوە. ڕەشە، ئیمساڵ باش بوو بە خۆیا ڕابینی ئەم شاییە بکا و زەلامی هەر چواردە گوندەکەی ئاغا بانگ کا.

ئاغە: خۆتان ئەیزانن کە من چاوم لە ماڵی ئێوەوە نییە. هەموو دەمێ حەز ئەکەم لە هەموو شتێکا لە پێش خۆمەوە بن. تەنانەت فیکرم وایە ئیمساڵ کە چوومەوە بەغدا، چەند مەکینەیەك بکڕم، ئەو وەختە هەموو گوندەکان بە تەواوی ئەکەونە ڕەحەتییەوە. ئەمەش هەر مەبەستم ئێوەیە، با ئەوەندە لە عەزیەتا نەبن.

دیسان فیکرم وایە کە چوومەوە (مەجلس) باسی ئەو زەوییانە بکەمەوە کە تا ئێستا بە دەست بەرەی (هۆمەرە کوێر)ەوە بوون، کە ئەوانەم چنگ کەوتەوە ئێوە چیی ترتان زەویوزار بوێ، ئەتاندەمێ. من لە دنیادا ئەمەوێ بە هەموو جۆر خەڵکی لێم ڕازی بن، نەخوازەڵڵا ئێوە کە مسکێنی خۆمن وەکو کوڕم وانە. بە سەری ئێوە ئەم چەند ساڵە کە من (نائب) بووم لەو مەجلیسەدا هەرچی ئیش و ئەرکی ئەم کوردانە بووە هەمووی بەسەر شانی منەوە بووە، جارێك نەمدی نائبێکی کە لەسەر شتێك وە جواب بێت، بۆ تووتن بوایە، بۆ زەویوزار بوایە، بۆ مەتکەب و ڕێگەوبان بوایە، هەر من بووم و هەر من. کە لە مەجلسیش ئەهاتمە دەرەوە ئیتر ئەوە هەر بە شوێن ڕاییکردنی ئیشی ئەو عالەمەوە بووم بۆ لای ئەم و بۆ لای ئەو، تکا بۆ ئەم و پاڕانەوە بۆ ئەو. بەڵام ئەوەتە میللەتەکەی ئێمە قیمەتی پیاو نازانن. من لە هەر شوێنێك بوومایە لەسەر دەست هەڵیانئەگرتم. لەگەڵ ئەوەش من چاوم لەوە نییە، هەتا نەفەسم تێدا بێ خزمەتی خۆم هەر ئەکەم.

ئێستەش هەرچەندە هەوەجەی ئەوەی نییە بەڵام گەورە لە هەموو دەمێکا ئەبێ ئامۆژگاریی گچکەی خۆی بکا و چاوی لێیانەوە بێ و چییان بۆ قازانجە پێیان بڵێ.

وا ئیمساڵ دیسان هەڵبژاردنەوەی (نائب) هاتۆتەوە گۆڕێ. من ئەگەر پێتان نەڵێم خیانەتتان لەگەڵ ئەکەم. کە وا بوو هەر کە مەعمووری حوکمەت هات بۆ ناوتان هەر من هەڵبژێرن، چونکە هەر منم کە بە کەڵکی

ئێوه و غەیری ئێوەش بێم. نائبەکانی تر خۆ ناشوکری نەبێ هیچیان ورتەیەك لە دەمیانەوه دەرنایە، لێم تاقیقە کە من لەو (مەجلس)ەدا نەبم هەموو ولاتەکەمان ئەفەوتێ و لەناو ئەچێ.

کە ئەمەی وت هەموو خەڵکەکە بە جارێ دەستیان کرد بە دۆعا و پاڕانەوه بۆی و (خوا لە ئێمەت نەسێنێ). ئێمە ئەوه ئەزانین کە گەورەیەکی تر وەکو جەنابت بە مەرحەمەت و خێرخواتر بۆ هەموو کەسێ نییە، چی بفەرمووی ئێمە حازرین. ئەمە سەربەرزییە بۆ ئێمە کە گەورەیەکی وەکو جەنابتمان ببێ و لە هەموو شوێنێ قسەی بە ڕەواج بێت.

بەلام خەڵکی چی؟ ئەو هەژار و کەساسانە کە تا ئێستە هەر لەژێر باری جەورا چەوساونەتەوه، ئێستە بە پیاڵە چایەك و دوو قسەی وا بۆش هەموو کەوتنە هەلەکەسەما. خۆ ئێجگار کە ناوی مەکینە و زەوییەکەی هۆمەرە کوێریش هاتە پێشەوه ئیتر هیچی تێدا نەمایەوه. ئەگینە مەجلسی چی و قسەکردنی چی و ئەرك و ئیش جێبەجێکردنی خەڵکی چی؟ ئەوانە چووزانن مەجلس چییە و قسەکردن لە (مەجلس)دا چییە؟

لەپاش هەندێکی تر لەم قسانە، ئاغە بانگی کرد کوڕە حەمە! چایان بۆ تێکە با بیخۆنەوه و بچنەوه سەر شاییەکە، من ئەزانم شاییەکەیان لە هەزار شت پێ خۆشترە. هەموو بە جارێ ئەوەندی تر دەستیان کردەوه بە دۆعاکردن بۆی.

ئەوان چایان خواردەوه و چوونەوه بۆ سەر شایی، ماینەوه هەر من و ئەو و حەمەی چایچی و خزمەتچییەکان. دیسان لەلایەن نایبییەکەیەوه ورده ورده دەستی کردەوه بە قسەکردن بۆ من کە چۆن ئیش ئەکا؟ چۆن قسە ئەکا؟ چۆن بە دەمی هەموو کەسێکەوەیە؟

***

ڕۆژ درەنگ بوو، وتی ئیتر من ئەچمەوه. ولاغەکەیان بۆ هێنا، سوار بوو،

بە تەنیشت هەڵپەڕکێکەدا لێی دا ڕۆیشتەوە. کە گەیشتە عاستی ئەوان پێی وتن: من ئەزانم ئێوە ئەوەندە گەوجن لاتان وایە من پێم ناخۆشە ئێوە لە شایی و هەڵپەڕکێدا بن؟ ئەوا من ئەڕۆم ئیتر ئارەزووی خۆتانە چی ئەکەن بیکەن.

هەموو بە جارێ وتیان: قوربان ئەوە چی ئەفەرمووی؟ بە سەری تۆ ئەو سەحاتە خۆمان بە بەختیار ئەزانین کە گەورەی خۆمان لە ناومانا بێ.

بە پێکەنینەوە:

گاڵتەتان لەگەڵ ئەکەم، منیش خۆشیی ئێوەم ئەوێ. ماڵاواییی لێ کردن و ڕۆیشت. کورگەلیش کەوا ئاغەیان گاڵتەی لەگەڵ کردوون ئەوەندەی تر پێیان لێ بەرز کردەوە. ناهەقیان نەبوو، لە حەیاتی باووباپیریانەوە ئەمە گاڵتەیەك، ئەمە قسە و گفتولفتێك. ئەم هاتن و قسانەش دیار بوو بۆ چی بوو.

لە بارەکەی تریشا، بەڵێ ڕاست بوو ئاغە نائب بوو لە مەجلیسدا، بەڵام من هەر وا جارجار ئەچووم بۆ گوێگرتن، چونکە شوێن هەیە بۆ گوێگران. بەو قورعانەی تۆ ناوتەتە سەر ڕانی ڕاستت، لەو چەند ساڵەدا، نە بیستم، وە نە دیم کە ئاغە لەو مەجلسەدا ورتەیەك لە دمی بێتە دەرەوە. ئێستە و ئەوسا زمانەکەش فێر نەبوو لایەقەلی بزانێ خەڵکەکە قسە لە چیوە ئەکەن. سا چاك یا خراپ پەنجەکە هەر بەرز ئەکرایەوە، ئیتر تێ بگەین یا تێ نەگەین شەرت نەبوو. ئیتر ئیش ڕاییکردنی چی، قسەی چی، بە شوێن ئیشوکاری ئەم و ئەوا هەڵسووڕانی چی؟

ها، ئەوەم لە بیر نەبوو، پیاو درۆ نەکا چاکە، ڕۆژێکیان لەو ڕێکەوتانە بوو کە منیش چووبووم بۆ گوێگرتن، هەرچەندە شوێنی گوێگران جیا بوو لە شوێنی نائبەکان، بەڵام وا ڕێ کەوتبوو لێوە نزیك بووم، گوێم لێ بوو دەنگێکی لێوە هات وتی:

«پەککو لەوی گەرمایە، بە قورێ گیرێ ئەو شارە لۆ گەرمای.» کابرای تەنیشتی لێی تێ نەگەیشت، لێی پرسی کە ئەوە چی ئەڵێ؟ ئەویش تێی گەیاند وتی: «ئەوی شارە عارە، عارە پەککو.» واتە حارە.

بە رەحمەت بێ مامەرەشە شاییەکی خۆشی بۆ کردین.

## بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟

مارتی ۱۹٤۷

بیری منداڵی تیژە، تازە پێم گرتبوو، نەوەڵڵا چوار پێنج ساڵان ئەبووم، خۆت ئەیزانی ئێمە دەوارنشین بووین. هێشتا گەلێکی مابوو بۆ ئەوە بچین بۆ کوێستان، زستانە هەوارەکەشمان ناخۆش نەبوو. ساڵان لە ناکاو مارفی سەمین ماڵ و پیاوی خێڵەکەی ئەدایە بەر و ڕووەو هەوار پێی پێوە ئەنا، ژن و منداڵ و ئەمانەش ئاژەڵەکەیان ئەدایە پێش و بە شوێنیانا ئەچوون.

ئەو ساڵە هێشتا دوو سێ مانگی مابوو بۆ وادەی بارکردن، ئەوەندەم زانی کوتوپڕ مارف کەوتە خێڵەکە و ماڵەوماڵ پێیانەوە گەڕا، وتی:

وا هەر لە ئێستاوە پێتانی ئێژم، دە ڕۆژی بمینێ بۆ پێنجەی تار، لێرەوە وردە وردە بار ئەکەین، ئێمساڵ بە ڕێی ناوخوانا ئەڕۆین تا ئەگەینە کوێستان سێ چوار بەهار ئەخۆین. ئیتر ئێوەش تروتفاقی خۆتان زوو بەزوو جێبەجێ کەن، پاشەجار نەیێژن مارە پرس وە کەس ناکا و ئێمە وە هیچ نازانێ. ئەوا هەر لە ئێستاوە پێتان ئێژم، با بکەونە خۆتان. دایکم بە ڕەحمەت بێ ئەیگێڕایەوە، ئەیوت: ڕۆڵە! فرە خاس بوو، جاران زۆر بەبێ تفاقی ئەچووین، ئاگامان لە هیچ نەبوو، لە ناکاو ئەیکردە سەرمان بار کەن، لەبەر شپرزەیی گەلێ شتمان بە جێ ئەما.

ئەو ساڵە هەتا بڵێیت ساڵی چاك بوو، تەنانەت هەوارگە زستانەکەشمان بووبوو بە کوێستانی شاقەڵا. ئیتر هەموو خێڵەکە لە خۆشیا لەوانە بوون باڵ بگرنەوە. ساڵی وا خۆش، لە پێشەوە خەبەری بارکردنیان دراوەتێ، ماڵات تا ئەگاتە بناری بانە هیچ نەبێ سێ چوار بەهار ئەخوا. خۆت ئەیزانی ئەمە بۆ مەڕدار و شوانکارە چ خێروبێرێکە؟... بڕوام پێ بکە

شەوچەرەی ئەو زستانە لە خێڵەکەی ئێمەدا هەر بووبوو بەم قسانە، ئیمساڵ بە شێنەیی ئەچین بۆ کوێستان، هیچمان لێ بە جێ نامێنێ، جا وەرە مەڕومالاَت سێ چوار بەهار بخۆ و دەست مەهێنە بە خۆتا.

لەژێر دەوارەکەی ئێمەدا دانیشتبووین، دەمەو ڕۆژاوا بوو، نم نمەی بارانیش ئەباری، لە بەینی کاژە هەورەکانەوە گزنگی هەتاوەکە ئەیدا لە بارانەکە ئەدرەوشایەوە. مەجۆلی خامە کردی بە ژوورا. دایکم سەر بە دەرەوە بوو لە ڕیزی پیاوانا بوو، لێی پرسی: ئەرێ مەجۆل! شەپەی کوڕت گەیشتووەتە کوێ؟ وتی:

خانم قسەی لێوە مەکە، لە قولەفیسکە بووگەسەوە و تەنگی وە تەوەت هەڵچنیگە. وەسەر ئەو تاقە کوڕەت کە چووینە کوێستان مەلایەکی تریشی بۆ ئەگرم، خێرا لە مریشکەڕەشەشی دەرکا. ئیمساڵ ساڵەکەی ساڵ نییە، ئەزانی فەڕ و بەرەکەت چیی کردگە؟ خۆ ئێجگار کە پێشیان وتگین بکەونە خۆتان سێ چوار بەهار ئەخۆن، وە قەورەکەی مەتحەت لە خۆشییانا سێ شەوە خەو وەچاوم نەچووگە.

ئەم بارکردنەی ئێمە و سێ چوار بەهار خواردنەمان لە هەموو خێڵەکانی دراوسێمانا دەنگی داوەتەوە؛ ها، خێڵی مەتحەت ئیمساڵ چاکیان بۆ هاتووە، هەر لە پێشەوە پێیان وتوون کوێستانی شارەزوور و شلێر و ناوخوان و شاقەلاَ ئەخۆن.

***

زستان هاتە کزی، سەرما وردە وردە ڕەوییەوە، کەوتینە دەمە و بەهار، زۆری نەمابوو بۆ نەورۆز و وادەی بارکردن، خێڵ هەموو وەکو تەلی تەموورە خۆی ساز کردووە، هەر چاوەڕوانی سبەی دووسبەیە و بار کا، مارفیش هەر لەسەر قسەی خۆیەتی: هیچتان لێ بە جێ نەمێنێ، ئیمساڵ بە هەوەسی خۆتان، کام لا دڵتان ئەیگرێ لێی دانیشن.

بە خوا وەخت نزیك بووەوە، ها ئیمڕۆ بار کەین، ها سبەینێ. ساڵان کە لە کوێستان ئەگەڕاینەوە، هەر ماڵە بۆ خۆی سووکە تفاقێکی ئەخست بۆ ئاژەڵەکەی، سا ئەگەر ڕۆژێ بارانێ، بەفرێ، شتێك بووایە و ماڵات دەرنەچووایە، یا چەند ڕۆژێ پاش کەوتنایە ئەیاندایە. ئەو ساڵە ئەوەش نەکرا، چونکە ئەیانوت ئێمە کە لە پێشەوە بار کەین و سێ چوار بەهار بخۆین، ئیتر ئەم عەزیەتە بۆچ بکێشین.

ئەو ئێوارەی کە بۆ بەیانی بار کەین هەموو ماڵێ شڕ و شاتاڵی خۆی شەتەك دا، هەر لەئێستەوە خورماشیان کڕیبوو بۆ کوێستان، چونکە هەموو ساڵێ هەر ماڵە هەندێ خورمای ئەکڕی، لە کوێستان خورما نەختێ خۆشەویست بوو، لەوێ ئەیاندا بە گۆرانەکان، خوێیان بۆ ئەهێنان. خورماکانیان کردبووە هۆڕەوە و دارکوتیان کردبوو، سەرەکانیان دووریبوو، لەبەر ئەوە کە لەسەر کۆچ بوون، هەر وا لەو دەشتە دایاننابوو کە بەیانی هات خێرا بیخەنە سەر پشتی گاکان و تێیان خوڕن.

کەوتە شەوێ، مارف زەلامێکی خستە ناو خێڵەکەوە، بەیانی کەس بار نەکا.

ئا ئەمە چی بوو؟

دایکم و سێ چوار دەم سپی بەو شەوە چوونە لای مارف. کوڕە مارف! ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ وا خێڵ هەموو خۆی ساز کردووە و چاوەڕێی بەیانە بار کا.

– قەیناکا با دوو سێ ڕۆژی تر بمێننەوە، خۆ هێشتا ساڵ زووە.

– کوڕە مارف، نەتکردبێ کەتنی وا بگێڕی. ئەمە سێ مانگە تۆ هاوار ئەکەیت و ئەم حەشاماتەت خستووەتە هەڵپەڕکێ؛ هەی ئیمساڵ سێ چوار بەهار ئەخۆن، هەی ئێسماڵ خێروبێرتان وا ئەبێ. ئێستە ئەمە چییە؟

– قەیناکا ئێستەش وەخت زووە، هەر ئەیگەنێ.

هیچ، هەر وا گەڕانەوە. بەیانی هەموو دەستەوئەژنۆ دانیشتن. شەوی دوایی کردیە ڕەهێڵە و بارانێك ئەوسەری دیار نەبێتەوە. خورماکان هەر لەو دەشتە بوون، هەمووی بەسەر یەکا تلیسانەوە.

چار نەبوو، هەر بەو جۆرە خێڵەکە دوو سێ ڕۆژی تر مانەوە. مارف هیچ دەنگی نەبوو، دایکم و پیاوەکان چوونەوە بۆ لای. کوڕە مارف ئێستە ئەڵێی چی؟ وا لە سەر قسەکەی تۆ دوو سێ ڕۆژەش بە سەر چوو. دیسان وتی: قەیناکا با دوو سێ ڕۆژی کەش بمێننەوە.

– کوڕە خوام کرد بە گژتا، ئەم کەتنە چی بوو گێڕات؟ هیچ کەڵکی نەبوو، گەڕانەوە. بۆ نەگبەتی کردی بە تۆفێك ماڵە و ماڵ نەئەکرا. خۆ هیچ تفاقێکیش نییە بدرێ بە ماڵات، ئاژاڵ هەموو قڕی کرد.

***

سەرت نەیەشێنم بە دوو سێ ڕۆژ، دوو سێ ڕۆژ تری مارف، کاتێ خەبەرمان بووەوە کوێستانمان لێ گیرا، تازە ڕێ نەما. هەموو مەڕ و ماڵاتمان لەبەر بێ لەوەڕی قڕی کرد و کەوتینە سەر ساجی عەلی!. هەروا لە بیرمە دایکم چاوی بە مەجۆل کەوتەوە، وتی: ها، مەجۆل شەپە گەیشتووەتە کوێ؟ وتی:

"خانم! قولەفیسکە و ملەفیسکەی گشت لە فکر چووگەسەوە. ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پار، ئەمەش کەتنی مارف".

منیش ئەو وەختە منداڵ بووم، خۆت ئەزانی کوردایەتی هەر هۆشی بە لای کەشك و سیرێژەوەیە. ڕۆژێکیان وتم: دایە کەشك ئەخۆم. وتی: کەشکت لە کوێ بۆ بێنم. مارف گیان هێشتی ئیمساڵ کەشکمان ببێت؟ وتم مارف بۆچی؟ وتی نەیهێشت بچین بۆ کوێستان. وتم بۆچی نەیهێشت؟. وتی: هەیهوو، تۆ زۆر لەسەر شت ئەڕۆی باوانت شێوێ، چەپۆکێکی ماڵی بە سەرما، دەستم کرد بە گریان، ئیتر هەر نەمبڕییەوە.

کوتوپڕ لالە ڕەمەم کردی بە ژوورا. وتی ئەوە ئەوکورە بۆ ئەگری؟ دایکم وتی: چوزانم، سەرەخۆرە داوای کەشکم لێ ئەکا. منیش وتم کەشکت لەکوێ بۆ بێنم؟ بۆچی مارف هێشتی ئیمساڵ کەشکمان ببێت! ئێستە ئەڵێ ئەوە بۆچی نەیهێشت؟ تەماشا کە، تۆ ئەڵێی سەرەقلیانێکیت کارت چییە بەسەر ئەم قسانەوە!!.

لالەیشم وتی، بەڕاست ئەوە فاتە ئیمساڵ مارف ئەو کەتنەی بۆ گیرا؟ ئەرێ فاتە، بەڕاست تۆ لێت نەپرسی؟ ئەویش وتی: بەرێ وەڵڵا، بەڵام لەبەر نووزەنووزی ئەم سەرەخۆرە بۆچ پیاو ئەتوانێ قسە بکا؟

ئیتر لالەم پەلی گرتم و خستمیە کۆشی خۆیەوە و وتی، مەگری گیان لالەی، ژێری کردمەوە، ئینجا دایکم دەستی کرد بە قسەکردن بۆی و منیش وا گوێم داوەتێ. وتی: مارف وتی: ئەوی ڕاستی بێ خانم هەر گەلێ لەپێش وادەدا حاجی قادری ڕۆغزایی ناردی بە شوێنما. لەم خێڵەدا منی لە هەموو کەس خۆشتر ئەوێ. کە چووم لەژێر دەوارەکەی خۆیانا، لە گوێ ئاگردانەکە دانیشتبوو، قەننەکەی بە دەستەوە بوو، هێشتا داینەگیرانبوو. منیش پەلاماری مەقاشەکەم دا و کەڵەپشکۆیەکم هەڵگرت و خستمە سەر قەننەکە بۆی. دوو سێ نەفەسی لێ دا و وتی، بە خوا مارف هەر تۆ ئەزانی ئەم قەننەی منە پشکۆی چۆنی ئەوێ. کە تۆ لێرە نەبی من لەزەت لە قەننە نابینم. نەختێکی تری پێ چوو ئینجا وتی مارف بچۆ جاڕ بدە بە خێڵەکەدا هەر لە پێشەوە خۆیان ڕێك خەن، ئیمساڵ زوو ئەچن بۆ کوێستان.

خۆیشت ئەزانی حاجی قادر جڵەوی هەموو خێڵەکانی بە دەستەوەیە و پووشانەی هەموویان وەرئەگرێ. کەسمان ناتوانین قسە لە قسەیا بکەین، هەتا دواجاری ئەوە بوو ڕۆستەمی بەکر و هۆمەری وەیسە و عوسەی خەجە و خلەی شەریفی ناردە ئەوێ.

وتم جا ئەمە چیی تێدایە بۆ ئەو؟ خۆ ئەم خێڵانە هەموو ئەبێ

پووشانەی خۆیان هەر بەو بدەن، ئیتر ڕۆستەم بێ و من بم، تۆ بیت، ئەو پووشانەی خۆی هەر وەرئەگرێ.

پێی وتم خانم دوور وێ لە تۆ نەتزانیگە، ڕاستە هەموو ئەو پووشانەیە ئەدەین، بەڵام ئەوە بوو ساڵان بە دەگمەن هیی وا هەبوو کە بڵێ: حاجی ئیمساڵ تۆزێ ساڵەکەی بێفەرە، نەختێ لە پووشانەکەت کەم کەوە. وەیا هی وا هەبوو بڵێت: عەرز عەرزی خوایە، ئێمە ئەم پووشانەیە بۆچی بدەین؟. ئیمساڵ با ئەو قسەیە نەبێ و دەستکەوتیش گەلێ لە ساڵان زیاتر بێ، ئیتر مەڕوماڵاتی تۆ ئەفەوتێ یا نافەوتێ ئەو بایس نییە.

وتم جا ئەوە چۆن ئەبێ؟ وتی ئێژم خانم نەتزانیگە بڕوام پێ ناکەی. ئەوە بوو هەموو خێڵەکە سەرگەرمی بارکردن و سێ چوار بەهار خواردن بوون، گوێت لە قسەکەی مەجۆل نەبوو لەژێر دەوارەکەی خۆتانا، چۆن مەلای تری ڕائەگرت بۆ شەپەی کوڕی.

لە ناکاو حاجی ناردی بە شوێن ڕۆستەم و ئەوانا، پێی وتن وا چاوتان لێیە خێڵەکە هەموو لەسەر بارکردنە. دیارە ئێوەش هەر لەگەڵ ئەوان ئەبن، بەڵام ئێستا من ئەمەوێ هەر تەنها ئێوە بنێرم بۆ کوێستان. من ئەتاننێرم، من. ئێوەش ئەبێ پووشانەی ساڵی پار و هەر سەرە مەڕێکیش نیو هۆقە ڕۆنم بۆ بێنن– ئەمەم بۆ حەجی ئیمساڵ ئەوێ، مناڵەکان زەماوەنیان کرد، پارەیان بە دەستەوە نەهێشتم– چەڵەمەشکێنییەکەش بکەینەوە. کە ئێوەم نارد و گەیشتنە ئەوێ، ئیتر ڕێ لەوان ئەگیرێ و هەمووی بۆ خۆتان ئەمێنێتەوە.

ئەوانیش وتیان باشە، چونکە چاویان لێ بوو کە خێڵ چۆن لەسەر بارکردنە. بە تەواوی بۆیان ساغ بووەوە کە حاجی ئەیاننێرێ، لەبەرئەوە، ئەو هەرچیێ بڵێ ئەمان ئامادەن. جارێ خۆیان کوێستانێکی مشە ئەخۆن، پارەی کفن دەس کەوێ با مردوو گۆڕبەگۆڕ بێ. هیچ زیانێکی بۆ

خۆیان تێدا نییە، حاجیش قڕەی ساڵانی نابێتە ڕیشەوە و زیاتریشی دەست ئەکەوێ، بەبێ هەرا چەڵەمەشکێنییەکەش ئەباتەوە.

گوێم لێ بوو لالەم وتی: بە سەلامەتی حاجی باجی دایە حەمەجافر، ئەوا ئێستە تێ گەیشتم.

ئەمە بیری منالی بوو، ئیشەکەی ئیمسالیشمان دیارە هەر وا بووە.

## جەوهەراغا

حوزەیرانی ١٩٤٩

ئەبێ، هەژدە ساڵ ئەبێت، باوکم بۆی گێڕامەوە وتی:

تافی کوڕێنیم بوو، تازە خەتم دابوو، عومرم لەو وەختەدا حەڤدە هەژدە ساڵان ئەبوو، هاتوچۆ بۆ وڵاتی ئێران بە سەربەستی ئەکرا، سنوور و مەواشیری حوکمەت کەس ئاگای لێ نەبوو. بارگەمان پێچایەوە و کاروانمان ڕێك خست ڕووەو تەورێز.

قەتاری عەزەی حەمە ترك بەناوبانگ بوو، مەگەر هەر دۆستە دڵخوازەکەی زەمانی کوڕێنیم لە پێشەنگی سەر قافڵەکە جوانتر بووایە، ئەگینا هیچی تر نەبوو هاوتایی ئەو بکا.

بارەکانمان ڕەنگ و پێستە ڕێوی و چیتی ئەو سەردەمە بوو، هەموو جار ئەم هاتوچۆیەمان ئەکرد، لەولاشەوە سەرپشتی ولاغەکانمان دائەگرت لە قاڵیی کاشان و عەبای کرمان و قۆریە و فەغفووریی عەجەم.

وەکو بۆی گێڕامەوە فەسڵیش هەر ئەم فەسڵە بوو. وتی کاروان بە کاروان کوێستانەکانمان ئەبڕی، تا گەیشتینە بازاڕی شاروێران. لێم پرسی بازاڕی شاروێران چییە؟ وتی:

دەشتێکی چۆڵ و دوور لە ئاوەدانی بوو، هەموو ساڵ لەم فەسڵەدا، لە هەر چوار سووچی مەملەکەتەوە خەڵکی بە هەموو جۆرە شتومەکێکەوە ڕوویان ئەکردە ئەو شوێنە و ئەبوو بە مەیدانی شت کڕین و شت فرۆشتن. سەری مار و مێرووی تێدا دەست ئەکەوت، هەر ماڵێك نایاب بوایە ئەهێنرایە ئەوێ، هەر شتێکی بەنرخ لە هیچ لایە چنگ نەکەوتایە لەوێدا دەست ئەکەوت، لە وڵاتی ڕووسیا و فەرەنگستانەوە دەستە دەستە ئەهاتن بۆ کڕینی شتومەکی شاروێران.

تەماشات ئەکرد لە لایەکەوە جەڵەب بوو، لە لایەکەوە وردە بابەتی ڕووسیا، لەلایەکی ترەوە فەنتازیی فەرەنگستان. ئەمانە بێجگە لە ئەموالی عەجەم و وڵاتی کوردەواری و هاتوچۆکەری ڕۆم.

ئەم بازارە بەم جۆرە پانزە ڕۆژ درێژەی ئەکێشا و لە پاشا چۆڵ ئەبوو، بە چۆڵبوونێکی وەها پەپوو تێیدا ئەیخوێند.

ئێستە کە ئەکەوێتەوە بیرم ئەڵێم (عەکاظ) لە (نەخلە) و (طائیف)ی عەرەبستان هەبوو، بازاڕی شاروێرانیش لە (قەباغکەندی) و (میاندواو)ی کوردستان!!.

لەپاش ئەم قسانە وتی: سا، چیمان پێ کرا لە کڕین و فرۆشتن لەوێدا، ڕووبەڕووی تەورێز بووینەوە. دەمەدەمی ئێوارە بوو، خۆمان کرد بەناو شارا. زیرەی زیل و زەنگۆڵی پێشەنگی قافڵەکەمان و جوانی و تەنتەنەی جلوبەرگی خۆمان و پرمەپرمی وڵاغی کاروانەکەمان– لەبەر گرانیی بارەکانیان– هەموو ناو شاری تەورێزی هێنابووە سەیرکردنمان.

تیشکی ڕۆژەکە، کە ئەیدا لە هەیاسە و قەیاسەی زەرکفتی پێشەنگەکە، ئەتوت پرزۆڵەی زێڕ بڵاو ئەکاتەوە لەو ناوەدا. دڵبەرانی تەورێزی، نە ئەمە بوو چاو ببڕنە خۆمان، نە ئەمە بوو سەرسام بن لە ڕازاوەییی بنە و بارگەکەمان.

***

خانی (حاجی بابا) یەکە خان بوو لە تەورێزا، من جارێکی تر چووبووم، شارەزای بووم. چووینە ئەوێ و بارمان دا بە زەویدا و وڵاغەکانمان ڕەننە و قاشاو کرد و ئالیکمان دانێ و خۆیشمان چووینە نهۆمی سەرەوە. ژوورێکیان دەمودەست بۆ ڕێك خستین و دانیشتین. سەماوەر تێ خرا و بەزم گیرا. حاجی بابا خۆی هات بۆ لامان و گەلێ ماریفەتی لەگەڵ نواندین، من زووتر ئەمناسی.

حەفتەیەك لەناو شاری تەورێزدا ماینەوە، هەر شتێكمان پێ بوو ساغمان كردەوە و ئەویشمان پێویست بوو كڕیمان و خۆمان بە تەواوی ئامادەكرد و بارمان داگرت و كەوتینە سەرودەمی گەڕانەوە، وتمان با ڕۆژێكیش بۆ ڕابواردن بمێنینەوە.

بەیانییەك بوو، هەروا من بۆ گەڕانی ناو بازاڕ و بینینی هەندێ شوێن لە خانەكە خۆم بە تەنها چوومە دەرەوە. زۆر دوور نەكەوتبوومەوە، هەستم بەوە كرد كە ناوشار تێك چووە و كەس بەسەر كەسەوە نییە، تەماشا ئەكەم هەتا دێت هەر خراپتر ئەبێت، وەكو بڵێیت خوێنبارانە. ئاگاشم لە هیچ نییە، هەر ئەوەندە ئەبینم دەستە دەستە خەڵك بە یەكا دێن و هەر یەكە بە لایەكدا هەڵدێت!..

وتم چاك وایە بگەڕێمەوە، دیارە بەڵا وەكو پڵوپووش ئەسوورێتەوە. بەرەودوا بوومەوە بۆ خانەكە. زۆرم نەمابوو بگەمەوە، ئەوەندەم زانی دوو جاندرمەی عەجەم ڕوو بە ڕووم هاتن، هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو تێیان خوڕیم و پەلیان بەستم و بەرەو دوا گێڕامیانەوە. كە تۆزێ دووریان خستمەوە دوو جاندرمەی تریش هاتن بوون بە چوار و بە جنێودان تێم بەربوون.

وردە وردە خەڵكی ناو شاریان پێوە نیشت، سەیر ئەكەم هەر كەسە كە دێت لە گەورە و بچووك و ژن و پیاو، هەر یەكە دەستەسڕێكی بە دەستەوەیە و لە جۆشی گریانایە. ڕێچكەی خوێنیش لەناو كۆڵانەكانا ئەبینم.

ئەم خەڵكە كە دێن، هەر یەكە سەربەخۆ پەلامارێكم ئەداتێ، ئەیەوێ هەر بە چڕنووك هەردوو چاوم هەڵكۆڵێ. هەر ئەوەندە ئەزانم هیی وا هەبوو كە ئەهات ئەیوت: "ئین ئەست". هیی واش هەبوو ئەیوت: "بونەدر" و پەلاماری ئەدامێ. بەڵام جاندرمەكان وەكو گورگی چوار چاویان لێ هاتووە، بەملاوبەولادا بە قامچی و بە لوولە تفەنگ خەڵكم لێ دوور ئەخەنەوە.

ئەم هەرا و زەنایە هەتا دێت هەر ڕوو لە زیادییە و دەستە دەستە خەڵك بە چاوی گریان و دڵی بریندارەوە پێمانەوە ئەنیشن.

لەناو ئەم کارەساتەدا جاندرمەکان بە هەر جۆر بوو ئەیانبردم بە ڕێوە و خەڵکەکەیان لێ دوور ئەخستمەوە، تا گەیاندمیانە سەرای حوکمەت. لەوێ بە پاڵەپەستۆ خستمیانە ژوورێکی تاریکەوە و دەرگاکەیان لەسەر داخستم و دوو جاندرمەیان کرد بە یاساوڵم. ئەوا منیش بێجگە لە سەرسامی نەبێ ئاگام لە هیچی تر نییە. لە دڵی خۆما ئەڵێم ئەمە چی بێ و چی قەوماوە؟ وەیا چیم کردووە وا منیان بەم دەردە برد. هەرچەند ئەکەم ئەقڵم بۆ هیچ لایەك ناڕوات. تەماشا ئەکەم جاندرمەکانیش هەر وەکو برا کوشتە سەیرم ئەکەن. وتم بە لانی کەمەوە بەڵکو ئیشێکی وا بکەم هەر ئەوەندەم بۆ دەرکەوێ بزانم لەسەر چی وا گیراوم و خراومەتە ئەم شوێنە؟ زمانیش نازانم. پارەم پێ بوو، دەستم برد کیسە پارەکەم دەرهێنا و خستمە بەردەمی جاندرمەکانەوە، بە هەر جۆر بوو تێم گەیاندن کە من بۆچی گیراوم و بۆچی خراومەتە ئەم شوێنە؟

یەکێکیان چاوێکی لێ مۆڕ کردەوە و هاتە پێشەوە، دوو سێ شەپەزللەی چاکی ماڵی بە بناگوێما و هەندێ قسەی کرد، هیچی لێ تێ نەگەیشتم. ئەوی کەیان هات دەستی گرت و کیسە پارەکەی هەڵگرت و بە هەر جۆر بوو تێی گەیاندم کە گۆیا من ئێمڕۆ خەڵکێکی زۆرم لەناو شاری تەورێز کوشتووە. وا ئێستا حوکمەت گرتوومی، هاوڕێیەکی تریشم هەیە ئەچن ئەویش دێنن، لەپاش سەعاتێکی کە ئەماننێن بە نیشانەوە. گەلێ قسەی تریشی کرد بەڵام من هیچی تێ نەگەیشتم تەنها ناوی وشەی "جەوهەراغا" نەبێ.

کە ئەمەم بیست هەروا بە جارێ لە شوێنەکەی خۆما وشك بووم و ئەوەندەی تر ورەم بەر دا، وا ئاگاشم لێیە دەوروبەری ژوورەکەی کە تیایام

لە دەنگ و گریانی خەڵکی وەکو پوورەی هەنگی لیّ بێت وایە، گەلیّ جار شاڵاوم بۆ دێنن بەڵام جاندرمەکان دەریان ئەکەن.

کە حاڵم بەم جۆرە زانی تازە هیوای ژیانم دانا و دەنگیشم بە خوا نەبیّ بە کەسی تر ناگا. ئیتر هەموو کاتێك چاوەڕێی ئەوە ئەکەم بێن بۆ کوشتنم.

تومەس لەولاوە کە من دیار نابم و شاریش وا تێك چووە، هاوڕێکانم- ئەوان لە خانەکە هەر نەهاتبوونە دەرەوە- ئەچن و پەلاماری "حاجی بابا" ئەدەن و ئەڵێن "نەجم" دیار نییە.

حاجی بابا پیاوێکی وەجاخزادە و تاجرێکی بەناونیشان بوو لەناو شاری تەورێزدا، هەم حوکمەت ئەیناسی، هەم خەڵکی تر. بەبیستنی دیارنەبوونی من، بە تەواوی تێك ئەچیّ و پێیان ئەڵیّ، تازە تیّ پەڕی بینینەوەی نەجم.

***

ئیتر لە بەینی ئەوانا چی ڕووی داوە و چی ڕووی نەداوە من ئاگام لیّ نییە. ئەوەندەم زانی دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، حاجی بابا وەکو فریشتەی ئاسمانی بە خۆی و بە دوو جاندرمەوە پەیدا بوو. هەر کە چاوم پیّ کەوت وەکو گوڵ گەشامەوە و بۆنی موژدەی ڕزگاریم کرد- یاخوا لە هەموو شوێنێکی تەنگانەدا تۆیش ئاوا حاجی بابایەکت بۆ پەیدا ببێت- ڕووبەڕووم هات و پێی وتم: "ئۆغلم قاخ". هەر ئەوەندەم زانی هەڵیگرتم و بردمی بۆ لای باش مەعموور و لەوێوە دوو جاندرمەی تریان لەگەڵ ناردین بۆ ئاگاداریکردنمان، تا گەیاندینیانەوە خانەکە و لێیان دا ڕۆیشتن.

کە چاوم بە هاوڕیّ و هاوولاتییەکانم کەوتەوە، دڵم پڕ بوو و دامە پڕمەی گریان و دەستمان کردە ملی یەك. بەو جۆرە ماینەوە تا کەوتینە

شەوێ، حاجی بابا هات بۆ لامان و دەستی کرد بە دڵخۆشیدانەوەمان و بە گێڕانەوەی هۆی ئەم گرتنی منە و وتی:

جەوهەراغای سمکۆ بە ناوی بانگێشتنەوە، خۆی و حەو سوار هاتبوونە ناو شاری تەورێزەوە، لە دیواخانی حوکمەتدا حەو شەو بوو میوان بوون، حوکمەت دەمێ ساڵە لە کنەی ئەوەدایە کە جەوهەراغا لە ناو بەرێ. شەوی ڕابوردوو لە دەمەدەمی بەیانا، لەو کاتەدا کە خۆی بە تەنها لە ژوورێکدا بە دڵنیایی نووستبوو، وە ئێشکچیشی بە دیارەوە و لەسەر ئەو تەگبیرە کە لێی کرابوو، دەستڕێژی لێ ئەکەن و هەر لە ژوورەکەی خۆیا ئەیکوژن. ئەوەندە هاتبووە زمان بانگی کردبوو کوڕە "عەلۆ و مەحموو کوژرام".

عەلۆ و مەحموو دووپیاو بوون لەو حەو کەسە کە لەگەڵی بوون، ئەمان لە ژوورێکی تر نزیك لەوەوە شوێنیان بۆ چاك کرابوو. کە گوێیان لە دەنگی جەوهەراغا ئەبێت ڕائەپەڕن و ئەڵێن: عەجەم کەتنی خۆی کرد و جەوهەراغا کوژرا.

بەڵام هەر لەو کاتەدا کە بڕیاری کوشتنی جەوهەراغا دراوە، ئەو تەگبیرەش کراوە کە دەستڕێژێکیش لە پیاوەکانی بکرێت و ئەمانیش بکوژرێن. کە زەلامەکان بە دەنگی جەوهەراغاوە ڕائەپەڕن، ڕاپەڕین و شلیك لێکردنیان یەك ئەبێت. پێنج لەوانیش ئەکەوێت، دوویان خۆیان لە ژوورەکە دەربـاز ئـەکـەن بـەلام بـەبـێ ئـەوە تـەنـانـەت فـریـای تـفـەنـگ هەڵگرتنیش بکەون. خۆیان ئەگەیەننە سەربان، کە تەماشا ئەکەن دەوری کۆشکەکەش بە سەربازی تفەنگچی تەنراوە، وە کۆشکیش سێ نهۆمە، گیان خـۆشەویستـە، هـیـچ چـاریـان نـامێنـێ، لـە پشت کۆشکەکەوە لەو سەرەوە خۆیان فڕێ ئەدەنە کۆڵان. سەر لەوە ناکەنەوە شوێنێکیان ئەشکێ یا ناشکێ.

کە ئەکەونە ناو کۆڵان، لێی ڕاست ئەبنەوە و دەست ئەکەن بە ڕاکردن

لەناو کۆڵانی تەورێزدا بەبێ ئەوە بزانن بۆ کوێ ئەچن!. لە دواوە جاندرمە پێیان ئەزانن و شوێنیان ئەکەون. ئەوانیش خەنجەر ڕائەکێشن بەبێ ئەوە کۆ بکەنەوە، هەر کەسیان بەرەنگار ئەبێ ئەیکوژن، سا، منداڵ بێ، گەورە بێ، ڕێبوار بێ، هەر شتێك بێ.

بەو حاڵە کۆڵان بە کۆڵان ئەڕۆن و ناشزانن بۆ کوێ ئەچن. گەلێك ئەڕۆن، کوتوپڕ تووشی دوو سواری ڕێبواریش ئەبن، پەلاماریان ئەدەنێ، سوارەکانیش ئەکوژن، خێرا تفەنگ و فیشەکدانەکانیان لێ ئەکەنەوە و سواری ئەسپەکانیان ئەبن. ئەمجارە ئیتر چی لە دەستیان دەرئەچێ. بە چوار ناڵە بەناو کۆڵانەکانا و بە خەڵك کوشتن لەناو شاری تەورێزدا دەرباز ئەبن. بەڵام هەتا دەرئەچن وەکو ئەیگێڕنەوە نزیکەی پەنجا شەست کەس ئەکوژن.

ئەوان بەو جۆرە دەرباز بوون، ئەوەندە هەیە ئایا ئەمانە کە کوژران کێ بوون؟ ئەمانە هەموو لە خەڵکی ناو شاری تەورێز بوون، مەگەر بە دەگمەن نەبێت. کە دنیا کەوتە چێشتەنگاو، خەڵك سەیر ئەکەن وا ناو شار خوێنی لێ ئەبارێ، لەپاش تۆزێك کە خەڵکەکە خەبەریان بووەوە، تەماشا ئەکەن یەکێ برای کوژراوە، یەکێ کوڕی کوژراوە، یەکێ خزمی کوژراوە، یەکێ دراوسێی کوژراوە. ئەم شاری تەورێزە کە تۆ ئەیبینی بەم گەورەییە، ماڵ نییە پرسەی تێ نەکەوتبێ و کۆستی نەکەوتبێ.

بەیانی کە تۆ دەرچوویت، وە کە گردتیان گۆیا لەسەر ئەو باوەڕە کە یەکێکیت لەو دوو کەسە کە ئەم کەتنەیان گێڕاوە و ئەم شین و شەپۆڕەیان ناوەتەوە. لە خەڵکی ناو شاریش هەر کەس کە هاتووە، شکی نەبووە کە تۆ لەوانەیت، چونکە ئەوان کورد بوون و تۆیش کوردیت، وە ئەوانە هەموو دڵبریندار و کەسوکار کوژراو بوون. هەرکە بۆ خۆی ویستوویەتی لە تۆڵەی کەسوکاری خۆیا بتکوژێتەوە، بەڵام جاندرمەکان

ئاگادارییان کردبوویت تا تۆیان گەیاندە ئەو شوێنە کە من هاتم بۆ لات.

ئینجا وتی کە من بە مەسەلەکەم زانی هەستام چووم، دوو سێ کەسی پیاوماقووڵی ناسراویشم هەبوو، هەڵمگرتن و لەگەڵیانا چووین بۆ دەربارى حوکمەتی، بە پسووڵەیەکی پەنجا هەزار تمەنی تۆمان وەرگرتووەتەوە، وە پێمان سەلماندوون کە تۆ لە پیاوەکانی جەوهەراغا نییت و پیاوێکی کاروانچییت و لەلای من میوانیت.

بەڵام ئەوەش بزانن ئەو دوو پیاوەی جەوهەراغا لەگەڵ ئەم کەتنەش کە گێڕاویانە، ئازایەتی و بەجەرگییەك ئەمانە خستوویانەتە کار، تا ئێستا لە هیچ داستانێکدا نەبووە، وە پاڵەوانی هیچ دەورێك ئەم غیرەتەی نەکردووەتە کار کە بەو جۆرە لەناو دەریای خوێندا بە ئازایی بتوانێ خۆی پێ دەرباز بکرێت و بەو جۆرە تۆڵەی کوژراوی خۆی وەربگرێتەوە. باوکم وتی: شاری تەورێز، ئەوە یەکەمین جار بوو کە لە لاپەڕەی خۆیدا بەو شڵەژاوی و خوێناوییە تا ئەو دەورە چاوی پێ کەوتبێت.

وتی حاجی بابا سێ ڕۆژ نەیهێشت لە خانەکە سەر بێنینە دەرەوە. چونکە ئەگەر کوردێك بەرچاو بکەوتایە، هەر پارچە گۆشتێکی ئەکەوتە دەست هەزار کەس. لە پاش سێ ڕۆژە کە شار تۆزێ دامرکایەوە، بارگەمان ڕێك خست، سەر لە ئێوارەیەك خۆی و هەشت تفەنگچی تا لەناو شاری تەورێز دەرچووین ڕەوانەیان کردین. ئیتر زۆر بە پارێز لە سنووری تەورێز دەرچووین و بە هەزار فەلاکەت هاتینەوە بۆ وڵاتی خۆمان.

***

ئەمانە قسەی باوکم بوو کە دەربارەی جەوهەراغا بۆی گێڕامەوە. ئەوی کە منیش خۆم بیزانم:

ئەم جەوهەراغایە برای سمایلاغای سمکۆ بوو. ئەو دوو پیاوە کە خۆیانیان لەناو شاری تەورێز دەرباز کرد، خۆیان ئەگەیەننەوە لەشکری

سمایلاغا. ئەو وەختە سمایلاغا لەبەر ئەوە کە جەوهەراغا برا گەورەی بووە و ئەمیش ناوێکی وای نەبووە، سەروکاری لەشکر و مەملەکەتداری هەر بە دەست جەوهەراغاوە بووە. کە کوژرانی جەوهەراغا و کارەساتی عەجەم ئەگێڕنەوە، سمایلاغا لە شوێن کاکی دائەنیشێت و کەمەری خوێنسەندنی جەوهەراغا ئەبەستێ.

سمایلاغا گەلێ دەوری هەڵسووڕان وە بەڕاستی خوێنی جەوهەراغای سەند. تەنانەت ئەگێڕنەوە ئەڵێن: کە شەڕی لەگەڵ عەجەمانا ئەکرد ئەوی لێ ئەکوشتن ئەیکوشت، ئەوی لێ ئەگرتن ڕیزی ئەکردن، لەمسەرەوە تفەنگێکی پێوە ئەنان ئەیوت بزانم گوللەکە تا کوێ بڕ ئەکات. لەپاشا سەرەکانی کۆ ئەکردەوە و تەماشای ئەکردن و ئەیوت: "هێشتا خوێنی جەوهەراغا نەسەنراوە!!".

بەڵام ئەم سمایلاغایە کە ئەم کەتنەی گێڕا، لە ئاخرا جەوهەراغای برای بە چ دەردێك کوژرا ئەمیش بەو جۆرە بانگێشتنیان بۆ کرد و لە شاری شنۆ کوشتیان. ئێستە خەسرەواغای کوڕی لە شوێن بە جێ ماوە، لە هەلێکی ترا سەرگوزەشتێکی قارەمانی و کوژرانی سمایلاغاش بۆ تەئریخ ئەگێڕینەوە[١].

***

لە ساڵی ١٩٣٧دا لە زینوێی شێخی بووم، وتیان مەحموواغای یەکە پیاوی جەوهەراغا لە (کانی خولا)یەوە، بە سەردان هاتووەتە خەلان. من ئەو وەختە هێشتا خەتم نەدابوو، لە دیواخانی پیاوانا بە لالووتەوە

(١) ئەم نووسینە وەختی خۆی لە گۆڤاری گەلاوێژی حەزیرانی ساڵی ١٩٤٩ دا نووسراوە. لە ساڵی ١٩٥٩دا لەپاش دە ساڵ بەسەر ئەم نووسینەدا کتێبی "شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عێراق" لەلایەن دانەرەوە دەرچوو، کارەساتی سمایلاغا بە تەواوی لەو کتێبەدا باس کراوە.

ئەیانهێشت دانیشم. بەڵام زۆرم حەز لە باس و خواسی تەئریخی ئەکرد. چوومە خەلان بۆ لای مەحمووداغا. تەماشام کرد پیاوێکی کەڵەگەتی باڵابەرزی سوورکار، دوو سمێڵی ئەستووری پێوە بوو، چاو و برۆیەکی کراوە و پان، ڕیشێکی سپی ئەتوت کلووی بەفرە، بەپێی کەڵەگەتییەکەی ئەستووریش بوو، هەموو ئەندامێکی ئازایەتی و مەردایەتیی لێ ئەباری، پیاوێکی بێفیزیش بوو، هەڵسوکەوتی لەگەڵ گەورە و پچووکا ئەکرد. چوومە لای ئەم باسی جەوهەراغایەم لێ پرسی، ئەویش هیچ سەری لەوە نەکردەوە کە گۆیا من مناڵم، هەر لە سەرەتاوە وەکو باوکم چۆن بۆی گێڕامەوە ئەویش بۆی گێڕامەوە. وە وتی من خۆم یەکێك بووم لەو دوو زەلامە کە لەگەڵ جەوهەراغادا بووین و لەناو شاری تەورێزدا ئەو کەتنەمان گێڕا و دەرباز بووین. وتی بەڵام عەلۆی هاوڕێم کە هاتینەوە، لەپاش ماوەیەکی کەم عەمری خوای کرد و لە میراتی جەوهەراغا تەنها من مابوومەوە بۆ سمایلاغا. سمایلاغاش هیچ ئیشێکی بەبێ من نەئەکرد، تا خوا ئەویشی بردەوە بۆ خۆی. تەنانەت لە کوشتنی ئەویشا لە شنۆ لەگەڵی بووم. ئەو باسەشی هەر بۆ گێڕامەوە.

لاپەڕەی دەوران گەلێ شتی تێدایە. ئەو ساڵە قالەی ئایشەخانی ڕەحمەتی و ئەم ڕەمزی عەبدولکەریمە—کە ئێستە لە کەرکووکە— ئەوانیش لە دەوروبەری زینوێی شێخی بوون. قالەش ئۆغری کرد، ڕەمزی ماوە، بەڵام ڕەمزییش من ناناسێتەوە چونکە ئەو لە پایەیەکدا بوو من لە پایەیەکی ترا.

## ڕاوەژیشك

مارتی ١٩٤٩

ڕاوەژیشك زۆر خـــۆشە، نەوزاد بـووبـوو بـە بـنێشتـە خۆشەی ژێردانـی، نەسرینی خوشکی نەیئەوێرا ببزوێتەوە خێرا پێی ئەوت: شەرت بێ ئەبێ ڕاوەژیشکێکت پێ بکەم. نەسرینیش نەیئەزانی ڕاوەژیشك چییە. جاری وا هەبوو لێی ئەترسا، جاری واش هەبوو واقی وڕ ئەما. هەتا هاتە سەر ئەوە لە باوکی بپرسێ، ئەم ڕاوەژیشکە کە هەموو جار نەوزادی برای گرتوویە بە دەمەوە، چییە؟.

شەوێکی وەکو ئیمشەو، ئەوا نەسرین و نەوزادی برای و باوك و دایکی پێکەوە هەموو لە ژوورەوە دانیشتبوون. تازە قارچك دەرچووبوو، دایکیان بۆی سوور کردبوونەوە و بۆی دانابوون، تێریان لێ خواردبوو، درنگەی ورگیان ئەهات، بە گیزەی سەماوەرەکەش لەگەڵ نەوزادا سەمایان ئەکرد. کوتوپڕ ڕاوەژیشکەکەی کەوتەوە بیر، خلەخل هەڕای کرد بۆ لای باوکی، دەستی کردە ملی و وتی: توخوا بابە گیان. نەوزادی برام هەموو جار پێم ئەڵێ: شەرت بێ ئەبێ ڕاوەژیشکێکت پێ بکەم. ڕاوەژیشك چییە؟.

باوکیشی دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: ڕۆڵە شتێکی وا نییە، نەوزاد با هەر بۆ خۆی قسە بکات. نەسرین ئەوەندەی تر شیرینیی پیا چوو، ئەملا و ئەولای باوکی ماچ ئەکرد و لێی ئەپاڕایەوە کە بۆی بگێڕێتەوە. دایکی نەسرینیش ڕووی تێ کرد و وتی: توخوا پیاوەکە! دڵی کچەکەم مەشکێنە، بۆی بگێڕەوە، با ئێمەش گوێمان لێ بێ.

ئـیـنـجـا بـاوکـی زەردەخـەنـەیـەکـی کـرد و پـێـی وت دانـیشە تـا بـۆتـان بـگـێڕمـەوە. نـەسرین دانیشت و نـەوزادیش چـووە تـەنـیشتـیـەوە، بـاوکـیـان دەستی کرد بە گێڕانەوەی و وتی:

(ئەحەی کرنوو، ڕەشەی خەجەلاو، مەجۆلی خامە و عارفی ئالّی) دەورەی (ئەحەی جاو) ئەدەن بە قسەکردن و شت گێڕانەوە. ئەحەش ئەڵێ: لێم گەڕێن بچن بە ڕێی خۆتانەوە، برسیمە، ئیمڕۆ حەڵوایەکم داوە بە وەستا گوروونی دارتاش بە پەنجا پوول. "ئەمین چشتیر" دابەستەیەکی قەڵەوی سەر بڕیوە، ئەچم بایی پەنجا پوولەکە گۆشتی لێ ئەکڕم و ئەیبەم بۆ فەرەجی تەوفیقی کەبابچی بۆم بکا بە کەباب، تێری لێ ئەخۆم، جا ئەو وەختە دێمەوە قسەم بۆ بگێڕنەوە.

خێرا عارفی ئالّی ئەڵێ: ئای مامەحمەد. وەرە ئەمانە هیچیان ورگی تۆ پڕ ناکەنەوە، ئەوا گردەکەی (زێڕینۆك) لەو دیوەوە بە پێی فیل ژیشکی لێ کەوتووە، ئەچین ڕاوەژیشکێکی باشی لێ ئەکەین، گۆشتی ژیشکیش قەڵەو و بەتامە، شڵپەی دێ لە ڕۆنا، ئەیهێنینەوە و ئەیبرژێنین، ئەوەندە بخۆ هەتا لە لووتت دێتەوە. بێنە پەنجا پوولەکە با هەر لە ئێستاوە لەلای (یووسب) بۆی بدەین بە دار بۆ برژاندنەکەی.

مامەحمەد تۆزێ ڕائەمێنێ و لەپاشا ئەڵێ: باشە، ها ئەوە پەنجا پوولەکە و با بچم حەڵواکانم دابنێم. خۆی ئەگەیەنێتە بەر چاخانەکەی دەروێش شەریفی چایچی، لەوێ حەڵواکەی فڕێ ئەدا و خێرا ئەگەڕێتەوە.

– نەسرین تۆزێکی تر خۆی لە باوکی نزیك ئەخاتەوە و ئەڵێ: ئێ! بە خوا بابە گیان خۆشە، دەی بۆمان تەواو کە – باوکیشی ئەڵێ:

ئەم کۆمەڵی ئاجیل و ماجیلە ئەحە هەڵئەگرن و تەنەکەیەك لە بەر دوکانەکەی حاجی سالّحی شووشەفرۆشا دانرابوو، ئەکەن بە تەنەکەدا و لێی ئەدەن ڕووەو گردی سەیوان، تۆزێ لەو ناوەدا بە دەمەتەقێ و شەڕە قسە لەگەڵ خەڵکا ڕائەبوێرن. هەر کەس چاوی پێیان ئەکەوێ سەرسام ئەمێنێ، کە ئەم دەستەیە چۆن وا یەکیان گرتووە.

بانگی شێوان دادێت، ئینجا لەوێوە ئەچن بە ڕووی زێڕینۆکدا، تا ئەگەنە

ئەوێ، بانگی خەوتنانیش ئەبێ و دنیا تاریك دایێ.

ئەحەش جار جار ڕوویان تێ ئەکا و ئەڵێ: دایکتان وا، کەی ڕاو وا ئەبێ؟ بەم شەوە چۆن ڕاو ئەکرێ. مەجۆلیش ئەڵێ: بێقەزا بی مامەحمەد. تـۆ شەوارەت نـەکـردووە؟ ئـەڵـێ بـەڵـێ وەڵـڵا کـردوومـە. ئـەڵـێ: دەی ڕاوەژیشکیش وەکو شەوارە بە شەو ئەکرێت. ئەڵێ ئا، دەی باشە با بڕۆین.

ئەچن تا ئەگەنە سەر گردەکە. لەوێ ئەحەی کڕنوو ئەڵێت: ئینجا ئەبێ سەرڕاو و بنڕاوی بۆ دامەزرێنین. ئەحەی جاو ئەکەن بە دیاریی سەرڕاو و پێی ئەڵێن: مامەحمەد تۆ پیری ناتوانی هەڕا کەیت، سەرڕاوەکە بگرە دەست، بۆ خۆت لێرە دانیشە تەنەکەکە لە بەردەم خۆتا دانێ، بەردێکیشی ئەدەن بە دەستەوە، ئەڵێن دەست بکە بە تەنەکە کوتان و تەقەتەق، ئێمەش ئەچین بنڕاوەکە ئەگرین.

ئەویش ئەڵێ: جا دایکتان وا، ئەم تەقەتەقە چیی تێدایە؟ ئەڵێن: ئای مامەحمەد چۆن وا ئەڵێیت؟ کە تۆ لێرە دەستت کرد بە تەقەتەق ژیشکەکان هەموو هەر یەکە لەبندەوەنێکا بۆ خۆیان دەرئەپەڕن، ئێمەش وردە وردە ئەیانگرین و سەریان ئەبڕین، هەتا کۆڵێکی باشیان لێ دائەگرین و ئەو وەختە دێینەوە بۆ لای تۆ، پێکەوە هەموومان ئەچینەوە بۆ ناو شار. بەڵام تۆ، تا ئێمە نەیەینەوە نابێ ببزوویت وە ناشبێ لە تەنەکەکوتان بکەویت.

ئەڵێ باشە بڕۆن، بەڵام ئەگەر زۆر نەگرن دایکتان وا لێ ئەکەم. ئەڵێن باشە.

***

مامەحمەد بۆ خۆی دەست ئەکا بە تەنەکەکوتان و ئەمانیش بە ناوی بنڕاوەوە لە گردەکە دێنە خوارەوە هەتا لە مامەحمەد ون ئەبن، پێی پیا دێنن ڕووەو ناو شار. ئەوا مامەحمەدیش هەر لەوێ بۆ خۆی تەقەی دێ و تەنەکە ئەکوتێ. کە ئەگەنەوە ناو شار دەمەدەمی خەوتنانە، عارفی ئاڵی

خۆی ئەگەیەنێتە چاخانەکەی دەروێش شەریف، پێی ئەڵێ: مام شەریف! مامەحمەد ئەڵێ وام لەبەر قاپییەکەی مزگەوتی سەیحەسەنا ناتوانم بێم، حەڵواکانم بۆ بنێرێتەوە. مام شەریفیش ئەڵێ: ئەوا لەوێیە بۆی بەرە. عارف ئەکا بە حەڵوادا و ئەیهێنێ. لەسەر سەکۆکەی بەرماڵی حەمەی عەنبەر هەر چواریان چۆکی لێ دائەدەن هەمووی ئەخۆن و تەبەقەکەی فڕێ ئەدەن. مامەحمەدیش لەولاوە هەر تەنەکە ئەکوتێ. کوتوپڕ لەوێدا جاندرمەیەکیان لێ ڕاست ئەبێتەوە، تێیان ئەخوڕێ، کوڕە بەم درەنگ وەختە لێرەدا چی ئەکەن؟ عارف دەست ئەبا پەنجا پوولەکە – کە لە مامەحمەدی وەرگرتبوو– ئەیخاتە مستی و ئەویش لە کۆڵ ئەبێتەوە.

ئەمان لێرەدا بڵاوەی لێ ئەکەن و هەر یەکە ئەچنەوە بۆ ماڵی خۆیان، بە شێنەیی قاچی لێ ڕائەکێشن و ئەنوون.

– نەسرین قسەکانی ئێجگار پێ خۆش ئەبێ، لە خۆشییانا خۆی هەڵئەگلۆفێ و خۆی ئەنووسێنێ بە باوکیەوە و ئەڵێ:

ئێ بابە گیان! ئەمان لەملاوە نووستن، ئەی ئەحەی جاو چیی بە سەر هات؟ – باوکیشی ئەڵێ:

لەولاوە مامەحمەد هەر خەریکە تەنەکە ئەکوتێ و تەقوهوڕی داناوە و جار جار لە بەر خۆشییەوە ئەڵێ: "چاکی بکوتە ئەحە مردووت مرێ، گۆشتی ژیشکە، خۆڕایی نییە".

ئەیکوتێ، ئەیکوتێ هەتا دوو بەشی شەو ئەڕوا و سەیر ئەکا هاوڕێکانی دیارنین. گوێی ناداتێ هەر ئەیکوتێ، هەتا وای لێ دێ شل ئەبێ و وەنەوزەکوتێی پێ ئەکەوێ و دەستی سارد ئەبێتەوە. جار جار ڕائەچەنێ و دەست ئەکاتەوە بە لێدان. وەڕس ئەبێ و هیچ دەنگ و سەنگێکیش لە هیچ لایەکەوە نییە. ئەوا وردە وردە شەبەقیشی دا، بە جارێ لە هیلاکییا پەلوپۆی پچڕا. هەڵئەستێ شەقێ لە تەنەکەکە ئەدا و ڕووەو ناو شار بۆی

ئەكشێ. بەملا و بەولاشا هەر لای بۆ ئەکاتەوە بەڵکو، یەکێ لە هاوڕێکانی بەرچاو کەوێ، هاوڕێیش وان لە شیرین خەوا.

دۆش دۆش بۆی دێتەوە تا ئەگاتەوە مزگەوتی سەی حەسەن، لەوێ هێزی لێ ئەپچڕێ و لێی ئەکەوێ، دەست ئەکا بە جنێودان بە مەجۆل و ئەوان!. لە داخانا کەف ئەچەرێنێ و کفری دوانزە ئیمام ئەکا، ئەهلی گەڕەك لێی کۆئەبنەوە و دەورەی ئەدەن. ها مامەحمەد. خێر بێ ئەوە چیتە؟

– وازم لێ بێنن هەی وا وا لێکراوینە؛ ئیمشەو ئەو سەگجسنانە بردمیان بۆ ڕاوەژیشك، لە ئێوارەوە تا ئێستە تەنەکە ئەکوتم، پەلوپۆم لێ بڕا و لە برسانا مردم.

کە ئەڵێ: ڕاوەژیشك، قاقا خەڵکەکە دەست ئەکەن بە پێکەنین و گاڵتەپێکردن پێی. مامەحمەد ئەوەندەی تر شێت ئەبێ، جنێو ئەدا وەکو گەڵای دار. بەڵام کێ گوێ ئەداتە جنێوی.

بەرەکەت دا – پیرەمێرد– پەیدا ئەبێ و دوو کولێرە و دوو ئیستکان چای بۆ ئەکڕێ و ئەیخوا، ئاهێکی پیا دێتەوە. لەپاشا لێی ئەپرسێ: مامەحمەد تەبەقە حەڵواکەت کوا؟ ئەڵێ: وا لە چاخانەکەی دەروێش شەریف. ئەمە ئەڵێت و هەڵئەستێ ئەچێ بۆ لای دەروێش شەریف.

وردە وردە بە ڕێ ئەکەوێ. وەخت درەنگە، چێشتەنگاوە. لەولاوە ڕەشە و مەجۆل و ئەوان لەپاش ئەوە کە نان و چای خۆیان لە ماڵی خۆیان ئەخۆن و تێر خەویش بوون، یەکە یەکە ڕوو ئەکەن بۆ چاخانەکەی دەروێش شەریف بۆ بینینی کارەساتی ئەحەی جاو بە دەرویش شەریف.

لە دەوروبەری دوکانەکە خۆیان دائەگرن و ئەبینن وا ئەحەی جاو بە شەلەشەل هات و لە بەر قاپیی چاخانەکە وەستا و بانگی کرد: دەروێش! تەبەقە حەڵواکەم کوا؟ بمدەرێ!

دەروێشی بەسەزمان واقی وڕ ئەمێنێ، ئەڵێ: حەڵوای چی مامەحمەد؟

ئەی شەوێ عارفی ئالێت بۆ نەنارد، بۆم ناردییەوە؟

– کوڕە بێنە تەبەقە حەڵواکەم، دایکی تۆ و عارفی ئالێشت وا لێ ئەکەم!. ئەوا عارف و ئەوانیش خۆیان داگرتووە، لەبەر پێکەنین هێزیان لێ بڕاوە.

ئەحەی کڕنوو لە سووچێکەوە خۆی کوتایە چاخانەکە و سەی عەوڵای حاجی سەی حەسەن و هەندێکی تر دانیشتبوون، لە مەسەلەکەی تێ گەیاندن. کێ ما لەبەر پێکەنین بتوانێ خۆی بگرێ.

سەی عەوڵا چووە بن دەست ئەحەی جاوەوە پێی وت: مامەحمەد ئەگەر ئەو تەبەقە حەڵوایە لەو دەروێش شەریفە نەسێنیتەوە بە مەرقەدی کاکەحمەد شاربەدەرت ئەکەم. خۆی خواردوویەتی و کەچی ئێستە ئەڵێ بۆم ناردوویتەوە.

چووە لای دەرویش شەریفیشەوە وتی: تۆ عەیب ناکەی؟ بە لای خۆتەوە دەروێشیت و نوێژ و ڕۆژوو ئەگری، کەس نەما تەماعی تێکەی ئەحەی جاوی قوڕبەسەر نەبێ.

جا وەرە سەیری ئەم بەزمە کە. مام شەریف وەکو فیشەکە شێتە چوو بە عاسمانا.

لەگەڵ ئەحەی جاو دەستیان دایە یەخەی یەك و بە جنێودان و بە سەروگوێلاکی یەك کوتان بەربوونە یەك. هەموو شاری سولەیمانییان ڕژا بە سەرا، ئەو ڕۆژە لەبەر بەزمی ئەمانە کەس کار و کاسپیی بۆ نەکرا.

جارجاریش مامەحمەد بە دەروێش شەریفی ئەوت: کوڕە، حەڵواکەت خواردووە، تەبەقەکەم بۆ نادەیتەوە؟ جا وەرە دەروێش شەریف ئیمان لە کەللەتا بمێنێت.

لەپاش ئەوە کە تێریان لە سەروگوێلاکی یەك هەڵدا، هەر یەکە لە لایەکەوە وەکو تەڕاح لێی کەوتن، بەڵام مامەحمەد هیلاکتر بوو، چونکە شەوێش نەنووستبوو.

ئینجا خەڵکەکە لە بەین خۆیانا هەر یەکە دە پانزە پوولیان کۆ کردەوە و یەکێك چوو دوو هۆقە حەڵوا و تەبەقێکی تری کڕی و هێنای دای بە مامەحمەد و وتی: ها، مامەحمەد! ئەوە حەڵوا و تەبەقەکەت.

مامەحمەد پشوویەکی پیا هاتەوە و بەتایبەتی کە تەماشای کرد لە هینەکەی خۆی گەلێ زۆرترە، وتی: نەجیبینە، لە هەوەڵەوە تا ئەم هەموو تێهەڵدانەشم نەخواردبوو بۆتان بهێنامایە باشتر نەبوو؟ تەبەقە حەڵوای خستە سەر سەری و لێی دا ڕۆیشت و لەولاشەوە خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد.

***

باوکی نەسرین کە لە هەموو قسەکانی بووەوە وتی: ڕۆڵە نەسرین، ئەمە بوو (ڕاوەژیشك). ئیتر نەسرین لەبەر پێکەنین ئارامی لێ بڕابوو، لەپاش ئەوە فێر بووبوو نەوزادی برای نەیئەوێرا بزوێتەوە خێرا هەڵیئەکوتایە سەری ئەیوت: "شەرت بێ ئەبێ ڕاوەژیشکێکت پێ بکەم".

منیش ئەڵێم ئیمڕۆژ لە هەموو لایە ڕاوەژیشکە، هەندێك لەژێر نوێنەکەی خۆیانا بە ئاسوودەیی قاچیان ڕاکێشاوە و تەنەکەیەکیان داوە بە دەست هەندێکی ترەوە، ئەو تەنەکەی بۆش ئەکوتێ و ئەوانیش پێی پێ ئەکەنن.

## گورگ و بەرخەکە

نیسانی ١٩٤٩

ئازاد کاکی زۆر خۆش ئەویست، هەموو جار کە لە قوتابخانە ئەگەڕایەوە، کتێبەکانی لە تاقەکەدا دائەنا و دەست و دەموچاوی بە سابوون ئەشت و دایکی نانی بۆ دائەنا، نانەکەی ئەخوارد و لەپاشا کتێبەکانی ئەهێنا و ئەچوو لە تەنیشت کاکیەوە دائەنیشت و دەرزەکانی بۆ ئەوتەوە. پاش ئەوە دەستی ئەکرد بە پرسیارکردن لە کاکی. ڕۆژێکیان وتی:

توخوا کاکە گیان! ئەوە ئەڵێن: "مەسەلەکەی وەکو مەسەلەی گورگ و بەرخەکە وایە" گورگ و بەرخ چییان کردووە وا بووە بە مەتەڵ و ئەیگێڕنەوە؟

کاکیشی وتی: شێتەکە لێ گەڕێ، بە دەرزەکانتا بچۆرەوە، باشترە! ئازادیش وتی: توخوا کاکە گیان ئەگەر بۆم نەگێڕیتەوە، ئەوەش دەرزێکە با بیزانم. کاکی دڵی نەهات دڵی براکەی بشکێنێ، بۆی گێڕایەوە وتی:

جارێك لە ئاواییی دارەشمانە بەرخێکی جوانکەلانە، کە سەیر ئەکا وا بەهارەکەی بەهارێکی خۆشە و گوڵ و گیا تێك ئالاون و دەشتەکەی مێرگەپان بووە بە سەیرانگای خاوەن دڵان، هەڵئەستێ وردە وردە ڕوو ئەکاتە ئەو ناوە و گەلێ دڵی پێ ئەکرێتەوە؛ چونکە جێلەوەڕی دایکی و نەنکی و هەموو عەشرەتەکەی بوو. هەموویان لەوێ لەوەڕاون و ئاویان لێ خواردووەتەوە و بە دڵنیایی ڕەچەڵەکیان بڕاوەتەوە.

بە ڕێ ئەکەوێ، بە دەم لەوەڕەوە ئەڕوا، هەموو جار تۆزێ گیا ئەقرتێنێ و خرمەخرم ئەیکرمێنێ، هەتا تێر ئەخوا و لە ناو بڕە گیایەکدا لێی ڕائەکشێ و دەست ئەکا بە کاوێژکردن. زۆری پێ ناچێ تینووی ئەبێ،

هەڵئەستێ خرپە خرپ ئەچێ بۆ سەر جۆگە ئاوە بەفراوەکە- کە بەفری خوایی بووە و هەوای بەهار توانوویەتەوە و بەشی کەسی پێوە نییە- لەلای خوارەوەوە دەمی تێ ئەنێ و تێر ئەخواتەوە.

کوتوپڕ گورگێکی گەڕیدە لە دوورەوە بەرخە جوانەکە بە دی ئەکا. بە قەڵەمبازێك خۆی ئەگەیەنێتە سەر ئاوەکە و لەلای سەرووی ئاوەکەوە گوێ تاق و جووت ئەکا و بە مۆڕێکەوە سەیری بەرخە جوانەکە ئەکا، دانی لێ ڕیچ ئەکاتەوە و پێی ئەڵێ:

بەرخە بێشەرمەکە. ئاخر تۆ نازانی من ئاو ئەخۆمەوە؟ بۆچی جۆگەلەکە لێڵ ئەکەیت و ئاوەکەم لێ ئەکەی بە قوڕاو.

بەرخەکەیش کە چاوی پێ ئەکەوێ زەنەقی ئەچێ، لە چاوە تیژە ستەمکارانەکەی ئەترسێ، بە هەنسکەبڕکێ پێی ئەڵێ: قوربان! من چۆن ئاوەکە قوڕاوی ئەکەم؟ جەنابت وایت لە لای سەرووی ئاوەکەوە، من لە لای خوارووەوەم، ئاوەکە لە بەردەمی جەنابتەوە دێت بۆ من.

ئینجا گورگەکە ئەوەندەی تر دانەکانی ڕیچ ئەکاتەوە و پێی ئەڵێ: هەی بەرخە وا وا لێکراوەکە. بۆچ لات وایە من لە بیرم ئەچێتەوە، کە پار لە بەر خۆتەوە دانیشتبووی دەستت کردبوو بە جنێودان پێم. لەوە نەئەترسای کە ئەیبیێمەوە؟

بەرخە جوانەکەش ئەڵێ: قوربان ئاغەم. من ئیمساڵ هاتوومەتە دنیاوە، پار، باوکم هێشتا دایکمی مارە نەکردبوو. قوربان! کە ئەتەوێ بمخۆیت ئەم قسانە بۆچی ئەفەرموویت. وەرە بمخۆ، دەنگم بە خوا نەبێ بە کەسی تر ناگا، بە بێدەسەڵاتی وا لە بەر دەستتا کەوتووم.

گورگە، کە ئەمەی بیست ئەوەندەی تر تووڕە بوو. وتی: بەرخە باوەحیزەکە، تۆ دیارە چەنە بە چەنەییم لەگەڵ ئەکەیت، من ئەڵێم با لەپێشا ئەم قسانەی لەگەڵ بکەم بۆ ئەوە تۆزێ سامی بشکێ، ئەگینا تۆ

نازانی من پیاوێکی بەدەسەڵاتم و بە هەر جۆر بێتە قسە هەر ئەبێ بتخۆم؟

ئەمەی وت و گوڕی بەستەوە و پەلاماری بەرخە جوانەکەی دا. خواوڕاسان لەو کاتەدا ڕەشمارێکی زل لەناو گیاکەدا پەپکەی خواردبوو، کە گورگەکە خۆی فڕێ ئەدا بۆ بەرخە جوانەکە، پێی ئەنێ بە مارەکەدا، مار هەڵئەبلۆقێ و خۆی لە ملی گورگەکەوە ئەئاڵێنێ. ئەوەندە ئەیگوشێ، ئەوەندە ئەیگوشێ هەتا ئەیتاسێنێ، لەپاشا بەوەش وازی لێ ناهێنێ خۆی لێ ئەکاتەوە، دەم ئەخاتە سەر لووتی و پێوە ئەدا. گورگەکە لەوێ بۆ خۆی ئەتۆپێ و مار و مێروو سەر ئەکەنە لاکەکەی.

بەرخە جوانەکە، کە ئەمەی چاو پێ کەوت، هەڕای کردەوە و بە ڕێگادا هەر هەڵیئەخستەوە هەتا خۆی گەیاندەوە لای دایکی و کارەساتەکەی بۆ گێڕایەوە.

دایکیشی وتی: ڕۆڵە، ئەوە باوکی ڕەحمەتیشتیان هەر بەو دەردە برد. بەو جۆرە قسانە دەوریان لێ دابوو بۆ ئەوە نەڵێن پیاوخراپن، کە چاوبەستیان کرد ئینجا خواردیان. بەڵام خوا زوڵمی بێ ئەندازە هەڵناگرێ، زاڵم ئاخری هەر بە دەردی خۆیەوە ئەبێ بتلێتەوە. شوکر بۆ خوا کە ئەم جارەش تۆی پێ دامەوە.

***

ئازاد منداڵێکی ژیر و وریا بوو، کە گوێی لە قسەکانی کاکی بوو، تۆزێ ڕاما و لەپاشا وتی: توخوا کاکە گیان، ئەوە گورگەکە هیچ بەزەییی بە بێدەسەڵاتیی بەرخە جوانەکەدا نەئەهاتەوە؟ ئەی کە هەر ئەیەویست بیخوا، ئەو قسانەی بۆچی ئەکرد؟

کاکیشی وتی: مەبەستی ئەوە بوو لە کاتێکا کە دەم ئەخاتە لاکەکەی، ئەگەر گورگێکی تر هات و پێی وت لەو گۆشتە جوانە بەشی منیش بدە، ئەم پێی بڵێت: هەر هیی خۆمە، لە تۆڵەی جنێوەکانیا وای لێ ئەکەم.

ئینجا ئازاد وتی: دەسا دەمی مارەکە خۆش بێت.

کاکیشی وتی: گیان کاکەی، قانوونێکی تەبیعییە، زاڵم زەواڵی هەر ئەبێ بۆ بگا.

## سێوەنگ و مام ڕێوی

ئاغستۆزی ١٩٤٩

سێوەنگ هەموو جار کە لە قوتابخانە ئەگەڕایەوە، کتێبەکانی ئەهێنا سەرلەنوێ ئەو شتانەی ئەخوێندەوە کە باسی خێروبێر و ″کان″ و شتە بەنرخەکانی وڵاتەکەی تێدا بوو. بەمە زۆر ئەگەشایەوە، کە سەیری ئەکرد ئەم هەموو شتە نایابانە لە خاك و بەراوی وڵاتەکەیدا هەیە، لە لایەکەوە ئەم هەموو کانە (نەوت)ە، لەلایەکی ترەوە ئەم هەموو (دەرماناو) و وردە بابەتانە کە هەر یەکە دەرمانی هەزار دەردە. بست، بست گەشەی ئەکرد.

ڕۆژێك لە ڕۆژان باسی ئاوەسپیی سەنگاو و دەرماناوەکەی درۆزنەی خوێندەوە کە ئەمانە چەندە بە کەڵکن و چەندە بۆ نەهێشتنی دەرد و عیللەت قازانج بە خەڵکی ئەگەیەنن. تارای خوشکی بانگ کرد و پێی وت: تارا گیان، تەماشا کە ئەم نیشتمانەی ئێمە چەندە شتی خواکرد و نایابی تێدایە کە پیاو هەروا سەرسام ئەبێ. ئێمە پێویستە لەسەرمان ئەم ئاو و خاکە کە مەڵبەندی باوباپیرمانە لە هەموو شت بە لامانەوە خۆشەویستتر بێ. ئەم هەموو خێراتە کە لە وڵاتەکەی ئێمەدایە لە هیچ لایەکی تر نییە.

تاراش وتی: بە خوا سێوەنگ گیان ڕاست ئەکەی. نیشتمانەکەمان هەر بستە خاکێکی ئاڵتوونێکە، لام وایە هیچ وڵاتێکی تر نییە ئەوەندەی ئەم وڵاتەی ئێمە بە خێروبێر بێت، جا لەبەر ئەوە منیش ئەڵێم چەندە باوك و دایکمان خۆش ئەوێ ئەبێ ئەوەندەش نیشتمانەکەمان خۆش بوێ. بەڵام خۆزگا سێوەنگ گیان هەندێ لەم شوێنانەمان بە چاوی خۆمان ئەبینی.

سێوەنگیش وتی: باشە بەڵکو ئیشێکی وا بکەین باوکمان بمانبا بۆ سەر دەرماناوەکەی درۆزنە. ئینجا تارا وتی: ئێستە من ئەچم بە دایکم ئەڵێم بەڵکو بە باوکم بڵێت بمانبا، تۆش بچۆ بە لای باوکمەوە، سێوەنگیش

وتی باشه.

لەپاشا تارا چووه لای دایکیەوه و پێی وت: توخوا دایه گیان بەڵکو بە باوکم بڵێیت بمانبا بۆ سەر دەرمانـاوەکەی درۆزنـە، بـا چاومـان پـێ بکەوێ. دایکیشی وتی: جا بۆچیتانە ڕۆڵە؟ ئەویش وتی: دایە گیان! خێراتی وڵاتەکەمانە، حەز ئەکەین ببینین. دایکی قسەی کچەکەی زۆر پێ خۆش بوو، وتی: باشە ڕۆڵە گیان پێی ئەڵێم.

شەوێ، کە هەموویان لە سەربان دانیشتبوون، خەریك بوون چایان ئەخواردەوە و قسەی خۆشیان ئەکرد، دایکی تارا ڕووی کردە باوکی سێوەنگ وتی: توخوا پیاوەکە، منداڵەکان زۆریان دڵ بەوەوەیە کە دەرماناوەکەی درۆزنەیان چاو پێ بکەوێ، بەڵکو بیانبەی ببینن. خێرا سێوەنگ هەڕای کردە بندەست باوکیەوە و دەستی کردە ملی و وتی: توخوا بابە گیان، ئەگەر نەمانبەی، حەز ئەکەین ببینین. باوکیشی وتی: ڕۆڵە بۆ چیتانە، جا چیی تێدایە؟ سێوەنگیش وتی: بابە گیان لە خێراتی وڵاتەکەمانە، چاومان پێی ڕوون ئەبێتەوە کە سەیری بکەین. باوکی هۆش و فیکری کوڕەکەی زۆر پێ خۆش بوو. ماچێکی کردەوە و لەپاشا وتی: باشە ڕۆڵە گیان بەیانی ئەچین. ئیتر سێوەنگ و تارا ئەو شەوە لە خۆشییانا خەویان لێ نەکەوت.

کە بەیانی ڕۆژ بووەوە، باوکیان ئۆتۆمبێلێکی بۆ گرتن، هەر چواریان سوار بوون و لە کفرییەوە بۆی ڕۆیشتن تا سەر ئاوە سپی.

ئاوە سپی کەوتووەتە بەری ڕۆژهەڵاتی کربچنەوە. تەماشایان کرد ئەمە ئەشکەوتێکە. لەوێوە چوونە ژوورەوە سەیر ئەکەن ناوەکەی چاڵاوێکی زلە. بەچواردەوری ئەم چاڵاوەدا دڵۆپ دڵۆپ ئاوێکی سپی هەر وەکو دۆ ئەتکێتە خوارەوە. بۆنێکی ئەوەندە تیژ و کاریگەری لێوە دێت مێشکی پیاو ئەبا بە ئاسمانا و تا نزیکەی سێ میل بۆنەکەشی ئەڕوا.

تومەز ئەم ئاوە (کان)ی گۆگردە و بۆ هەر دەرد و عیللەتێك پیاو جارێك خۆی پێ بشوا لەکۆڵی ئەکەوێ. ئەوانیش بەهەر جۆر بوو خێرا تۆزێ خۆیانیان پێ شت و هاتنە دەرەوە. لەبەر بۆنی ئاوەکە نەیانتوانی زۆر تێدا بمێننەوە. ئینجا سوار ئۆتۆمبێلەکە بوون و گەڕانەوە بۆ سەر دەرماناوەکەی درۆزنە.

درۆزنە گوندێکە لە سەنگاو و بە ئەندازەی چوار میل کەوتووەتە شیمال کربچنەوە. دەرماناوەکەش چکێ لە درۆزنەوە دوورە. کە چوونە سەری، سەیریان کرد ئەمە کانییەکە ئەویش وەکو ئاوە سپی بۆنێکی ناخۆشی لێوە دێت. ئەم ئاوە بە جۆگەکەدا ئەڕوا. بە چوار ڕەنگ، ڕەنگ ئەداتەوە؛ بە ڕیز لە پێشا سوور، سەوز، سپی و ڕەش، ئەمانە هەموویان بە تەنیشت یەکەوە بە یەك جۆگەڵەدا ئەڕۆن، هیچیان تێکڵاو بەوی کەیان نابێ.

سێوەنگ و تارا لە چاوپێکەوتنی ئەم ئاوە بەم جۆرە زۆر سەریان سڕ ما. لە باوکیان پرسی: بابە، ئەوە چۆن ئەم ئاوانە تێکڵاو بە یەك نابن؟ باوکیشیان وتی: ڕۆڵە ئەمانە لە بنەوە سەرچاوەکانیان بە تەنیشت یەکەوەیە بەڵام لە کاتی هەڵقوڵینا لە یەك کونەوە هەڵئەقوڵن. لەبەر ئەوە هەر یەکە کانی شتێکی سەربەخۆیە و هەر یەکە هێزی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم هێزانە لە بەینی خۆیانا دوژمنی یەکن، هێزەکان نایەڵن ئاوەکە تێکڵاو ببێ.

ئەمانە ئەگەر پەروەردەکردن ببێ، هەر یەکە کانی شتێکی وان کە لە کەم وڵاتدا چنگ ئەکەون، مەگەر هەر لەم وڵاتە خۆشەویستەی ئێمەدا نەبێ. ئەمانە کانی ئاڵتوونی ڕەشن، بەڵام داخەکەم ئێمە خۆمان لێیان بێبەشین و خێر و خێراتەکەیان بۆ دەستێکی ترە. ئیتر مناڵەکان زۆریان پێ خۆش بوو کە شتی وا نایاب لە وڵاتەکەیانا هەیە، هەر ئەیانوت: خوایە ئەم نیشتمانە جوانەمان پێ بە زیاد نەزانی. خوایە ڕۆژێکمان نیشان بدەی کە

خێری وڵاتەکەمان بۆ خۆمان بێ و خەڵکی بەسەریەوە پیاوەتیی لێ نەکەن و ئێمەش تیایا بێبەش بین!..

***

لەپاش ئەمانە سوار ئۆتۆمۆبێلەکە بوون و گەڕانەوە. لە ڕێگەدا سێوەنگ تەماشای کرد ئەوا ڕێوییەك کلکی لێ کردووە بە عەلەم و بە هەڵەداوان تەپوکوت لەو ناوەدا ڕووەو توونی بابە عەمرە ئەڕوا و تۆز ئەکات. وتی: تارا تەماشا کە ئەو ڕێوییە چۆن بە پەلە هەڕا ئەکا؟ توخوا بابە گیان ئۆتۆمۆبێلەکە ڕاگرە با بچم لیێ بپرسم بۆچ وا کەوتووەتە ئەم دەشتە؟ باوکیشی ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرت، سێوەنگ دابەزی، چوو، سەر ڕێی مام ڕێویی گرت و پێی وت: مام ڕێوی. ڕۆژ باش. ئەوە بۆچ وا بە پەلە هەڕا ئەکەیت؟ مام ڕێوییش وتی: کەسی مامی لێم گەڕێ با بە دەردی خۆمەوە بتلێمەوە، زۆر بە پەلەم و لێم قەوماوە.

سێوەنگ وتی: نابێ مام ڕێوی، هەر ئەبێ پێم بڵێیت، بەڵکو من چارێکت بکەم. مام ڕێوییش وتی: کەسی مامی! ئەڵێن لەو خوارە حوشتر بە بێگار ئەگرن، منیش لە ترسی ئەوە ئەچمە توونی بابە عەمرە خۆم ئەشارمەوە. سێوەنگ قسەکەی مام ڕێویی زۆر بە لاوە سەیر بوو. وتی: جا مام ڕێوی حوشتر بە بێگار ئەگرن تۆ بۆچ وا کەوتوویتە جامبازە؟

مام ڕێوییش وتی: کەسی مامی. شار بێ شالیارە، کە گرتمیان، تا قەباڵەی خۆم ئەخوێنمەوە پێستم ئەکەنن. نەوەڵڵا چاك وایە تا پێستیان نەکەندووم خۆم ڕزگار کەم، ئەو وەختە کێ لەوە ئەپرسێ من ڕێویم یان حوشتر؟!

ئینجا سێوەنگ وتی: مام ڕێوی! لەگەڵ من ئەچینە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە. کە چووینە ماڵەوە لەگەڵ تارای خوشکما نوێنت بۆ ڕائەخەین و میوانداریت ئەکەین و جوان جوان حەشارت ئەدەین، ئەگەر هاتن خەبەری

حوشتریان پرسی ئەڵێین کەس لێرە نییە تەنها مام ڕێوی نەبێ، ئەویش نەخۆشە، هێناومانە بۆ سەر دوختۆر. مام ڕێوییش وتی: نەء، کەسی مامی، لێم گەڕێن با بە ڕێی خۆمەوە بڕۆم، ئەگەر خاسخوایەك هات وتی: نەء ئەمە حوشترە، ئەو وەختە ئەگەر پەلم بە پەلی هەورەوە بێ هەر ڕزگارم نابێ. لەپاشا سێوەنگ وتی: دە باشە مام ڕێوی، خوات لەگەڵ.

مام ڕێوی لێی دا ڕۆیشت و ئەمیش گەڕایەوە بۆ ناو ئۆتۆمۆبێلەکە و قسەکەی بۆ تارای خوشکی و باوك و دایکی گێڕایەوە. تارا لەم کارەساتە ئەوەندە پێ کەنی هێزی لێ بڕا.

لەپاشا گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لە ڕێگادا سەیریان کرد وا ڕاوچی کەوتوونەتە ئەو دەشتە، ڕاوە مەلیچك ئەکەن. گۆشتی مەلیچك زۆر خۆشە.. سێوەنگ منداڵێکی ژیر و وردبین بوو، بە تارای خوشکی وت:

تارا! مام ڕێوی وتەنی با ئێمەش خێرا ڕاکەینەوە بۆ ماڵەوە، ئەگەر هات و بە ئێمەشیان وت ئێوە کێشکەن بڵێین چی؟ تا ئێمە بڵێین کورە چۆلەکە نیین، سێوەنگ و تاراین، گۆشتەکەمان لەناو دەمیانا تام ئەداتەوە.

ئیتر خێرا هەڕایان کردەوە بۆ ماڵەوە. ئەو نوێنە کە ئەیانویست بۆ مام ڕێویی ڕاخەن بۆ خۆیانیان ڕاخست.

## دوو براکە

تەمووزی ١٩٤٩

بەیانیان زوو هەڵسان لە خەو زۆر خۆشە، بۆیە هەڵۆ هەموو ڕۆژێك لەپێش مەلابانگدانا هەڵئەستا و ئەچوو لەناو باخچەکەی خۆیانا– کە هەوا فێنك بوو– دەستی ئەکرد بە جیملاسك، هەتا هەتاو ئەکەوت. لەشی وەکو مێو و ڕۆنی لێ هاتبوو، ئەلەمی تێدا نەبوو، ئینجا دایکی هێشوویێ ترێی لە مێوەکەیان ئەکردەوە و بۆی ئەشۆردەوە، لە خورێنی ئەیخوارد، ئێجگار بەمە لەشی ئەوەندەی تر وەکو گوێزی ئازای لێ هاتبوو.

شاهۆی برایشی زۆری حەز ئەکرد بەیانیان زوو خەبەری ببێتەوە و وەکو هەڵۆ دەست بکا بە جیملاسك و لەپاشا دایکی بەشی ئەویش ترێ بدا. هەموو شەوێ لە هەڵۆ ئەپاڕایەوە کە بەیانیان زوو خەبەری کاتەوە، هەڵۆ هەر بەو منالییە نەختێ فێڵباز بوو. خەبەری ئەکردەوە پێکەوە جیملاسکەکەیان ئەکرد، بەڵام کە ئەهاتە سەر ترێ خواردنەکە پێی ئەوت: گەوجە، شاهۆ! تۆ ئەبێ جارێ جیملاسکێکی زۆر بکەیت ئەو وەختە ئەبێ ترێ بخۆیت. بەیانیان لەبەر ئەوە کە هیچت نەخواردووە خراپە لە پێشەوە ترێ بخۆیت. من ترێ کە ئەخۆم تۆیش دەمی بۆ بتەقێنە بۆ ئەوە ئیشتیهات ساف ببێت. جا کە چەند ڕۆژێك وات کرد لەپاشا ئیشتیهات ئەکرێتەوە و بەشت ئەدەم.

شاهۆ بڕوای پێ کرد. ئەویش هەموو ڕۆژێ خێرا زوو هەڵئەستا لەگەڵ هەڵۆدا دەستی ئەکرد بە جیملاسك کردن، کە لێ ئەبوونەوە، دایکیان دوو هێشووەترێی ئەدانێ ئەیانبردە سەر ئاوەکە، هەڵۆ دەستی ئەکرد بە خواردنیان و شاهۆیش دەمی بۆ ئەتەقان.

چەند ڕۆژێك بەم جۆرە ڕایانبوارد، بەڵام شاهۆ هەر وەخت بوو سوێی

ببێتەوە. هەرچەند ئەیوت بە هەڵۆ بەشم بدە، هەڵۆ ئەیوت هێشتا ماوتە، ئیشتیهات ساف نەبووە.

شاهۆ ئۆقرەی لێ بڕا، ئینجا دەستی کرد بە قسەوتن بە هەڵۆ، هەڵۆیش هیچ گوێی نەئەدایە، هەر خەریکی ترێ خواردنی خۆی بوو. لە ئاخرا شاهۆ، چوو شکاتی خستە بەر باوکی، باوکیشی هەڵۆی بانگ کرد و پێی وت: کوڕم! بۆچی بەشی نادەیت؟ هەڵۆیش وتی: ئای، کە من ترێیەکەم ئەخوارد ئەویش دەستی ئەکرد بە دەم تەقاندن و بە قسە وتن بە من. قسەکانی لە باتی بەشە ترێیەکەی.

باوکی قاقا دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: جا ڕۆڵە، دەم تەقاندن و قسەکردن هیچ جێی بۆڵەترێیەك ئەگرێتەوە کە بیخوات؟ تۆیش دەردی دوو براکەت لێ هاتووە کەماڵەکەیان بەش ئەکرد.

شاهۆ، بیستنی سەرگوزەشتی دوو براکەی گەلێ لە ترێیەکە پێ خۆشتر بوو، چووە تەنیشت باوکیەوە و دەستی کردە ملی و وتی: توخوا بابە گیان. قسەی دوو براکە چییە بۆم بگێڕەوە. باوکیشی وتی: چیت بۆ بگێڕمەوە ڕۆڵە؟ ئەویش هەر شتێکە وەکو ئەمەی ئێوە.

شاهۆ لە دڵیا بوو بە مەراق و دیسان تکای لە باوکی کردەوە کە بۆی بگێڕێتەوە، باوکی کە زانیی شاهۆ زۆری پێ خۆشە وتی: ڕۆڵە لەگەڵ هەڵۆدا دانیشن تا بۆتان بگێڕمەوە. شاهۆ دەستی هەڵۆی برای گرت و لە بەردەم باوکیانا دانیشتن و باوکیان دەستی کرد بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەکە و وتی:

***

گردالی و سەفەرالی دوو برا بوون. نەخشالیی باوکیان مرد، کۆشکێك و (دووبەرە)یە هەنگوین و دوو بەرانیان بە میراتی بۆ مایەوە. گردالی بەسەریانەوە تەخشان و پەخشانی ئەکرد، سەفرالیی هەژاریش هیچ.

ئاخری گەیشتە جەرگی وتی: کاکە! با ماڵەکەمان بەش کەین. گردالیش وتی زۆر چاکە گیان کاکەی.

خۆت ئەزانی من هەر شتێك چاك بێ بۆ تۆم ئەوێ. پێی ناوێ کەسی بێگانە لە بەینمانا بێت. گردیل و وردیل و بەردیل خزمی خۆمانن، ئەیانکەین بە دەمسپی و لە بەینمانا بن. سەفەرالیش وتی باشە. کۆمەڵی ناوبژیکەریان کۆکردەوە و لە ڕووی ئەوانا دەستیان کرد بە ماڵ بەشکردن.

گردالی وتی: لەپێشا بێینە سەر کۆشکەکە؛ ئەو کۆشکە جوانە لەسەر زەوییەوە تا سەربانەکە – کە هەمووی پەنجا گەز نابێ– بۆ من، لە سەربانەکەوە تا ئاسمان– کە پەنجا هەزار گەز ئەبێ– بۆ تۆ.

دوو بەرانەکە – کە هیچ تامێکیان تێدا نییە – بۆ من، شەرەقۆچەکەیان – کە زۆر خۆشە – بۆ تۆ، هەر سەیریان بکە و بتریقێرەوە!

دووبەرە هەنگوینەکە – کە ئەوەندەی – مستەکوڵەیەکە – بۆ من، شیرینییەکەی – کە پڕ بە دنیایەکە – بۆ تۆ و هەر دەمی بۆ بتەقێنە.

گیان کاکەی هیچی ترمان نییە تا بەشی کەین هەر ئەمانە بوو، ئەگەر لەبەر قسەی خەڵکی نەبوایە، من ئەم تۆزەشم هەڵنەئەگرت، بەڵام قەیدی نییە، با هەموو کەسێ بزانێ کە من تۆم چەندە خۆش ئەوێ و چۆن بە تەنگتەوە دێم و بەشە زۆرەکەت بۆ دائەنێم.

خێرا کۆمەڵی ناوبژیکەر لەپێش ئەوەدا کە سەفەرالی بێتە قسە، مۆریان کرد و وتیان "بە خوا بەشی چاکە". بەڵام گردالی! تۆ شتێکی تر ماوە بەشت نەکردووە ئەویش قسەکردنە، قسەکردنیش بەش کەن، گردالی وتی: من دڵی برای خۆم ناگۆڕمەوە بە هەزار قسە، هەرچی قسە هەیە هەمووی هەر بۆ ئەو من هیچم ناوێ. ئیتر سەفەرالی ئەم بەشکردنەی ئێجگار پێ خۆش بوو، خۆی بە شا ئەزانی.

گردالی گواستیەوە ناو کۆشکەکە و لە خێراتی بەرانەکانی ئەخوارد و بە

دەمیەوە وردە وردە دەستی کرد بە هەنگوێن خواردنی دووبەرەکەش، ئیتر هـیـچ قسەی نـەئـەکرد. سەفـەرالـیش هـەمـوو ڕۆژێ ئـەچـوو لـە دوورەوە تـەمـاشای سەربـانـی کـۆشکـەکـەی تـا ئـاسمـان ئـەکرد و بـە شەڕکردنـی بـەرانـەکان گەشکە ئـەیگرت، کە گردالی هـەنگوێنـەکەی ئەخوارد ئـەمیش دەمی بۆ ئـەتـەقـان.

مـاوەیـەکی زۆر بـەم جۆرە مـایەوە، لە ئـاخرا لـەبـەر ئەوە کە ئـەوەندە بە زکی برسی دەمی تەقـاندبوو، چاوی بڕیبووە کۆشك و بـەرانـەکان نـە دەمی هێزی مـابوو نـە چـاوی. گردالیش وا بـە شێنـەیی قـاچی لێ ڕاکێشاوە.

تەماشای کرد ئـەمانە هیچیان پەنجە هـەنگوێن وەیا کـەرتـە خشتێکی کۆشکەکە نـاهێنن، ئینجا دەستی کرد بـە قسەکردن، ئـەوەندەی قسە کردبوو دنیـای پڕ کردبوو. لـەم قسانـەی ئـەم، گردالی هیچ گوێی نـەئـەزرینگایـەوە. کۆمـەڵی نـاوبژیکـەریش هـەر پێیـان ئـەوت: حـەقی خۆتـە هـەتـا ئـەتوانی قسە بکە!

***

ئینجـا بـاوکی شاهۆ وتی: ڕۆڵە گیـان، شاهۆ! ئـەمـە بوو قسەی دوو براکە. شاهۆ فرە ژیر بوو وتی: توخوا بـابـە گیـان سەفـەرالی لـەو هـەموو قسە کە ئـەیکرد هیچی بۆ سەوز ئـەبوو؟ بـاوکیشی وتی ڕۆڵـە چیی بۆ سەوز ببێت؟ قسە چییە و قسەی ڕووت بە کەڵکی چی دێت؟

شاهۆ تۆزێ ڕامـا و لـەپاشا وتی: توخوا چاوت لێیە بـابـە گیـان، هـەڵۆی برام ڕاست ئـەیـەوێ بـەزمـەکەی گردالی و سەفـەرالی بگێڕێت. ئـەوا فێر بووم ئیتر نـایەڵم وام لـەگەڵ بکات، بـەشە ترێکـەی خۆم هـەموو ڕۆژێ لە دایکمی وەرئـەگرم.

شاهۆ هـەر بـەو منـاڵییە نموونـەی بلیمـەتیی دەرکـەوتبوو، قـاقـا دەستی کرد بە پێکەنین و ئـەملاوئـەولای بـاوکی مـاچ کرد و وتی: بـابـە گیـان لـەم

قسەیە کە بۆت گێڕامەوە زۆر شتم وەرگرت. تۆ بۆچی وا دوور ئەڕۆیت، نەوەك بەینی من و هەڵۆی برام بەڵکو ئێستا هەموو عالەم وای لێ هاتووە؛ هەندێکیان وەکو گردالی لە خێراتی ئەم دنیایە ئەخۆن و قسەکردنێکی زۆر و زەبەنیشیان داوە بە هەندێکی تر. بەتایبەتی ئەم باس و مەسەلەیە لەم قەومی ئێمە کە قەومی کوردە ڕووی داوە، هەندێ کەس خێراتەکەمان ئەخۆن و کەچی ئێمەیان بە شتێکی ترەوە خەریك کردووە.

بەڵێ بابە گیان سەمەرەکەی گردالی و سەفەرالی سەری لە ئێمە داوە؛ هەندێك بە خێروبێر خواردنەوە خەریکن، هەندێکی کەش- کە ئێمەین بەتایبەتی- بە قسە و بە دەم تەقاندنەوە خەریکین، بەڵام داخەکەم بابە گیان هەزار فاتیحە پوولێك ناهێنێت.

## ڕێوییەکەی قەمچۆغە

حوزەیرانی ١٩٤٩

پشکۆ، پووشوو و هەڵۆ لەگەڵ خانزاد، پەریزاد و سەوڵێ، سێ کوڕ و کچی جوانکیلەی خنجیلانە بوون، ئەتوت بێچووە فریشتەن و لە ئاسمان کەوتوونەتە خوارەوە. گەورەکەیان حەو ساڵان بوو، وەکو تیتیلە و بیبیلە ئەهاتن بە یەکا و وەکو بەچکەماسی بەملا و بەولای یەکا ڕایان ئەکرد.

پووشوو خۆی کردبوو بە سەرمەڵایان، هەر گەمە و گاڵتەیەکیان ئەکرد، سەرەکەی بۆ دائەمەزراندن، ئەوانی پێوە خەریك ئەکرد و ئەیدان بە گژ یەکا و خۆیشی لەولاوە پێیان پێ ئەکەنی، تا وایان لێ ئەهات لەبەر ماندوێتی هەر یەکە لەولاوە لێی ئەکەوتن و ئەمیش لەملاوە بە تیتاڵییەوە توانجی تێ ئەگرتن.

نەنە پیرۆز ئافرەتێکی پیر بوو، پشتی کۆمابووەوە، وای لێ هاتبوو لە چەناگەیەوە تەڵە تەڵە ڕیشی دەرکردبوو، لەگەڵ پۆپە سپییە جوانەکەیا تێکلاو ئەبوو، باکە، کە ئەیشەکاندەوە ئەتوت گێز و گوڵەنگە و تاقمانەجووت ئەکات. شیری بە نەنکی ئەم منالانە هەموو دابوو، لە هەڵپەرکێی زەماوەندی باپیریانا گەلێ کاسە و کەوچکی شتبوو، بە دەمیەوە سەرچۆپییەکەشی هەڵئەسووڕاند. لەبەر گەرۆکی تەنها گوێ ئاگردانی ماڵی خۆیانی نەدیبوو، ئەگینا هەموو شوێنێکی تری چاو پێ کەوتبوو.

جا ئەم نەنە پیرۆزە لەناو ئەم منالانەدا پەریزادی لە هەموویان زیاتر خۆش ئەویست، چونکە هەموو جار ئەچوو قاوتی لە دایکی ئەسەند و بۆی ئەهێنا. نەنە پیرۆز بۆیە قاوتی لە هەموو شت خۆشتر ئەویست، چونکە دانی نەمابوو، قاوتەکە گەلێ تەسکینیی ئەدایە، ئێجگار کە ئەیملکاند،

پەریزاد پڵتە پڵتەکەی زۆر پێ خۆش بوو.

نەنە پیرۆز کە تەماشای کرد پووشوو بە یاریکردن، گەمە بە منداڵەکان ئەکا و شەکەتیان ئەکات، لەبەر ئەوە کە پەریزادیشیان تیا بوو وتی: پووشوو ئەیەڕۆ! ڕۆڵە تۆ وەکو ڕێوییەکەی قەمچۆغەت لێ هاتووە، بە لای خۆتەوە گەمە لەگەڵ منداڵەکان ئەکەیت، کەچی ئەتەوێ بیانپڕووکێنێت!.

پووشوو هەرچەند نەیئەزانی ڕێویی قەمچۆغە چ باسێکی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوە کە نەنە پیرۆزی توانجی تێ گرتبوو، گەلێ دڵگیر بوو، دڵی پڕ بوو، دەستی کرد بە گریان. نەنە پیرۆزی سەری نایە سنگی خۆیەوە و ئەملا و ئەولای ماچ کرد و وتی: کوڕی شیرینم مەگری ئەوە گاڵتەم لەگەڵ کردیت، بۆیە وام پێ وتیت بۆ ئەوە هەر لە ئێستاوە بچێتە دڵتەوە کە عینسان هەر ئیشێکی کرد، ئەبێ بەبێ فڕوفێڵ دەستی بداتێ، ئەگینا لە پاشەجارا تێ ئەشکێ و چاری پێ ناکرێ.

فڕوفێڵ هەرچەندە تا بەینێك پیاو پێی سەرئەکەوێ، بەڵام لە ئاخرا تڕۆ ئەبێت و خۆی پێ ناگیرێتەوە. ئاگات لێ بوو تۆ لەبەر ئەوە کە لە یاریکردنەکەتا لەگەڵ منداڵەکانا بە گزی ئەهاتیتە پێشەوە و لەو بەینەدا پێیان پێ ئەکەنییت، کەچی لەپاشا پێکەنینەکەت بوو بە گریان و دڵت تەنگ بوو.

پووشوو بە دڵنەوایی و ئامۆژگارییەکانی نەنە پیرۆزی ژیر بووەوە و لە دڵیشا تەریق بووەوە. لەپاشا وتی: نەنە پیرۆز گیان، ڕێویی قەمچۆغە چیی کردووە وا بووە بە مەتەڵ؟ نەنە پیرۆزیشی وتی: کوڕی شیرینم شتێکی وا نییە، ئەوە هەر حەزم کرد تۆی پێ ژیر کەمەوە.

پەریزادیش لەولاوە وتی: نەنە گیان لە دەورت گەڕێم، توخوا ئەگەر بۆمانی نەگێڕیتەوە، ئەوا ئەچم ئێستە لەلای دایکم نەختێکی تر قاوتت بۆ دێنم. نەنە پیرۆز کە گوێی لە قاوت بوو. وتی باشە ڕۆڵە شیرینەکانم،

شەویٚ بۆتان ئەگێڕمەوە، دەسا بچۆ قاوتەکەم بۆ بێنە.

پەریزاد خێرا چوو لەلای دایکی قاوتی هێنا بۆ نەنە پیرۆزی و چاوەڕێی شەویان ئەکرد، کە شەو داهات هەموویان دەورەیان لیٚ دا و پێیان وت نەنە گیان دە بۆمان بگێڕەوە. نەنە پیرۆز تێر قاوتی خواردبوو، بە زمانی، دەم و لێوی پاك کردەوە و تفێکی قووت دا و وتی:

قەمچۆغە گوندێکە لەو ولاٚتی ئالاٚنە، شوێنەکەی شاخ و کەژاوییە. حەمەی بارامە ڕووتە هەبوو لەویٚ ڕاوچی بوو، تەڵەڕێوییەکی هەبوو، ئەچوو لە بناری ڕەزەکان ئەینایەوە، ڕێوییەکی پێوە ئەبوو، بە باقە باق ئەیهێنایەوە و لە لووتەوە سەری ئەبڕی، گۆشتەکەیان لە ماڵەوە ئەکرد بە ساوەر بە گۆشت، پێستەکەشی هەڵئەواسی هەتا زۆر ئەبوو، لەپاشا ئەیهێنا بۆ شار ئەیفرۆشت و بە پارەکەی جلوبەرگی ئەکڕی بۆ مناڵەکانی.

ئەوا چوار پێستەڕێویی پێکەوە ناوە، چاوەڕێی ئەوە ئەکا بەڵکو پێستەیەکی کەشی چنگ کەویٚ، ئەو وەختە بیبا بۆ شار، هەموو ئێوارەیەك ئەچێت لە دووری ئاوایی تەڵەکە ئەنێتەوە، کە بەیانی ئەچێتە سەری تەماشا ئەکا تەڵە تەقیوە و کەچی هیچیشی پێوە نەبووە!. بەمە زۆر زیز بوو وتی تازە ئیتر ڕزقم لەسەر زەوی نەماوە!.

***

ئەمە لێرە ئەم خەمەی تووش بوو، کەچی بەیانییەك ئاتەی ژنی هەستا و چووە سەر کولینەکە هێلکەیەك بێنیٚ، بۆ مارکەی ماڵە دراوسێیەکیان، تەماشا ئەکا یەکیٚ لە مریشکەکانیان دیار نییە. هاتەوە بە حەمەی وت. حەمەش هیچ، چیی پیٚ ئەکریٚ. شەوی دواییش تەماشا ئەکەن مریشکێکی تریان نەماوە.

بەم جۆرە قەلاٚچۆ کەوتە ناو مریشکەکانیانەوە، تاقیان بۆ نەما و ناشزانن چییان بە سەر دێت. نە قولاٚخێکیان دەست ئەکەوێتەوە، نە

پەڕێکیان بەرچاو ئەکەوێ. لەم ئیشە هەر وا سەریان سڕ ماوە.

بەیانییەکی تر سەیر ئەکەن وا لە ماڵە دراوسێکەیانەوە هەرا هەستا کە مریشکێکیان نەماوە. شەوێك و دوو شەو، مریشکەکانی ئەوانیش هەموو سەریان تیا چوو، وردە وردە تەماشا ئەکەن هەر شەوە لە ماڵێکەوە دەنگ بەرز ئەبێتەوە کە مریشکیان نەماوە.

هەموو خەڵکی ئەم ئاواییە لەم ئیشە سەریان سڕ ماوە و نازانن مریشکەکانیان چییان بە سەر دێت. وا ماوەیەکی زۆریشە تەڵەڕێوییەکە هەر ئەتەقێ، چەشەکەی ئەخورێت و هیچیشی پێوە نابێت.

خەڵکەکە لە بەینی خۆیانا قسەیان کرد بە یەك کە تێکڕا ئەو شەوە هەموو هەر یەکە لەلایەکەوە دەست بکەن بە ئیشکگرتن بەڵکو ئەم مەتەڵەیان بۆ هەڵبێت. پاش نوێژی خەوتنان، هەر کەسە دەستی گەیاندە تفەنگی خۆی و دەستی کرد بە سووڕانەوە، هەر کەسە دوو چاوی هەبوو لێی بوو بە چوار چاو.

دوو بەشی شەو ڕۆیشتبوو، نەڕۆیشتبوو. حەمە تەماشای کرد وا ڕێوییەك لە ڕێوییە مردووەکان – کە لە ژوورەکەدا هەڵیواسیبوون– لووس و باریك قاچی خۆی لە پەتەکە دەرهێنا و قیتەقیت دەستی کرد بە ڕۆیشتن. حەمە هەر بە جارێ واقی وڕ ما، وتی ئەمە چییە؟ ئەمە تەلیسمە؟ جادووە، چییە؟ بەینێك لەبەر بەڵاجەویەتی لە شوێنەکەی خۆیا هەر وشك بوو، بەینە و دوا سەیری کرد وا ڕێوی خەریکە دوور ئەکەوێتەوە. وتی: خۆ ئەوە خەریکە لە دەستم دەرئەچێت. با شوێنی کەوم بزانم چی ئەکات؟

بە ناچاری کەوتە شوێنی، سەیری کرد، وا مام ڕێوی لەوپەڕی ئاواییەوە خۆی کرد بە ماڵێکا، لەوێ چووە کولانەکەوە، بە دزییەوە قەپی کرد بە ملی مریشکێکدا بە جۆرێکی وا کە هیچ دەنگی دەرنەچێت. هێنایە دەرەوە و لە ئاوایی دەرچوو. حەمەش هەر کەوتە شوێنی، تەماشا ئەکا چووە سەر جۆگە

ئاوەکە، جوان و پوخت مریشکەکەی خوارد و پەڕەکانی دا بە دەم ئاوەکەوە، لەوێشەوە چوو بۆ لای تەڵەکە تا گەیشتە سەری، پشتی تێ کرد و کلکی بۆ درێژ کرد، بەحاڵ بە سەری کلکی تەڵەکەی تەقاند بێ ئەوە پێوە ببێت. چەشەکەی خوارد و ڕووبەڕووی ئاوایی بووەوە.

لە قەراخ دێکە جنچکەیەکی دا، زمانی دەرهێنا هەموو قەپۆز و لێوی خۆی سڕییەوە، لەپاشا چووەوە بۆ ئاوایی تا گەیشتەوە بەر ماڵ. حەمە سەیری کرد لە قاپی چووە ژوورەوە، بەبێ خشە و بە هێواشی چووە ئەو شوێنە کە ڕێوییەکانی لێ هەڵواسرابوو. چڕنووکی هەردوو دەستی گیر کرد لە سەروگوێلاکی ڕێوییە مردووەکان و قاچی بەرزکردەوە تا گەیاندیەوە بە پەتەکە، هەردوو قاچی کرد بە ئەڵقەی پەتەکەدا، تەکانێکی دا، پەتەکە لە قاچی توند بوو، خۆی لە بەینی چوار ڕێوییە مردووەکانی ترا ئاوێزان کرد، بە جۆرێکی وەها، ها ئێستە مردووە، ها ساڵی ڕابوردوو.

کە حەمە ئەمەی دی وتی هەی دایکم بەقوربانت بێ مام ڕێوی! ئەمە دیارە ئەم کەتنانە تۆ گێڕاوتە!. شەرت بێ ئەبێ هەقی بەرودوات لێ بکەمەوە، خۆ تۆ وەرەمت بە من و بەم ئاواییە کرد و هەرچێکمان بە دەستەوە بوو، هەمووت لە دەست سەندین، بۆم ڕاوەستە تا بەیانی.

حەمە ئەو شەوە لە خۆشییانا خەوی لێ نەکەوت، هەر چاوەڕێی بەیان بوو. کە هەتاو گزنگی دا، چوو دەرودراوسێی هەموو کۆ کردەوە و وتی وەرن، ئەوی بۆی ئەگەڕاین دەستمان کەوت. ئەمانە هەموو پەنی مام ڕێوی بووە داویەتی، ئای مام ڕێویی فێڵباز، هەر بۆت بمێنم تا تۆزێکی تر.

دەرودراوسێ وەکو موژدەی بەهەشتیان پێ دابن، ئاوا بوون، هەموو تێکڕا هوروژمیان هێنا بۆ ماڵی حەمەی بارام، وتیان بە قوربانە حەمە! کوا مام ڕێویی قومارباز تا بە تۆڵەی خۆی بگەیەنین؟ ئەویش وتی وەرن.

تێکڕا چوونە سەر ڕێوییە مردووە هەڵواسراوەکان، وتی ئەمەیە. وتیان کوڕە حەمە!. ئەم ڕێوییانە مردوون، تۆ شێت بوویت، قسەی چی ئەکەیت؟ حەمە وتی ڕاوەستن!

چووە پێشەوە سەیرێکی ڕێوییەکانی کرد و توند دەستی برد قاچی یەکێکیانی گرت، عالەمەکە ئەوەندەیان زانی ڕێوی باقەباقی پێ کەوت و هەڵبلۆقییەوە!. خەڵکەکە بە جارێ واقیان وڕ ما و داباران بەسەر مام ڕێویدا.

ئینجا پەتەکەیان لە قاچی کردەوە و پەتێکی تریان بەست بە ملیەوە. مام ڕێوی بە باقەباق بزەی چاوی دێت و بە جۆرێ سەیری عالەمەکە ئەکا کە چاوەکانی شایەتی گوناحبارییی لێوە ئەدەن. جا وەرە مام ڕێوی ڕزگارت بێت لە دەست ئەم هەموو داخ لەدڵانە کە هەر شەوە سیخێکت کردووە بە جەرگی یەکێکیانا.

***

کەوتنە ڕاوێژی ئەوە کە بە چ سزایەك بیکوژن. یەکێك وتی بە دار شلوکوتی کەین. یەکێکی تر وتی نەء، سەری بتاشین و دەموچاوی ڕەنگ کەین و بەرەڵای کەین با بەتەواوی شەرمەزاری ناو ڕێوییەکان ببێ. لە ئاخریدا حەمەی بارام وتی: لێ گەڕێن ئێستە من تۆڵەی هەموتانی لێ ئەکەمەوە. پیاو دوژمنی خۆی بە دەستی خۆی بکوژێ باشە.

هێنای چوارمێخەی کێشاوە و وتی: ئەی مام ڕێویی قوماربازی وا وا لێکراو. ئاخر تۆ نەتئەزانی فڕوفێڵکردن ناچێتە سەر و پەشیمانیی لە دوایە؟ ئەبێ لەباتی هەر تاقە مریشکێك کە خواردووتە، جیقێکت پێ بکەم، تا گیانت لە کونەلووتتەوە دەرئەچێت.

دەستی نایە بیناقاقای و تاساندی. مام ڕێوی هێزی ئەدایە خۆی بۆ ئەوە هەناسە بدات، لەو وەختەدا حەمە تۆزێ دەستی شل ئەکردەوە، مام

ڕێوی ئەیوت جیق. تا چەند مریشکی خواردبوو ئەوەندەیان جیق پێ کرد و لەپاشا گیانی لە کونەلووتیەوە هاتە دەرەوە. حەمە پێستەکەی کەند و ئەمجارە بەڕاستی لەناو پێستەڕێوییەکاندا هەڵیواسی. بەو جۆرە مام ڕێوی بە تۆڵەی خۆی گەیشت.

***

مام ڕێوی گەلێ جار بە شێنەیی مریشکی ئەخوارد و تەڵەکەی ئەتەقاند، بەڵام لەبەر ئەوە کە هەمووی بە فڕوفێڵ و لە ڕێگەیەکی چەوتەوە بوو، لە ئاخرا بەو جۆرە تێ شکا و چاری پێ نەکرا.

لەپاشا نەنە پیرۆز وتی: ڕۆڵە شیرینەکانم ئەمە بوو سەرگوزەشتی ڕێوییەکەی قەمچۆغە.

پەریزاد ڕووی کردە پووشو وتی: پووشوو گیان! چاوت لێ بوو ئیشێك کە بە قوماربازی و بۆ چاوبەستی خەڵك بکرێت – با لە غەیری ئادەمیزادیشا بێت– چۆن تا سەر نابێت و ئاخری هەر تیایا تڕۆبوون نەبێ، هیچی تر بۆ پیاو نامێنێتەوە.

ئەوا ئیتر من بڕیارم دا تا ماوم لە دنیادا بە ساغی و دڵپاکی نەبێ دەست نەبەم بۆ هیچ ئیشێك. پووشوویش وتی: پەریزاد گیان ئەوا منیش ئەو بڕیارەم دا. هەموو منداڵەکان تێکڕا بوون بە هاوپەیمان کە تا لە دنیادا ماون قەت فڕوفێڵ لە هیچ ئیشێکدا نەخەنە کار.

## بزن و مەیموونەکە

مایيسی ١٩٤٩

دانا و نەریمان، نەشمیل و خەرامان گەمەیان ئەکرد لە باخچەی منالآن. دەستیان کرد بە بازدان و قەلەمرداریّ. لەپاشا خەرامان وتی: بریا تۆپێکی فتبۆڵ ئەبوو نەختیّ فتبۆلّیشمان ئەکرد. نەریمان وتی: ئای، تۆپەکەی زانا ئەوەتە لە بن داربەنەکە، ئێستە ئەچم ئەیهێنم تێر فتبۆلّی پیّ ئەکەین و لەپاشا ئەیبەینەوە شوێنەکەی خۆی.

خەرامانیش وتی: گەوجە! مەیهێنە زانا لێرە نییە، شتێك کە خاوەنەکەی بە لایەوە نەبوو پیاو توخنی کەویّ گوناحە. نەریمانیش وتی: گەوجە، قەی ناکا، زانایش هەر خۆمانە، دەنگ ناکا.

هەستا چوو تۆپەکەی هێنا و دەستیان کرد بە فتبۆلّکردن، نەختێکیان یاری کرد و کوتوپڕ زانا پەیدا بووەوە. کە تەماشای کرد وا بە تۆپەکەی ئەو یاری ئەکەن وتی: ئەگەر تۆپەکە هیی ئێوە بوایە لێرە نەبوونایە من نەمئەهێنا. نەریمان تەریق بووەوە و وتی: بە خوا زانا گیان خەتای خەرامان بوو.

خەرامان کچێکی ژیر و قسەقوت بوو، بە پێکەنینەوە وتی: نەریمان! گیانەکەم ئەتەویّ دەستە چەورەکەی خۆت بە سەر منا بسوویت؟

***

خاڵە مەنووچەر چاوێریی هەرێز و داری باخچەکەی ئەکرد، ڕیشێکی سپیی نوورانیی پێوە بوو، بێڵەکەی بە دەستەوە بوو، لە دەوروبەری ئەوانا خەریك بوو گۆلی بۆ گوڵەبەڕۆژە دروست ئەکرد، چاوی لە یاری و گوێی لە هەموو قسەکانیان بوو، ڕووی کردە فەلامەرزی کوڕی، بە

زەردەخەنەیەکەوە پێی وت: فەلامەرز، هەموو جار باسی بزن و مەیموونەکەم بۆ ئەگێڕایتەوە، ئەوا ئێستا بە چاوی خۆت لە نەریمان و خەرامانا چاوت پێ کەوت.

نەشمیل لە نزیکی خالۆ مەنووچەرەوە بوو، گوێی لە قسەکەی بوو. زۆر حەزی لە قسەی خۆش ئەکرد، هەڕای کرد بۆ لای و وتی: توخوا خالۆ مەنووچەر گیان باسی بزن و مەیموونەکە چییە؟ خالۆ مەنووچەر وتی: بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە کچم، بڕۆ!

لەم پاڕان و لالانەوەی نەشمیل و تووڕەبوونەی خالۆ مەنووچەرە، دانا و ئەوانیش هاتن بە لایانەوە، کە ناوی بزن و مەیموونیان بیست هەموو ورووکانە خالۆ مەنووچەر کە بۆیان بگێڕێتەوە!.

خالۆ مەنووچەر کیسە تووتنەکەی لەماڵەوە بە جێ هێشتبوو، دەمێ بوو سەبیلی نەکێشابوو، خۆی لە خۆیا ئاگری ئەکردەوە، ئەمانیش ئەوەندەی تر سەرشێتیان کردبوو. وتی: تەماشا کە ئەم بەلایە! من وا لەبەر بێ سەبیلی وەختە چاوم دەرێت ئەمانەش ئەوەندەی تر لێم بوون بە ملۆزم.

خێرا مناڵەکان وتیان: خالۆ مەنووچەر، هەر ئێستە تووتن و سەبیلت بۆ دێنین، تۆ هەر قسەکەمان بۆ بگێڕەوە، چیت ئەوێ ئەتدەینێ.

دانا چووە ماڵەوە بە دایکی وت: دایە! خالۆ مەنووچەر شەو و ڕۆژ ئەو باخەمان بۆ چاك ئەکا، ئێستە تووتنی نەماوە، هەندێ تووتنم بۆ بکەرە کیسەیەکەوە با بۆی بەرم، دایکیشی وتی: چاکە ڕۆڵە گیان خاڵە مەنووچەر هەقی بەسەر هەموومانەوە هەیە، ها بۆی بەرە. بەرد و ئەستێیەکی کۆنیشیان هەبوو لەگەڵ تۆزێ پووشوو، ئەویشی بۆ تێ خست. خێرا لەولاوە نەشمیلیش چوو لەبەر پەلەپەلی دەستی بە هیچ نەگەیشت سەبیلە کۆنێکی باوکی هەبوو، نەویی لە سەبیلەکە و بۆی هێنا.

خاڵە مەنووچەر کە چاوی بە کیسە و سەبیل و تووتن کەوت وەکو گوڵ گەشایەوە و لە بن دار وەنەتەقەکەدا دانیشت بە پەلەپڕووزێ سەبیلێکی تێ کرد و دایگیران و مــژی لــێ دا، دووکەڵ بـەرز بـووەوە. منـاڵـەکـانیش وا دەورەیان داوە چاوەڕێی ئەوە ئەکەن خاڵە مەنووچەر تۆزێ دەماخی چاخ ببێت و قسەی بزن و مەیموونەکەیان بۆ بگێڕێتەوە.

خاڵە مەنووچەر سەبیلێك و دوو سەبیلی تێ کرد و تۆزێ هەناسەی پیا هاتەوە، لەپاشا وتی: هەستن برۆن، بۆچ دەورەتان لێ داوم؟ ئەمانیش هەموویان چوون و دەستیان کردە ملی و ڕیشە جوانەکەیان ماچ ئەکرد کە قسەکەیان بۆ بگێڕێتەوە. خاڵە مەنووچەر دڵی نەرم بوو. وتی: دانیشن، بڵێم چی، بەڵام جارێکی تر هیچتان ئیتر بۆ ناگێڕمەوە، ئێوە بێحەیان. وتیان باشە خاڵە مەنووچەر گیان تۆ ئەمەمان بۆ بگێڕەوە ئیتر هیچی ترمان لە تۆ ناوێ. خاڵە مەنووچەر سەبیلێکی تری تێ کرد و وتی:

میری بـۆتـان نـەخـۆشـیـەکـی تـووش بـووبـوو هـەرچـی دوخـتـۆر و پیاوماقووڵی وڵات بوو کۆ بوونەوە نەیانزانی ئەم نەخۆشییە چییە و چۆن چار ئەکرێت. لەو دەورە عەلۆی بایز هەبوو پیاوێکی کۆنەساڵ و دنیادیدە بوو، گەلێ شتی بە سەر هاتبوو، دەستی پزیشکیشی هەبوو، ناوبانگی لە هەموو دنیادا دەرکردبوو. میر ناردی هێنایان و پرسی پێ کرد. عەلۆ نەختێ تەماشای سەر و چاو و زمانی میری کرد و لەپاشا وتی: پاشام سەلامەت بێ، دەردێکی وا نییە. من وا تێ ئەگەم کە میر لە ناو سکەوە لە تەنیشت ڕیخۆڵە کوێرەیەوە برینێکی دەرکردووە، کە ئەو برینە دەرگای بوو میر هیچ ئەلەمی تێدا نامێنێ.

ئەو وەختە وەکو ئێستا ئەم حەمەلیات و دوختۆر و موختۆرە نەبوو، ئەگەر یەکێ شتێکی تووش ببوایە بە داودەرمانی کوردی چاك ئەکرایەوە.

عەلۆ وتی دەرمانی ئەو برینەی میر پێکەنینە. ئەبێ ئەوەندە پێ بکەنێ

هەتا لەبەر پێکەنین دەرگای برینەکەی ئەبێ. ئەی دیارە ئەمەش هەروا بە خۆڕایی ناکرێ.

***

گیان خۆشەویستە، عەلۆیش قسەکەی نەختێ ئەچووە دڵەوە، مایەوە سەر ئەوە ئایا ئەمە، چ کارەساتێك بێت کە میر ئەوەندە بهێنێتە پێکەنین تا ئەو برینەی دەرگای ئەبێ؟ ڕۆژ بە ڕۆژ هەر لاوازتر و بێ پشووتر ئەبوو، چاری نەما هەستا بنە و بارگەی پێچایەوە و کەوتە گەڕان بە قەڵەمڕەوی وڵاتەکەی خۆیا.

گەڕا، گەڕا تا ڕێی کەوتە شاری هەولێر. ڕۆژێك خۆی بە تەنها هەستا و چووە بازاڕەوە، کەس نەیئەناسی. گەیشتە بەر دوکانی ماستفرۆشێك. تەماشای کرد کابرای ماستفرۆش لەسەر دەزگای خۆی دانیشتووە و مەیموونێکی جوانکەلانە لەولایەوە جنچکەی کردووە و بزەبزی چاوەکانی دێت. بزنێکیش لەولایەوە بە ڕیشێکی زلەوە وەستاوە هەر سەری ئەشەکێنێتەوە و ڕیشەکەی تەکەتەکی دێت. کوتوپڕ کابرای ماستفرۆش هەستا چوو بۆ مزگەوت و بە مەیموونەکەی وت ئاگات لە دوکانەکە بێت. مەیموونیش سەری بۆ دانەواند و فڕکەی کرد چوو لە شوێنەکەی دانیشت.

میر ئەم دیمەنەی زۆر بە لاوە سەیر بوو، بەرانبەر بە دوکانەکە ڕاوەستا و دەستی کرد بە سەیرکردن. تەماشای کرد هەر کە کابرای ماستفرۆش پشتی هەڵکرد مەیموونەکە هەستا و چووە سەر مەرکانەیە ماست، هەتا لە لووتی هاتەوە تێر و پڕ ماستی خوارد و مەڕکانە ماستی کز کرد. ئەو بەینە سەرخۆشی ماست خواردن بووبوو، کە تێری خوارد تەماشای کرد مەرکانە ماست شتێکی وای تێدا نەماوە. لە ترسی خاوەنەکەی زەنەقی چوو.

تۆزێ داما و میریش هەر سەیری ئەکا. تەماشا ئەکا وا مەیموونەکە

نقەنق باوەشی کرد بە مەڕکانەکەدا، هەرچەندە ئەکا بۆی نابزوێ، میریش نازانێ کە ئەمە، مەبەستی مەیموونەکە چییە؟ هەر ئەوەندەی زانی کە تەماشای کرد وا مەیموون مەڕکانە ماستی پێ هەڵناگیرێ بە پەلە چوو گوریسێك لەولاوە هەبوو، گوریسەکەی هێنا سەرێکی بەست بە ناوقەدی مەڕکانەکەوە و سەرەکەی تریشی بەست بە ناوقەدی خۆیەوە. بە هەر جڕەجڕێك بوو ڕایکێشا تا گەیاندیە بەردەمی بزنەکە. لەوێ گوریسەکەی لە خۆی و مەڕکانەکە کردەوە و تۆزێ ماستی هەڵگرت کردی بە دەم بزنەکەوە، لەپاشا سەری بزنەکەی خستە مەڕکانەکەوە. بزنم بزن بوو، هەموو سەروڕیشی خۆی پلکانە ماستەوە. ئەمە گوایە بە ناخێری گیانی ماست ئەخوا.

مەیموونەکەش کە ئیشی خۆی تەواو کرد هەڕای کردەوە سەر جێگەی خاوەنەکەی، دەستێکی هێنا بە دەمولێو و سەر و پۆتەڵاکی خۆیا، سا ئەگەر ماستێ، شتێکی پێوە بووایە هەمووی پاك کردەوە و قیت و قنج بۆ خۆی لێی دانیشتەوە.

زۆری پێ نەچوو خاوەنەکەی نوێژەکەی کرد و هاتەوە – ئەوا میر چاوی لێیە – کە تەماشای کرد مەڕکانە ماست نەماوە. چاوی پەڕییە تەوقەسەری. ڕووی کردە مەیموونەکە و وتی: کوا ماستەکە؟

مەیموونیش خێرا دەستی ڕاکێشا بۆ بزنەکە و خۆی گەیاندە سەری، دەستی برد سەروڕیشی بزنەکەی گرت– کە هەموو لە ماستا هەڵژەنرابوو– تێی گەیاند کە هەموو ئەم خواردوویەتی، ئەوە نییە هەمووی پلکاوە بە سەروگوێلاکیەوە.

بە خوا کابرای ماستفرۆش کە ئەمەی چاو پێ کەوت دارێکی هەڵگرت هاتە وێزەی پیرە بزن، کام لات پێشێ. ئەوەندەی لێ دا هەتا هەناسەی لە بەر بڕا. ئەوا مەیموونیش لەولاوە بۆ خۆی جنچکەی کردووە و بزەبزی

چاوی دێت.

کە میر ئەم کارەساتەی چاو پێ کەوت ئەوەندە پێکەنی هەتا برینەکەی دەرگای بوو و لە نەخۆشییەکەی ڕزگاری بوو.

***

خاڵۆ مەنووچەر نەفەسێکی تری دایەوە لە سەبیلەکەی و وتی: ڕۆڵەکانم!. ئەمە بوو بەزمی بزن و مەیموونەکە، یارییەکەی خەرامان و نەریمانیش لەمەی ئەکرد. دە هەستن بڕۆن ئیتر لە کۆڵم ببنەوە.

مناڵەکان ئەوەندە پێکەنین هێزیان تیا نەما. لەپاشا خەرامان وتی: نەریمان چاوت لێیە خاڵە مەنووچەر چیی بۆ گێڕاینەوە؟! تۆیش ئەتویست ئەو بەزمە بگێڕی، لات وا بوو کەس پێی نازانێ. کەچی ئەوا زوو دەرکەوت.

## ناواخن


عەلائوددین سەججادی: زانایەکی کلاسیك، پرۆژەیەکی فەرهەنگی ........................ ٥
چەند سەرنجێکی بەرایی ........................ ٥
سەججادی کێ بوو؟ ........................ ٦
سەججادیی ڕۆژنامەگەر ........................ ١٠
سەججادیی چیرۆکنووس ........................ ١٣
سەججادیی نووسەر و زانا ........................ ١٧
سێ شاکار و شاکارێك ........................ ٢٠
مێژووی ئەدەبی کوردی [چاپی یەکەم ١٩٥٢، چاپی دووەم ١٩٧١] ........................ ٢٢
ڕشتەی مرواری ........................ ٢٨
شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق [چاپی یەکەم ١٩٥٩]. ........................ ٣٣
هەمیشەبەهار [بەغدا ٢٦٦٠ ك–١٩٦٠م] ........................ ٣٥
پێنج چیرۆك و چیرۆکێك ........................ ٣٧
ئەدەبی منداڵان و لاوان ........................ ٥٤
ژیانێکی ئارام و ڕەنگدار ........................ ٥٩
پرۆژەیەکی فەرهەنگی ........................ ٦٠
ئەنجامگری ........................ ٦٥
سەرەتا ........................ ٧١
ڕۆنەزەنگی حەمەسەن ........................ ٧٣
لەپێناوی ئافرەتا ........................ ٨٦
کاڵای باڵای شا ........................ ٩٧

شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو ........ ١٠٦
بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟ ........ ١١٤
جەوهەراغا ........ ١٢١
ڕاوەژیشك ........ ١٣١
گورگ و بەرخەکە ........ ١٣٨
سێوەنگ و مام ڕێوی ........ ١٤٢
دوو براکە ........ ١٤٧
ڕێوییەکەی قەمچۆغە ........ ١٥٢
بزن و مەیموونەکە ........ ١٥٩